لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ
(کوردۆییڤ)

هەندێك بیر و باوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێران و پێشەکی
د. عەورەحمانی حاجی مارف

پیاچوونەوەی
د. کەمال مەزهەر

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد
بەغدا - ١٩٧٣

پێشەکی

خوێندەواری بەڕێز !

دەمێکە بە ئاواتەوەم کارە زانستیە گرنگەکانی مامۆستا قەناتی کوردۆ (کوردۆیێڤ) وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی ، بەڵام ئەم کارە ئاسان نییە ، چونکە ئەوەی ئەو نووسیوێتی بە ساڵ و دوو ساڵ و بە یەك کەس ناگۆڕرێنە سەر هیچ زمانێك و وا من ئەم هەنگاوەم ناوە کە هیوامە هەنگاوی تری لە دوا بێ .

ئەم نووسراوەی دەیخوێنیتەوە لە پێنج وتار پێکهاتووە کە بریتین لە ڕەخنەی زانستی لەو بیر و باوەڕە چەوت و ناڕاست و دوور لە زانیارییانەی لە بارەی زمان و مێژووی گەلی کوردەوە بڵاوکراونەتەوە . هەرچەندە وتاری یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٥٤ و وتاری دووهەمی لە ساڵی ١٩٥٥ دا بڵاوکراونەتەوە و بەم جۆرە ماوەیەکی زۆر بە سەر نووسینیاندا تێپەڕیوە ، بەڵام تاکو ئێستا نرخی خۆیان لەکیس نەداوە . وتاری سێیەم تەنها کورتەیەکی لە ساڵی ١٩٦٩ دا بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام ئێمە وامان بە پێویست

هەواڵنامەی کتێب

زانی کە دەستنوسەکەی وەرگێڕین نەك کورتەکەی و هەرچی وتاری چوارهەم و پێنجهەمیشە وا بۆ یەکەم جار بە کوردی چاپ دەکرێن و ئەوەش بێ گومان نرخێکی تایبەتییان پێ دەدا . تاقە هیوام ئەوەیە بەم کارەم توانیبێتم خزمەتێکی بچوك پێشکەش بە زانیاری گەلەکەمان بکەم و پڕ بە دڵ سوپاسی کۆڕی زانیاری کورد دەکەم کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی گرتە ئەستۆی خۆی .

* * * * * *

سەرنجێک لە کارە زانیاریێکانی مامۆستا قەناتی کوردۆ

هەواڵنامەی کتێب

تاکو ئێستا چەند وتارێك لە بارەی مێژوی زیانی پرۆفیسۆر ق . کوردۆوە بڵاوکراوەتەوە[1] . هەرچەندە ئەم جۆرە نوسینانە گەلێك پێویستن و بایەخی خۆیان هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بە لێکوڵینەوەیەکی زانستی دانانرێن . جا ئێمە لە بـــەر ئـــەو دۆ هۆیە و چەند هۆیەکی تر[2] بە پێویستی دەزانین زۆر بە کورتی لە کارە

(١) یەکێك لەو وتارانەی لە بارەی مێژوی ژیانی پرۆفیسۆر ق . کوردۆوە نوسراوە وتارەکەی د. مارف خەزنەدارە ، کە لە لاپەڕەی (٣٧ – ٤٤) ی ژمارە (١)ی گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » دا لە ژێر ناوی « زیانی کوردناس و زانایانی کوردی ئەوروپا » دا بڵاوی کردۆتەوە .

(٢) یەکێك لەو هۆیانە ئەوەیە کە کارە زانستیێکانی ق . کوردۆ ، وە پلەی بەرزی ئەو کارانە لە زوربەی خوێندەوارانی کورد ئاشکرا نین .

زانستێکانی ق . کوردۆ بکۆڵینەوە[٣] .

ژمارەی کارە زانستێکانی مامۆستا کوردۆ (وتار و نامیلکە و کتێب) لە (٨٠) تێپەڕ دەکات کە تاکو ئێستا نزیکەی (٦٠)یان لێ بڵاوکراونەتەوە و هەمویان لە بارەی زمان و مێژوو و ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆر و ئەدەبی گەلی کوردەوەن ، زوربەیان بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی تەرخان کراون ـ واتە نوسینی ڕێزمانی کوردی (تیۆری و پراکتیك) ، لێکۆڵینەوە لە زمانی گفتوگۆ و لە زمانی ئەدەبی ، بەراوردکردنی دیالێکتی کرمانجی ژوورو و خوارو ، دانانی فەرهەنگی کوردی ـ ڕوسی و ئەو بابەتانە .

لەم ڕووەوە مامۆستا ق. کوردۆ خزمەتێکی گەورە و شایانی زمانی کوردی کردووە و کوردناسانیش دانیان بەم ڕاستیەدا ناوە . ساڵی ١٩٤٩ مامۆستا کوردۆ کتێبێکی ڕێزمانی کوردی لە چاپدا[٤] و ساڵی ١٩٥٧یش بە زمانی ڕوسی کتێبێکی تری هەر لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە بڵاوکردەوە[٥] . گرنگی ئەم دو کتێبی ڕێزمانە تەنها لەوەدا نییە کە بۆ یەکەم جار لە سۆڤێت و لە مێژووی کوردناسیدا لە

(٣) زۆری کارە زانستێکانی مامۆستا کوردۆ ناچارمان دەکات لەم پێشەکیەدا زۆر بە کورتی لێیان بکۆڵینەوە ، ئەگینا لەوانەیە پێشەکیەکە لە ناوەڕۆکی کتێبەکە زیاتر دەربچێ .

(٤) ق . کوردۆ ، ڕێزمانی زمانی کوردی ، (بە زمانی کوردی) ، چاپی یەکەم ، یەریڤان ١٩٤٩ .

(٥) ق . کوردۆ ، ڕێزمانی زمانی کوردی ، (بە زمانی ڕوسی) مۆسکۆ ١٩٥٧ .

هەواڵنامەی کتێب

سەر شێوەیەکی زانستی کتێب لە بارەی زمانی کوردییەوە بڵاوبکرێتەوە ، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش توانرا لەم دوو کتێبەدا گەلێك کاری ئاڵۆز و نائاشکرا لە ڕێگایەکی زانستییەوە خاوبکرێتەوە و ئاشکرا بکرێ ، وەك : دۆزینەوەی نێر و مێ و دابەش کردنی ناو بە سەریاندا ؛ خاوکردنەوەی هەندێ ئاڵۆزی لە ڕەگی کردار و لە پێشگر و پاشگردا ؛ شێوەی کرداری (متعد transitive) لە کاتی ڕابوردوودا ؛ هەروەها گەلێك مەسەلەی گرنگی تر کە تا دەرچوونی ئەم دوو بەرهەمەی مامۆستا کوردۆ باش لێیان نەکۆڵرابۆوە .

بە سەرنج دانێك لەو وتارانە کە لە بارەی ئەم دوو کتێبە و لێکۆڵینەوەکانی تری ق . کوردۆوە لە لایەن کوردناسان و شارەزایانی سۆڤێت و دەرەوە نوسراون نرخی ئەو کارە زانستییانەمان بە باشی بۆ دەردەکەوێ . ئی . ئی . تسوکەرمان لە بارەی کتێبی یەکەمی ق . کوردۆوە نوسیویێتی دەڵێ : « سەرکەوتویی ئەم کتێبە لەوەدایە کە لە سەر ڕێگایەکی زانستی نوسراوە . ق . کوردۆ نەك تەنها لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە ، بەڵکو لە هەمان کاتدا ڕێگای لێکۆڵینەوە و فێربونیشی نیشان دەدات »(٦) . هەر ئی . ئی . تسوکەرمان لە پێشەکیی یەکێك لە کتێبەکانیدا ئەم بیرەی لە بارەی کتێبی دوەمی قەناتی کوردۆوە دەربڕیوە : « بێهاوتای ئەم کتێبەی ق . کوردۆ لەوەدایە کە یەکەمین کاری زانستییە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی زمانی

هەواڵنامەی کتێب

---

(٦) بڕوانە : کتێبی « کارەکانی ئامۆزگای زمانەوانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ب ٥ ، ل ٣٧ .

کوردیدا . هەروەها بێهاوتاتی لەوەشدایە کە سەرچاوە و کەرەستەی زۆری بەکار هێناوە و گەلێك کاری گرنگی نائاشـــکرای هەست پێنەکراوی ڕوَن کردۆتەوە »[٧] .

دوکتۆر باکایێفیش لە وتارێـکی تایبەتی خۆیدا بە درێژی ئـەو دوَ کتێبەی نرخاندوە[٨] . هەمان پسپۆڕ لە وتارێـکی تریدا لە بارەی ئەو دوَ کتێبەوە نوسیویتی دەڵێ : « لە چاپدانی دوَ کتێبی ڕێزمانی زمانی کوردی بە کوردی و بە ڕوَســـی پێشکەوتنێـکی گـەورەیە لە کوردناسیدا . نوسەری ئەم دوَ کتێبـە ق . کـوردۆی کوردناسی بەناوبانـگی سۆڤێتە . ئەم نوسراوانە چ لە ڕوَی زۆری بەکارهێنـانی کەرەستەی زمان و شێوەی داڕشتنێوە و چ لە ڕوَی لێـکۆڵینـەوەی فراوانـ و ورد و قوڵیەوە جیاوازی زۆرە لەگـەڵ هەموَ ئـــەو ڕێزمانانەی بـەر لەوان لە سـەر زمانی کوردی دانراون . بە باوەڕی ئێمە لەم دوَ کتێبەدا بۆ یەکەم جار تواناوە بە شێوەیەکی ڕاســـت (جگە لە چەند شوێنێك) لەو مەسەلانە بکۆڵرێتەوە کە زوَ لە هیچ ڕێزمانێـکی کوردیـدا باســـیان لێـوە نەکراوە . لە کتێبی ڕێزمانی ١٩٥٦ دا[٩] کە بۆ پۆلەکانی ٥ ـ ٨ ی قوتابخـانە کوردیـکان دانراوە

---

(٧) ئی . ئی . تســوکەرمان، ڕێزمانی زمانی کـوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ل ٢١ .

(٨) بڕوانــە : گۆڤاری « ڕۆژهەلاتناسـی ســۆڤێت » ، ١٩٥٨ ، ژ ٤ ، ل ١٧٨ ــ ١٨٠ .

(٩) ئەو کتێبی « ڕێزمانی زمانی کوردی » یەی لە ســاڵی ١٩٤٩ دا بلاو کرابەوە ، بۆ جاری دوەهەم لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە چاپ درابەوە ــ واتــە لێرەدا مەبەست چاپی دوەهەمە .

هەمو ئەو ناتەواویانەی لە چاپی یەکەمدا هەبون لابراون . کتێبی ڕێزمانی ساڵی ۱۹۵۷یش کە بە ڕوسی نوسراوە لە چوارچێوەی قوتابخانە دەرچوە و بە شێوەیەکی فراوانتر لە فۆنێتیك و مەرفولۆژیاو هەمو مەسەلەیەکی تری ڕێزمانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە ...»[10] .

کوردناسی بەناوبانگی فەرەنسی ڕۆژێ لیسکۆ لە وتاری «سەرنجێك لە کارە زمانەوانیەکانی سۆڤێت» دا [11] دەربارەی سێ نوسراوی کوردناسانی سۆڤێت دواوە کە لە ساڵی ۱۹۵۷ دا بڵاوکراونەتەوە . یەکێك لەو سێ نوسراوە کتێبی «ڕێزمانی زمانی کوردی» ی ق . کوردۆیە ، کە لە بارەیەوە نوسیویتی دەڵێ : «ئەو کارانەی زماناسانی سۆڤێت دەربارەی زمانی کوردی نوسیویانە نرخێکی ئێجگار گەورەیان هەیە ..... ق . کوردۆ لە کتێبی (ڕێزمانی زمانی کوردی) دا ئەنجامی ڕەنجی چەند ساڵەی لە لێکۆڵینەوەدا پێشکەش دەکا . بنچینەی لێکۆڵینەوەکانی بەراوردکردنی کەرەستەیەکی زۆری زمانە کە لە بەشە دیالێکتەکانی دیالێکتی کرمانجی ژورویی وەرگرتوە . بەکارهێنانی ئەو کەرەستە زۆرەی دانیشتوانی زوربەی هەرێمەکانی کرمانجی ژورو نوسەری لە لێکۆڵینەوەکەیدا سەرخستوە و کارێکی وای کردوە بگاتە ئەنجامی بە کەڵك»[12] .

---

(۱۰) ج . خ . باکایێف ، مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە ڕوسیا و یەکێتی سۆڤێت ، لە کتێبی «مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانیەکان» ، مۆسکۆ ۱۹٦۲ ، ل ۱۱٤ ـ ۱۱٦ .

(۱۱) Afrika et Asie , N 51 , Paris 1958.

(۱۲) هەمان سەرچاوە .

هەواڵنامەی کتێب

پاش ئەوەی رۆژێ لیسکۆ بە دوور و درێژی باسی ئەم کتێبەی ق . کوردۆ دەکات و چەند رەخنەیەکی بچوکی لێ دەگرێ ، ئینجا کۆتایی بە وتارەکەی بەم چەند وشەیە دەهێنێ : « ئەگەر ئێمە چەند رەخنەیەکمان لە کتێبەکەی ق . کوردۆ ـ زانای گەورەی پێشکەوتوی بە توانای سۆڤێت گرتبێ و لە چەند شوێنێکدا باوەڕمان جیاواز بێت ، ئەوە بۆ ئەوە نییە کە لە نرخی ئەو کارە گرنگە کەم بکەینەوە ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو کارە مەزنە کەم و کورتی تێدا نەمێنێ »[13] .

کوردناس تۆما بوا لە چەند وتارێکیدا دەربارەی ق . کوردۆ و کارەکانی و دەوری لە کوردناسیدا دواوە . رۆژهەڵاتناسی فەرەنسەیی ئا . بێنینگسین لە وتاری « کورد و کوردناسی لە سۆڤێت »دا[14] ، وە کوردناسی سۆڤێت دوکتۆر ئۆردیخانی جەلیل لەم وتارانەیدا : « گەنجینەیەکی بە نرخ لە کوردناسیدا »[15] و « کوردناسی بەناوبانگ »[16] و « کوردناسی بەتوانا »[17] ، هەروەها گەلێک

---

(١٣) هەمان سەرچاوە .

(١٤) L'ethnographie Reve de la Societe d'ethnographie de Paris 1963 , PP. 71 - 125.

(١٥) بڕوانە : رۆژنامەی « کۆمۆنیست » (بە زمانی روسی) ، بەریڤان ١٩٦٣/٥/١٦ .

(١٦) بڕوانە : رۆژنامەی « ئەفەنگارد » (بە زمانی ئەرمەنی) ، بەریڤان ١٩٦٩/١٠/٢٥ .

(١٧) بڕوانە : رۆژنامەی « رێیا تازە » (بە زمانی کوردی) ، بەریڤان ١٩٦٩/٩/١٢ .

زاناى تر باسى كارە زانستييەكانى ق . كوردۆيان كردوە .

هەرچەندە ئەو دوَ كتێبى ڕێزمانە كە لە سـەر شـێوەيەكى زانستى و كەرەستەيەكى فراوان نوسراون و كەم و كورتييان زۆر كەمە ، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هەر جارێك كە لە چاپ دەدرێنەوە دانەرەكەيان گەلێك فراوانتريان دەكات و بە شـێوەيەكى جوانتر و راستتر دايان دەڕێژێتەوە ، لەبەر ئەوە چاپى يەكەمى « ڕێزمانى زمانى كوردى » كە لە ساڵى ١٩٤٩دا دەرچـووە گەلێك جياوازى لەگەڵ چاپى چوارەميدا هەيە[١٨] . ئەو چوار چاپەى ئەو كتێبە كە بـە زمانى كوردى دەرچـوون دەورێكى گەورەيان لە ناو قـوتابخانە كوردييەكانى ئەرمەنستانى سۆڤێتدا بينيوە . مامۆستايانى زمانى كوردى ئـەو قوتابخانانە زۆر بايەخيان داوە بـە كتێبەكانى ق . كوردۆ بەتايبەتى چونكە بە شێوەيەكى ئاسان و رەوان نوسراون . نوسەر لەم كتێبانەيدا گەلێك زاراوى جـوانى بەكارهێناوە ، وەك : جـێناف « ضمير » ، تەواندى « غير مباشر » .... هتد . بەلاَم بەداخەوە لە بەكارهێنانى هەندێ زاراودا وابزانم زۆر سەركەوتو نييە ، وەك : بۆ زاراوى (تلفظ) چوە (لێوكردن)ى بەكارهێناوە . راسـتە بـۆ (تلفظ) كردنى زۆر دەنگ (لێو) دەورێـكى گرنگ دەبينێ ، بـەلاَم دەنگيش هەن كە بە هاوبەشى زمان و دان دەردەبڕدرێن . هەروەها

---

(١٨) كتێبى « ڕێزمانى زمانى كوردى » كـە بە زمانـى كوردى نوسراوە و لە ساڵى ١٩٤٩دا لە يەريفان لە چاپدراوە ، تاكو ئێستا چوار جار ـ لە سالاَنـى ١٩٤٩ ، ١٩٥٦ ، ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا لە چاپدراوەتەوە .

لە بریتی (دەنگ) ـ «صوت» ی بەکارهێناوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە (دەنگ) لە کوردیدا دەمێکە چەسپاوە و پڕ بە پێستی خۆیەتی .

هەرچەندە زوربەی لێکۆڵینەوەکانی ناوەڕۆکی ئەو کتێبانەی ق . کوردۆ دەربارەی (فۆنێتیك و مەرفۆلۆژیا و سینتکسیس) ن ، کە گرنگترین بەشن لە لێکۆڵینەوەی زماندا ، بەڵام لە هەمان کاتدا مامۆستا لە چۆنیەتی دروست بونی و دارشتنی وشە «اشتقاق ، تکوین الکلمات Word - Building » یشەوە گەلێك وتاری نوسیوە ، وەك : «دروست بونی کرداری بارگران لە زمانی کوردیدا» [19] ؛ «دروست بونی وشە لە زمانی کوردیدا» [20] ؛ «مانا و فرمانی پاشگری ـ ك ـ (ەکە) لە زمانی کوردیدا» [21] ؛ «پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا» [22] .... هتد . لەم وتارانەدا هەموو ئەو رێگایانە دیارکراون کە لە زمانی کوردیدا وشەیان پێ دروست دەکرێت . ناوەڕۆکی ئەم وتارانە بە شێوەیەکی کورت و پێویست لە چاپی چوارەمی کتێبی «رێزمانی زمانی کوردی» دا

(١٩) کورتەی نامەی دوکتۆری مامۆستا کوردۆ ، لینینگراد ١٩٤١ .

(٢٠) بڕوانە کتێبی «رێزمان و مێژوی زمانەکانی رۆژهەلات» ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ١٩٥٨ ، ل ١٠٩ ـ ١٤٢ .

(٢١) بڕوانە کتێبی «لێکۆڵینەوە لە مێژوی کولتوری گەلانی رۆژهەلات» ، بۆ بیرەوەری ئەکادیمی ئی . ئا . ئۆربیلی ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ١٩٦٠ ، ل ٣٦١ ـ ٣٦٨ .

(٢٢) بڕوانە کتێبی «کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای گەلانی ئاسیا» ، ١٩٦٣ ، ژ ٦٧ ، ل ٣٢ ـ ٣٣ .

بڵاوکراوەتەوە .

پاش ئەوەی ق. کوردۆ دەربارەی ڕێزمانی زمانی کوردی گەلێك وتار و نامیلکە و کتێبی بڵاوکردەوە ، ئینجا لە ساڵانی پەنجادا دەستی‌کرد بە دانانی فەرهەنگێکی کوردی (دیالێکتی کرمانجی ژوورو) - روسی و ساڵی ١٩٦٠ ئەم فەرهەنگە کە بەرهەمی رەنجی چەند ساڵەی بوو لە چاپدرا (٢٣) . دانانی ئەم فەرهەنگە دەستکەوتێکی گەورەیە لە کاری فەرهەنگ نووسی کوردیدا و هەر لە بەر ئەوەشە کە شوێنێکی بەرزی لە مێژووی فەرهەنگ نووسینماندا وەگرتووە .

نووسەر هەوڵێکی زۆری داوە بۆ کۆکردنەوەی وشە و گەلێك سەرچاوەی هەمە جۆری بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێناوە و وشەی لە زوربەی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی ژوورو (وە کەمێك لە کرمانجی خوارو) دەرهێناوە و بەم جۆرە توانیویتی دەور و بەری ٣٤ هەزار وشەیەك کۆبکاتەوە کە بەشێکی زۆری وشەکانی دیالێکتی کرمانجی ژوورو پێك‌دەهێنن و ئەمەش یەکێکە لە هۆی سەرکەوتویی فەرهەنگەکە کە کەلێنێکی گەورەی لەم مەیدانەدا پڕکردۆتەوە و هەموو کرمانجی ژوورو (تا رادەیەك کرمانجی خوارووش) گەر پێویستیان بە فەرهەنگی کوردی - روسی بێت ئەوە بە باشی و بە ئاسانی دەتوانن لەم فەرهەنگە کەڵك وەربگرن . ق . کوردۆ ئەم فەرهەنگەی بە پیتی لاتینی لە چاپداوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی قاڵب و دەنگی

---

(٢٣) ق . کوردۆ ، فەرهەنگی کوردی - روسی ، مۆسکۆ ١٩٦٠ .

وشە کوردیەکان وەك خۆیان بهێننەوە .

مامۆستا کوردۆ لە چۆنیەتی وەرگێڕان و لێکدانەوەی مانای وشەکانی فەرهەنگەکەیدا لە هەمان کاتدا هونەرێکی بەرزی نواندوە و بە زمانێکی رەوان و ئاسان ، بە وشەی بەرانبەری پڕ بە پێستی خۆی شەرحی وشەکانی کردوە و مانایانی لێکداوەتەوە و هەر وشەیەك چەند مانای هەبێت هەمو ماناکانی بە رۆسی نوسیوە ، بەمە و هەروەها بە هێنانەوەی گەلێك پەندی پێشینان و قسەی نەستەق توانیویتی دەوڵەمەندی زمانی کوردی نیشان بدا . لە لایەکی ترەوە مامۆستا کوردۆ زۆربەی وشەکانی فەرهەنگەکەی خستۆتە رستەوە و وەری گێڕاون بۆ رۆسی و لەم رێگەیەوە تێگەیشتن و بەکارهێنانی وشەکانی ئاسان کردوە ؛ خۆ گەر وشەیەکی کوردی لە رۆسیدا بەرانبەری نەبێ ، ئەوە بە شەرحێکی کورت و ئاشکرا مانای ئەو وشەیەی داوە بە دەستەوە .

زۆر وشە هەن لە کوردیدا خاوەنی یەك مانان ، بەڵام لە شێوەی فۆنێتیکیاندا تۆزێك جیاوازي هەیە . ق . کوردۆ بە پێی توانا و بە گوێرەی جیاوازی شێوەی فۆنێتیك ئەو وشانەی داناوە ، وەك : (ئامانج ـ ئارمانج) ، (ئاڤاز ـ ئاواز) ، (ئالی ـ ئاری) ، (ئەرزان ـ ئارزان ـ هەرزان) .... هتد . بێشك ئەمەش یەکێکە لە روە گرنگەکانی فەرهەنگەکە .

لێرەدا پێویستە سەرنجیش بۆ ئەوە رابکێشین کە وا مامۆستا کوردۆ لە بریتی پێشەکی بە رۆسی (ل٦ ـ ١٤) و بە کوردی

(ل ١٥ ـ ٢٤) بە کورتی باسی هەموو ئەو فەرهەنگە کوردییانەی کردوە کە لە پێش فەرهەنگەکەی ئەودا دەرچوون و بێگومان ئەمەش کەڵکی بۆ نووسینەوەی مێژووی فەرهەنگ نووسی کوردی زۆرە. هەروەها دانەر لە پەنجا و حەوت لاپەڕەی کۆتایی فەرهەنگەکەیدا بە کورتی لە ڕێزمانی زمانی کوردیش دواوە و ئەم بەشەش بە تەواوی بە فەرهەنگەکە خۆیەوە بەستراوە و کەڵکی زۆرە بۆ بەکارهێنانی و بۆ فێربوونی زمانی کوردی.

سەرەڕای ئەمانە هەموو کەلێك ڕووی تری گرنگ لە فەرهەنگەکەی مامۆستا قەناتی کوردۆدا بەدی دەکرێ، هەرچەندە ئەمەش وا ناگەیێنی کە ئەو فەرهەنگەکەم و کورتی تێدا نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە کەم و کورتییەکانی لە نرخی بەرزی کەم ناکەنەوە[٢٤] بەتایبەتی ئەگەر بێتو ئەوەش لە یاد نەکەین کە وا مامۆستا ق. کوردۆ سوودی لە تەجروبەی فەرهەنگ نووسانی کورد و ئەورووپا وەرگرتوە و ئەمەش بوە بە هۆی سەرکەوتنی فەرهەنگەکە و بە هۆی نووسینی لە سەر ڕێگایەکی زانستی. بەم جۆرە ئەم فەرهەنگە بە یەکێك لە فەرهەنگە بەرزەکانی کوردی دەژمێررێت و تەنانەت ئی. ئی. تسوکەرمان دەڵێ: « گەورەترین نووسراوی زانستییە لە کاری

(٢٤) هەر وەك لە سەرەوە وتمان لەم پێشەکییەدا توانای ئەوەمان نییە بە دوور و درێژی لە کارە زانستییەکانی ق. کوردۆ بکۆڵینەوە. جا هەر لەبەر ئەوەشە کە لە بارەی ئەم فەرهەنگەوە بە کورتی چەند شتێکمان نووسیوە. دەربارەی ئەم فەرهەنگە باسێکی تایبەتیمان هەیە، هیوادارم بەم زووانە بە چەند وتارێکی تایبەتی بیخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێز.

کوردناسی سۆڤێتدا »(٢٥) .

ق . کوردۆ تا ساڵی ١٩٥٠ تەنها بە لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کرمانجی ژۆرۆەوە خەریك بۆ ، بەڵام لە پاش ساڵی ١٩٥٠وە کەوتە فێربۆن و لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کرمانجی خوارۆش و ئەمەش زیاتر یارمەتی‌دا کە بتوانی قوڵتر لە زمانی کوردی بکۆڵێتەوە . ئەوە بۆ لە ماوەیەکی کورتدا توانی گەلێك لێکۆڵینەوە دەربارەی بەراوردکردنی رێزمانی هەر دۆ دیالێکتی کوردی (کرمانجی ژۆرۆ و خوارۆ) بڵاوبکاتەوە ، وەك : « دەربارەی رێزمانی زمانی کوردی »(٢٦) ؛ « تصریفی کرداری (متعد transitive) لە زمانی کوردیدا » (لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کرمانجی ژۆرۆ و خوارۆ)(٢٧) ؛ « جێ‌ناوی لکاو (enclitie) لە زمانی کوردیدا »(٢٨) ..... وە لە ساڵی ١٩٦٥دا کتێبێکی لە چاپدا لە ژێر ناوی « بەراوردکردنی رێزمانی دیالێکتەکانی کوردی » (کرمانجی

(٢٥) ئی . ئی . تسوکەرمان ، رێزمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ١٩٦٢ ، ل ٣٥ .

(٢٦) ق . کوردۆ ، دەربارەی رێزمانی زمانی کوردی ، (بە زمانی رۆسی) ، مۆسکۆ ١٩٦٠ .

(٢٧) بڕوانە کتێبی « وتاری نوێنەرانی سۆڤێت لە کۆنگرەی بیست و چوارەمی رۆژهەڵاتناساندا » ، مۆسکۆ ١٩٦٠ ، ل ٩ .

(٢٨) بڕوانە کتێبی « نوسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژۆی کولتوری گەلانی رۆژهەڵات » ، لینینگراد ١٩٦٥ ، ل ٥٦ ـ ٥٧ .

ژۆرۆ و خوارۆ)[٢٩] کە بریتیە لە کورتەی نامەی دوکتۆریکەی کە دەتوانرێ بە یەکەمین لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی بەراوردکردنی دیالێکتەکانی کوردی دابنرێت ، ئەویش نەك تەنها لەبەر ئەوەی لەم رووەوە لێکۆڵینەوە زۆر کەمە ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە تاکو ئێستا هیچ کوردناسێکی تر نەیتوانیوە بەو شێوە زانستییە لەو باسە گرنگە بکۆڵێتەوە و ئەوەندە کەرەستە بە شێوەیەکی وا راست و گونجاو بەکار بهێنێ .

مەبەستە هەرە گرنگەکانی ئەم بەرهەمە زانستییەی کوردۆ بریتین لە دەرخستنی یەکێتی و لە یەکچوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و دیارکردنی هۆ مێژوویەکانی ئەو جیاوازییە کەمانەی لە نێوانیاندا هەن لە گەڵ نیشاندانی رادەی دەولەمەندێتی و پێشکەوتنی ئەم زمانە .

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتوە : پێشەکی ، فۆنێتیك ، مەرفۆلۆژیا .

نوسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی هەموو ئەو نوسراوانە دەکات کە لەسەر رێزمانی زمانی کوردی دانراون و کەم و کورتێکانی دەستنیشان کردوون و ئەمەش ئەرکی لێکۆڵینەوەکەی ئاسانتر کردوە .

لە بەشی « فۆنێتیك » دا ـ بە کورتی باسی هەموو دەنگەکانی

---

(٢٩) ق . کوردۆ ، بەراوردکردنی رێزمانی دیالێکتەکانی کوردی ، (کرمانجی ژۆرۆ و خوارۆ) ، مۆسکۆ ١٩٦٥ ، ٨١ ل (کورتەی نامەی دوکتۆری) .

زمانی کوردیی کردوە و ئەو جیاوازییانەی هەستی پێکردوون نیشانی داون و هۆی پەیدابوونیانی دەرخستوە .

لە بەشی « مەرفۆلۆژیا »دا ـ باسی هەموو بەشەکانی (ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو ، کردار.....ی) کردوە و بە تەواوی هەموو لێکچوونی نیشان داوە و دەری خستووە کە چۆن هەر دوو دیالێکتی کوردیی خاوەنی یەك ڕێزمانن و لەم ڕێگەیەوە توانیویتی ئەو بیرە ناڕاستانە بە درۆ بخاتەوە کە هەر دیالێکتێکی کوردیی بە زمانێکی تایبەتی دادەنێن ، یا بە دوور لە یەکتر لە قەڵەمیان دەدەن .

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە گرنگییەکی زۆریان بۆ نزیکخستنەوەی دیالێکتەکانی کوردیی و بۆ دانانی یەك یاسا لە ڕێزماندا و بۆ پێشخستنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیی هەیە .

وەك وتمان ئەم کتێبە کورتەی نامەی دوکتۆرێکەیەتی ، وە هەر لەبەر ئەوەشە کە گشت سوچێکی زمانی کوردیی نەگرتۆتەوە . بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨دا لە نوسینی نامەی دوکتۆرێکەی بووەوە و شەهادەی دوکتۆری علومی وەرگرت . نامەی دوکتۆرێکەی نزیکەی (٦٠٠) لاپەڕە دەبێ و ئێستا لە ژێر چاپدایە . بێگومان وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە زانستییە گرنگە بۆ سەر زمانی کوردیی کارێکی پێویستە ، چونکە لەو باوەڕەداین یارمەتی شارەزایانی کورد بدات بۆ چارەسەرکردنی گەلێك لەو گیر و گرفتانەی لە ڕێگای زمانەکەماندا هەن .

قەناتی کوردۆ تەنها بە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردییەوە خەریك

نەبووە ، بەڵکو گەلێك بەرهەمی زانستیشی لە بارەی ئـەدەب و فۆلکلۆر و مێژووی کوردەوە بـڵاوکردۆتـەوە ، وەك : « قـەڵای دمدم ـ داستانی قارەمانێتی کورد »[٣٠] ؛ « سیڤا ئاجی ـ داستانی رۆمانتیکی کوردی »[٣١] ؛ « چەند بەرهەمێکی فۆلکلۆری کوردی » (بە هاوکاری ئی. ئی. تسوکەرمان)[٣٢] . جگە لەم باسانە و گەلێکی تر مامۆستا کوردۆ لە گەڵ دوکتۆرە م. ب. رودێنکۆدا هەندێك پەندی پێشینانی کوردیان وەرگێڕاوەتە سـەر زمانی رۆسـی و بڵاویان کردۆتەوە ؛ هـەروەها لەگەڵ م. ب رودێنکۆدا کتێبێکی گەورەشیان بە جوتە نوسـیوە کە بریتییە لە بەرهـەمی جیاوازی فۆلکلۆری کوردی و وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی رۆسی ـ واتە ئەم کتێبە بە کوردی و رۆسییە ، وە ئێستا لە ژێر چاپدایە و رەنگە بەم زوانە دەربچێ . کوردۆ لەم نوسـراوانەیدا لە ئـەدەبی فۆلکلۆری کوردی کۆڵیوەتـەوە و داوا دەکا کە بێوچان و بێدواخستن بەرهـەمی فۆلکلۆر کە سامانێکی گەورەی ئـەدەبی میللەتەکەمانە کۆبکرێتەوە و لە مەترسی لە ناوچوون رزگار بکرێت .

مامۆستا ق. کوردۆ سەرەڕای ئەوەی خۆی خەریك بووە بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی فۆلکلۆر و ئەدەبی کلاسیکی کوردییەوە ، گەلێك یارمەتی کوردناسانی سۆڤێتیشی داوە و رابەری

---

(٣٠) « چیرۆك و گۆرانی داستانی کوردی » ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

(٣١) هەمان سـەرچاوە .

(٣٢) « زمانە ئێرانیەکان » ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ١٩٥٠ ، ب ٢ .

کارەکانیانی کردووە و لە سەرپەرشتی کردنی ئەم کارانەدا : « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانی ؛ « شێخی سەنعان »ی فەقێ تەیران ؛ « لەیل و مەجنون »ی حارسی بتلیسی و چەند کارێکی تری لەم بابەتەدا دەستێکی بالای هەبوە .

ئەرکی ق. کوردۆ لە خزمەت کردنی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیدا تەنها بە رابەری و سەرپەرشتی و یارمەتییەوە نەوەستاوە ، بەڵکو شان بەشانی ئەوانە هەندێ وتاری گرنگیشی لە بارەی ئەدەبی کوردەوە بڵاوکردۆتەوە ، وەك : بیر و باوەڕی قارەمانێتی لە بەرهەمی ئەدەبی ئەحمەدی خانیدا »[33] ؛ « لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی لە عیراقدا »[34] ؛ « یەکێتی سۆڤێت لە ئەدەبی کوردی دەرەوەدا »[35] ؛ « کوردی سۆڤێت لە ئەدەبی کوردی دەرەوەدا »[36] و چەند وتارێکی تری بەنرخ کە زۆر ڕوی ڕاستەقینەی ئەدەبی کۆن و نوێی کوردیان

(۳۳) پێشەکی بۆ کتێبی : م. ب. رودێنکۆ « مەم و زینی ئەحمەدی خانی » ، مۆسکۆ ۱۹٦۲ ، هەروەها بڕوانە : ڕۆژنامەی « چیا » ، ۱۹٦۹ ، ژ ۷ .

(۳٤) لە بەرهەمەکانی مامۆستایان : عەلادین سەجادی و ڕەفیق حیلمی لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە دواوە و بە درێژی باسی بایەخ و نرخیانی بۆ کوردناسانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا کردوە .

(۳٥) لە کتێبی « کورتەی وتارەکانی کۆنگرەی زانستی فیلۆلۆژی ئێرانناسی » ، ۱۹٤۸ ، ل ٤٥ ـ ٤٦ .

(۳٦) لە کتێبی « نامەی زانایانی زانکۆی لینینگراد » ، ۱۹٥۲ ، ژ ۱۲۸ ، ل ۱۳٦ ـ ۱٤ .

له قالبێکی زانستیدا خستۆته بەر چاو .

مامۆستا ق. کوردۆ له لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافیای میللەتی کوردیشدا دەستی هەیە . سەرنجێك لەو وتار و لێکۆڵینەوانەی کە لە بارەی خ. ئابۆڤیان و پ لیزخ و ئەمینی عەڤدال و گەلێك زانای تر و بەرهەمەکانیان بڵاوی کردۆنەتەوە ئەم راستیە دەردەخات . یەکێك لە بەرهەمە زانستییە گرنگەکانی مامۆستا کوردۆ لەم مەیدانەدا ئەو وتارەیەتی کە لە ژێر ناوی « کورد »دا بڵاوی کردۆتەوە و تێیدا بە گشتی لە ژیانی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و پیشە و زمان و ئەدەب و نەژاد و دروستبوون و پەرەسەندنی بزوتنەوەی ئازادی نەتەوەیی گەلی کورد دواوە[٣٧]. ئەم وتارە کورتەی کتێبێکی گەورەیە کە خاوەنەکەی ئامادەی کردوە بۆ چاپ .

لە هەمان کاتدا ق. کوردۆ خاوەنی گەلێك لێکۆڵینەوەیە لە بارەی مێژوی کوردناسی رۆس و سۆڤێت و دەستکەوتە زانستیەکانیانەوە ، وەك : « لە بابەت پێشکەوتنی کوردناسی سۆڤێتەوە »[٣٨] ؛ « کارەکانی پ. ئی. لێرخ لە بابەت کوردناسییەوە »[٣٩] ؛ « خ. ئابۆڤیان وەکو کوردناس و

---

(٣٧) لە کتێبی « میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراست » ، مۆسکۆ ١٩٥٧ ، ل ٢٤٢ – ٢٦٠ .

(٣٨) « نامەی زانایانی ئامۆژگای رۆژهەلاتناسی » ، ١٩٦٠ ، ب ٢٥ ، ل ٥٧ – ٦٧ .

(٣٩) بڕوانە کتێبی « لە بارەی مێژوی رۆژهەلاتناسی رۆسەوە » ، مۆسکۆ ١٩٥٩ ، ب ٢٤ ، ل ٣٩ – ٥١ .

ئەتنۆگراف »[٤٠] ؛ « خ. ئابۆڤیان — زانا و کوردناس »[٤١] ؛ « ئا. ئۆربیلی وەکو کورداس »[٤٢] ؛ « کارەکانی ئەمینی عەڤدال لە بارەی ئەتنۆگرافیای کوردەوە »[٤٣] . . هتد

لەم وتارانەدا مامۆستا ق. کوردۆ نیشانیداوە کە چۆن کوردناسی ڕوس و سۆڤیێت لە لێکۆڵینەوەی مێژوو و ئەتنۆگرافیا و زمان و ئەدەبی گەلی کورددا شوێنێکی بەرز و دیاری لە ڕۆژهەڵاتناسیدا هەیە . هەروەها ئەوەشی دەرخستوە کە چون خ. ئابۆڤیان و پ. لێرخ و ئا. ژابا و س. یەگیزاروۆف و ئی. ئۆربیلی و گەلێکی تر لە زانایانی ڕوس و سۆڤیێت دڵسۆزانە هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی زانستی دەوڵەمەندی و سەربەخۆیی زمان و ئەدەبی کوردی و شوێنی کورد لە مێژووی جیهاندا دەربخەن کە ئەمەش بێگومان بایەخێکی گەورەی لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتناسیدا هەیە .

یەکێك لە رووە هەرە گرنگەکانی چالاکی مامۆستا کوردۆ لە مەیدانی کوردناسیدا ئەوەیە کە هەوڵی داوە بە پێی توانا هەمو

---

(٤٠) « هەواڵی ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستانی سۆڤیێت » ، مۆسکۆ ١٩٥٥ ، ژ ١٠ ، ل ٨٩ — ٩٨ .

(٤١) بڕوانە کتێبی « لە بارەی مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسەوە » ، مۆسکۆ ١٩٥٥ ، ب ٢ ، ل ٣٦٠ — ٣٨٠ .

(٤٢) ئامادە کراوە بۆ چاپ .

(٤٣) بڕوانە کتێبی « نوسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی ڕۆشنبیری گەلانی ڕۆژهەڵات » ، مۆسکۆ ١٩٧٠ ، ل ٥٤ — ٥٧ .

هەواڵنامەی کتێب

لقەکانی دەوڵەمەند بکا و چاوی لە هیچ هەڵەیەکی زانستی نەپۆشیوە ، بۆیەکا دڵسۆزانە تەنانەت هاتۆتە مەیدانی مێژوناسیشەوە و چەند وتارێکی لە بارەی مێژوی گەلی کورد و مێژوی زمانەکەیەوە بڵاوکردۆتەوە ، وەك : « شێواندنی مێژوی کورد لە زانستی مێژوی بۆرجوازی فارسدا »[٤٤] ؛ « رەخنە لە بیر و باوەڕی هەڵە بەرامبەر بە زمانی کوردی »[٤٥] ؛ « شی کردنەوەی بەڵگەکانی گزنەفۆن لە بارەی کاردوخەکانەوە »[٤٦] ؛ « چەند تێبینی‌یەك لە سەر کتێبەکەی ڤیلچێڤسکی »[٤٧] ، « سەرنجێك لە نامەی دوکتۆرێکەی ئاکۆپۆڤ (رەخنەی مێژوی لە مەسەلەی نەژادی کورددا) »[٤٨] .... هتد .

مامۆستا کوردۆ لەم کۆمەڵە وتارەیدا لە سەر بنچینەیەکی زانستی رەوت و بە یارمەتی گەلێك بەڵگەی مێژوی گرنگ رەخنە لەو بیر و را هەڵە و ناڕاستانە دەگرێت کە دەربارەی زمان و مێژوی

هەواڵنامەی کتێب

---

(٤٤) بڕوانە کتێبی « نامەی زانایانی زانکۆی لینینگراد » ، ١٩٥٤ ، ژ ١٧٩ ، ل ١٢٠ ـ ١٢٧ .

(٤٥) بڕوانە « کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٥ ، ب ١٧ ، ل ٤٣ ـ ٦١ .

(٤٦) بڕوانە کتێبی « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی زانستی ئێراناسی » (بۆ یادی شەست ساڵەی پروفیسۆر ن. ئا. بۆڵدرێف) ، مۆسکۆ ١٩٦٩ ، ل ٢٥ ـ ٢٨ .

(٤٧) ئامادە کراوە بۆ چاپ .

(٤٨) ئامادە کراوە بۆ چاپ .

گەلی کورد کراون . وردبوونەوە لەو وتارە بەرخانەی کوردۆ کە هەندێکیان لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە رادەی دڵسۆزی و بەرزی پایەی زانستی خاوەنیان بە ئاشکرا دەخەنە بەرچاو . ئەم وتارانە لە راستیدا کەلێنێکی باشیان لە کوردناسی سۆڤێتدا پڕکردۆتەوە .

مامۆستا کوردۆ لە هەندێك لە وتار و بەرهەمەکانیدا هەوڵی داوە ئەرکی گرنگی سەر شانی کوردناسان و رێگەی گەشە کردنی کوردناسی دیار بکا ، بە وێنە لە کۆتایی وتاری « رەخنە لە بیر و باوەڕی هەڵە بەرامبەر بە زمانی کوردی »دا نوسەر باسی گرنگی و بایەخی چەند لێکۆڵینەوەیەکی کردوە کە لە ماوەی ئەم پازدە ساڵەی دوایدا خۆی بەشی هەرە زۆریانی جێ بەجێ کردوە . ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی گرنگی تری بە پەرۆشی مامۆستا کوردۆیە کە هەر « دەرس داناوات » ، بەڵکو بەر لە هەموان خۆی بە لێپرسراویش دادەنی[49] . هەر بەو هەستەوە خۆی دەهاوێتە گێژاوی لێکۆڵینەوەی زەحمەترین و کەم زانراوترین باس . هیچ دوور نەڕۆین ئەوە ماوەیەکە دەستی کردوە بە لێکۆڵینەوە لە زازا و نوسراوە ئاینیەکانی کوردە یەزیدیەکان کە بێگومان هەر دووکیان بایەخێکی زۆریان بۆ کوردناسی هەیە . مامۆستا کوردۆ لە چەند کۆبوونەوەیەکی زانستیدا لە بارەی ئەم مەسەلانەوە وتاری پێشکەش کردووە و تیایاندا دژی ئەو بیر و باوەڕانە وەستاوە کە زازا و

(٤٩) بڕوانە : لیستەی کارە زانستیەکانی ق. کوردۆ ، کە لە کۆتایی ئەم پێشەکیەدا نوسراون .

یەزیدی بە کورد دانائێن و لەم بارەیەوە گەلێك بەڵگەی مێژوویی و زمانەوانی نوێی و گرنگی داوە بە دەستەوە .

وەك لە سەرەوە وتمان لەم چەند لاپەڕەیەدا توانای ئەوە نییە بە درێژی لە کارە زانستێکانی ق. کوردۆ بدوێین ، بۆیەکا هەوڵمان دا تەنها هەندێك ڕوی گرنگی چالاکیکانی مامۆستا کوردۆ لە مەیدانی کوردناسیدا بخەینە بەرچاو ، بۆ ئەوەی خوێندەواری کوردی خۆشەویست مامۆستای بەڕێزمان وەك زاناش بناسی . هەر بۆ ئەم مەبەستەش وا لە خوارەوە لیستەی ناوی کارە زانستێکانی مامۆستا قەناتی کوردۆ بڵاو دەکەینەوە :

هەواڵنامەی کتێب

بەرهەمە چاپکراوەکانی :

١ــ ئیزافە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « شۆڕش و نوسین » ، مۆسکۆ ١٩٣٣ ، ژ ١ ، ل ٤١ ــ ٥٦ (بە هاوکاری ئی. ئی. تسوکەرمان و عەرەبی شەمۆ) .

٢ــ نێر و مێ لە زمانی کوردیدا ، کتێبی « نوسین و شۆڕش » ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ــ ١٩٢٣ ، ژ ١ ، ل ١٧٩ ــ ١٨٠ (بە هاوکاری ئی. ئی. تسوکەرمان و عەرەبی شەمۆ) .

٣ــ لە بارەی زمانی ئەدەبی کوردی ئەرمەنستانەوە ، ڕۆژنامەی « ڕێیا تازە » ، یەریڤان ١٩٣٣ ، ژ ٣١ .

٤— چەند وشـەیەك دەربارەی فەرھەنگی ئەرمەنی ـ كوردی ، رۆژنامەی « رێیا تازە » ، یەریڤان ۱۹۳۳ ، ژ ۳۱ .

٥— یاسای نوسین لە زمانی كوردیدا ، رۆژنامەی « رێیا تازە » ، یەریڤان ۱۹۳۳ ، ژ ۳۳ .

٦— رەخنە لە « رێزمانی زمانی كوردی » ـ خاچاتۆریان ، رۆژنامەی « رێیا تازە » ، یەریڤان ۱۹۳۳ ، ژ ۳٥ ـ ۳٦ .

۷— لە بارەی پێشكەوتنی زمانی كوردییەوە ، رۆژنامەی «رێیا تازە» یەریڤان ۱۹۳٤ ، ژ ٦۸ .

۸— یەكـێتی سـۆڤێت لە ئەدەبی كوردی دەرەوەدا ، « كورتەی وتارەكانی كۆنگرەی زانسـتی فیلۆلۆژی » ، ۱۹٤۸ ، ل ٤٥ ـ ٤٦ .

۹ — كـتێبی رێزمـانـی زمانی كوردی ، (بە زمانی كوردی) ، یەریڤان ۱۹٤۹ .

۱۰— چەند بەرھەمێكی فۆلكلۆری كوردی ، « زمانە ئێرانیێكان ، مۆسكۆ ـ لێنینگراد ۱۹٥۰ ، ب ۲ (بە ھاوكاری ئـی. ئـی. تسوكەرمان) ، (بە كوردی و رۆسـی) .

۱۱— كوردی سۆڤێت لە ئەدەبـی كوردی دەرەوەدا ، « نامەی زانایانی زانكۆی لێنینگراد » ، ۱۹٥۲ ژ ۱۲۸ ، ل ۱۲٦ ـ ۱٥۰ .

۱۲— شێواندنی مێژوی كورد لە زانستی مێژوی بۆرجوازی فارسدا ،

ھەوڵنامەی كتێب

« نامەی زانایانی زانکۆی لێنینگراد » ، ١٩٥٤ ، ژ ١٧٩ ،
ل ١٢٠ ـ ١٣٧

١٣ــ رەخنە لە بیر و باوەڕی هەڵە بەرامبەر زمانی کوردی ،
« کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٥ ،
ب ٢ ، ل ٤٣ ـ ٦١ .

١٤ــ خ. ئابۆڤیان وەکو کوردناس و ئەتنۆگراف ، « هەواڵی
ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستانی سۆڤێت » ، ١٩٥٥ ، ژ ١٠ ،
ل ٨٩ ـ ٩٨ .

١٥ــ رێنوسی زمانی کوردی ، رۆژنامەی « رێیا تازە » ، یەریڤان
١٩٥٥ ، ژ ٥٨ .

١٦ــ خ. ئابۆڤیان زانا و کوردناس ، « لە بابەت مێژوی رۆژهەڵاتناسی
روسەوە » ، مۆسکۆ ١٩٥٦ ، ب ٢ ، ل ٣٦٠ ـ ٣٨٠ .

١٧ ــ وشە ژمارەییەکان لە زمانی کوردیدا ، « کورتەی دەنگوباسی
ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٦ ، ب ٢٢ ، ل ٨٠ ـ ٣٦ .

١٨ــ رێزمانی زمانی کوردی ، (بە زمانی کوردی) ، یەریڤان ١٩٥٦ .

١٩ــ کورد ، « میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست » ، مۆسکۆ ١٩٥٧ ،
ل ٢٤٢ ـ ٢٦٠ .

٢٠ــ زمانی کوردی ، « ئیزانی ئەمڕۆ » ، مۆسکۆ ١٩٥٧ ،
ل ٦٠ ـ ٧٥ .

هەواڵنامەی کتێب

٢١— ڕێزمانی زمانی کوردی ، (بە زمانی ڕوسی) ، مۆسکۆ ١٩٥٧

٢٢— دروست بوونی وشە Word - building لە زمانی کوردیدا ، « ڕێزمان و مێژوی زمانەکانی ڕۆژهەڵات » ، لێنینگراد ١٩٥٨ ، ل ١٠٩ ـ ١٤٢ .

٢٣— سەرکەوتنی کوردناسی سۆڤێت ، گۆڤاری « کۆمۆنیست » ، یەریڤان ١٩٥٩ ، ژ ١٣٦ .

٢٤— دەربارەی دوو بنچینەی دروست بوونی وشە لە زمانی کوردیدا ، « کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٩ ، ب ٢٩ .

٢٥— کارەکانی پ. لێرخ لە بارەی کوردناسییەوە ، « لە بابەت مێژوی ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسەوە » ، مۆسکۆ ١٩٥٩ ، ب ٤ ، ل ٣٩ ـ ٥١ .

٢٦— تەصریفی کرداری (متعد transitive) لە زمانی کوردیدا ، « وتاری نوێنەرانی سۆڤێت لە کۆنگرەی بیست و چوارەمی ڕۆژهەڵاتناسیدا » ، مۆسکۆ ١٩٦١ ، ل ٩ .

٢٧— لە بارەی پێشکەوتنی کوردناسی سۆڤێتەوە ، « نامەی زانایانی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٦٠ ، ب ٢٥ ، ل ٥٧ ـ ٦٧ .

٢٨— مانا و فەرمانی پاشگری ـ ك ـ (ەکە) لە زمانی کوردیدا ، « لێکۆڵینەوە لە مێژوی کولتوری گەلانی ڕۆژهەڵات » (بۆ

هەواڵنامەی کتێب

بیرەوەری ئی. ئا. ئۆربیلی) ، مۆسکۆ - لێنینگراد ۱۹٦۰ ، ل ۲٦۱ - ۳٦۸ .

۲۹— فەرهەنگی کوردی (دیالێکتی کرمانجی ژوورو) - رووسی ، مۆسکۆ ۱۹٦ .

۳۰— رێزمانی زمانی کوردی ، (بە زمانی کوردی) ، یەریڤان ۱۹٦۰ .

۳۱— دەربارەی رێزمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ۱۹٦۰ .

۳۲— کوردناسی لە لێنینگراد ، گۆڤاری « روناهی » ، بەغـــدا ۱۹٦۱ ، ژ ۷ .

۳۳— کۆنفرانسی بیست و پێنجـــەمی رۆژهەڵاتناسان ، گۆڤاری « روناهی » ، بەغدا ۱۹٦۱ ، ژ ۷ .

۳٤— ئەحمەدی خانی و بەرهەمی ئەدەبی ، گۆڤـاری « روناهی » ، بەغدا ۱۹٦۱ ، ژ ۸ - ۹ .

۳٥— مێژووی نوسین و لە چاپدانی فەرهەنگە کوردیـکان ، گۆڤاری « روناهی » بەغدا ۱۹٦۱ ، ژ ۹ - ۱۰ .

۳٦— پەندی پێشینانی کوردی ، « پەندی پشینان و قسەی نەستەقی گەلانی رۆژهـــەڵات » ، ۱۹٦۰ ، (بـە هاوکاری م. ب. رودێنکۆ) .

۳۷— سیڤا ئاجی - داســتانی رۆمانتیکی کوردی ، « چیرۆك و گۆرانی داستانی کوردی » ، مۆسکۆ ۱۹٦۲ .

هەواڵنامەی کتێب

٣٨ - زمانی کوردی ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

٣٩- قەڵای دمدم - داستانی قارەمانێتی کوردی ، « چیرۆك و گۆرانی داستانی کوردی » ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

٤٠- مەمی ئالیشی - داستانی رۆمانتیکی کوردی ، « چیرۆك و گۆرانی داستانی کوردی » ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

٤١- پێشەکی بۆ کتێبی م. خەزنەدار « کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا » ، بەغدا ١٩٦٢ .

٤٢- رەخنە لە کتێبی ك. بواکایان و حاجی جندی « گۆرانی میللی کوردی » ، رۆژنامەی « رێیا تازە » ، یەریڤان ١٩٦٣ ، ژ ٧١ .

٤٣- پێشەکی بۆ کتێبی م. ب. رودێنکۆ « مەم و زینی ئەحمەدی خانی » ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

٤٤- پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا ، « فیلۆلۆژیای ئێرانی » ، ١٩٦٣ .

٤٥- پێشەکی بۆ کتێبی ژ. موسیلیان « بیبلۆگرافیای کوردی » ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

٤٦- بیبلۆگرافیای مێژوو و فیلۆلۆژیا و ئەتنۆگرافیای کوردی ، رۆژنامەی « رێیا تازە » ، یەریڤان ١٩٦٣ ، ژ ٧٠ .

هەواڵنامەی کتێب

٤٧ – لە داستانی کوردییەوە ، « کۆکراوەکانی ئێرانی » ، ۱۹٦۳ لە (بە هاوکاری ئی. ئی. تسوکەرمان) .

٤٨ – کورتەی نامـەی دوکتۆری « بەراوردکردنی ڕێـزمانی دیالێکتەکانی کوردیی (کرمانجیی ژوورو و خـوارو) » ، مۆسکۆ ۱۹٦٥ .

٤٩ – جێناوی لکاو (enclitic) لە زمانی کوردیدا ، « نوسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتوری گەلانی ڕۆژهەڵات » ، لێنینگراد ۱۹٦٥ ، ل ٥٦ ـ ٥٧ .

٥٠ – ئامانجەکانی بەشـی کوردی ئامۆزگای ڕوژهەڵاتناسیی لە لێنینگراد ، گۆڤاری « چیـا » ، ۱۹٦۷ ، ژ ٤ ؛ ۱۹٦۸ ، ژ٥ .

٥١ – کوردی ئەرمەنسـتان لە ئەدەبی دەرەوەدا ، ڕۆژنامـەی « ڕێیا تازە » ، یەریڤان ۱۹٦۰ .

٥٢ – نوسـراو دەربارەی کوردناسی ، گۆڤاری « چیـا » ، ۱۹٦۹ ، ژ ۷ .

٥٣ – بیر و باوەڕی قارەمانێتی لە بەرهەمی ئەدەبی ئەحمەدی خانیدا ، گۆڤاری « چیا » ، ۱۹٦۹ ، ژ ۷ .

٥٤ – شوێنی وشەی پێوەندی لە زمانی کوردیدا ، « نوسـراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژوی کولتوری گەلانی ڕۆژهەڵات » ،

هەواڵنامەی کتێب

لێنینگراد ـ مۆسکۆ ۱۹۰۹ .

٥٥— شی کردنەوەی بەڵگەکانی کەزنەفۆن دەربارەی کاردوخـەکان ، « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی زانستی ئێرانناسی » (بۆ یادی شەست ساڵەی پرۆفیسۆر ن. ئا بۆڵدرێف) ، مۆسکو ۱۹٦۹ ، ل ۲٥ ـ ۲۸ .

٥٦— ل بابەت ئڤیسکار ، زمان و ئەلفبایێ پەرتوکێت دینی ئێزیدیان ، گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد » ، بەغدا ۱۹۷۳ ، ب ۱ ، ل ۱۳۲ ـ ۱۷۲ .

ئەو بەرهەمانەی مامۆستا کوردۆ کە بۆ چاپ ئامادە کراون :

۱— ئی ئا. ئۆربیلی وەکو کوردناس (وتار) .

۲— بەراوردکردنی ڕێزمانی دیالێکتەکانی کوردی (کرمانجی ژووروو و خواروو) ، (ئەم کتێبە نامەی دوکتۆرێکەیەتی) .

۳— کارەکانی ئەمینی عەڤدال لە بارەی کوردناسییەوە (وتار) .

٤— کوردناسی (وتار) .

٥— لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی لە عێراق (وتار) .

٦— نووسراوە ئاینێکانی کوردە یەزیدێکان (وتار) .

۷— فەرهەنگی کوردی (کرمانجی خواروو) ـ ڕوسی (بە هاوکاری

هەواڵنامەی کتێب

چەنـــد زانایەکی بەشـی کوردی ئامۆزگای رۆژهەلاتناسـی لێنینگراد) .

٨— دەربارەی مێژوی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی (کتێب ـ نزیکەی ١٠٠ ل) .

٩— بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی (کتێب ـ نزیکەی ٢٥٠ ل) .

١٠— کورد ـ دەربارەی مێژوی ئەتنۆگرافیای کورد (کتێب ـ نزیکەی ١٩٠ ل) .

١١— ناوی (علم) لە زمانی کوردیدا (وتار ـ نزیکەی ٢٠ ل) .

١٢— پرۆژەی چارەسەرکردنی نوسینی کوردی (وتار ـ ٢٢ ل) .

١٣— پەندی پێشینان و قسەی نەستەق (کتێب ـ نزیکەی ٢٠٠ ل) .

١٤— گۆڤار و رۆژنامەی کوردی (وتار ـ ١٩ ل) .

١٥— دروست بونی وشە بە هاوکاری رەگی کردار (وتار ـ ١٢ ل) .

١٦— پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا (وتار ـ ١٩ ل) .

١٧— لە بارەی سێ فەرهەنگی کوردییەوە (وتار ـ ٧ ل) .

١٨— کوردناسی لە پێترسبورگ و لێنینگراد (وتار ـ ٣٨ ل) .

١٩— پرۆژەی دانانی فەرهەنگی روسی ـ کوردی (وتار ـ ١٢ ل) .

٢٠— بنچینەی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی (وتار ـ ٧ ل) .

٢١— چەند تێبینییەك لە سەر کتێبەکەی ڤیلچێڤسکی (وتار ـ ١٥ ل) .

٢٢— سەرنجێك لە نامەی دوکتۆرێکەی ئاکوپۆڤ (رەخنەی مێژویی لە مەسەلەی نەژادی کورددا) (وتار ـ ١٨ ل) .

ئەو کارە زانستییانەی مامۆستا کوردۆ ئێستە پێوەیان خەریکە :

١— مێژووی زازا (وتار) .

٢— زازا کوردن (وتار) .

٣— نوسراوە دێرینەکانی سلێمانی و شێوەی جیاوازیان (وتار) .

٤— لە بارەی چاپی ئەستەمولی « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانییەوە (وتار) .

٥— شێوەی نوسینی نوسراوە ئاینێکانی یەزیدی (وتار) .

٦— رەخنە لە کارە زانستێکانی ئی. ئی. تسوکەرمان (وتار) .

٧— بیر و باوەڕی کوردانی لە ئەدەبی کوردیدا (وتار) .

دوور نییە جگە لەو کارە زانستییانەی لە سەرەوە ناومان بردن ، ق. کوردۆ نوسراوی کەشی هەبێ ، بەڵام ئێمە هەر ئەوەندەمان ئاگا لێیە .

لە کۆتاییدا هیوامانە خامەی رەنگینی مامۆستا کوردۆ لە مەیدانی گەورەی کوردناسیدا هەر لە برەودا بێ و قوتابخانە پڕ شانازێکەی هەمیشە سەرکەوتو بێ . تاقە هیوای منیش ئەوەیە بەم کارە بچوکەم توانیبێتم جەیکە گوڵێکی وەفا پێشکەش مامۆستای خۆشەویستم و خزمەتێکی بچوکیش پێشکەش رۆشنبیری گەلەکەمان بکەم .

د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف

شێواندنی مێژووی کورد

لە زانستی مێژووی بۆرجوازیی فارسدا

ئەم وتارە رەخنەیەکی مێژوویییە کە مامۆستا قەنانی کوردۆ لە کتێبەکەی رەشید یاسمی «مێژووی نەژاد و پەیوەستەگی کورد»[1] گرتووە و ساڵی ١٩٥٤ لە کتێبی «نامەی زانایانی زانکۆی لینینگراد»دا بڵاوی کردۆتەوە (وەرگێڕ).

زانایانی بۆرجوازیی هەمیشە پیشەیان دروست کردنی تیۆری زۆرداریی و کۆنەپەرستانە و هەڵبەستنی چاو و رادی دوور لە راستی بووە. بەدرۆخستنەوەی ئەو جۆرە تیۆرییانە ـ واتە ئاشکرا کردنی

---

(١) کورتەی ئەم کتێبە لە لایەن مامۆستایان: قانعی هونەر و کەریم زەندەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی و لە ساڵی ١٩٦٩دا لە چاپخانەی کامەران، لە سلێمانیی چاپکراوە. بێگومان، ئەمە کارێکی بەکەڵک و خزمەتێکی گەورەیە کە ئەو دوو مامۆستایە کردویانە، بەڵام بەداخەوە تووشی هەڵەیەکی گەورە بوون، ئەویش بەوەی شوێنە باشەکانیان وەرگێڕاوە و ئەوەی خراپە لایان داوە. بەم جەشنە هەر کەسێك ئەم کتێبە بە کوردیی بخوێنێتەوە، ئەوە رەشید یاسمی قەڵەم فرۆشی کورد، =

ناڕاستی و چەوتی ئەو مێژوونوسە بۆرجوازیانە - پێویستی سەر شانی ئێمەی مێژوونوسانی سۆڤێتە و دەبێ لەسەر بنچینەی تیۆری مارکسی - لێنینی راستی بخەینە پێش چاو .

ئەم کتێبە کە لەم وتارەدا رەخنەی لێدەگرین ، وەك نوسەر خۆی دەڵێ : لەسەر داواکردنی وەزارەتی رۆشنبیری ئێران نوسراوە، بەو مەبەستەی کە « رەگەز و یەکێتی میللەتی کورد لەگەڵ میللەتی ئێراندا (فارسدا - ق. کوردۆ) ، هەروەها یەکێتی مێژوویان و هاوکاری کورد لە ژیانی ئێراندا نیشان بدرێ » (ل ٢١٩)[٢] .

نوسەر بۆ بەجێهێنانی ئەو داوایە لە مەسەلەی نەژاد و مێژووی کورد کۆڵیوەتەوە هەر لە دەورەکانی کۆنەوە - واتە لە پێش دەوری سەفەوییەکانەوە تا ئەمڕۆ . بۆ مەبەستی شێواندن و وەرچەرخاندنی مێژوو و رەگەزی کورد ، ئەم کتێبە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە فڕ و فێڵ هۆنراوەتەوە و بەمەدا دەردەکەوێ کە نوسینی ئەم کتێبە بۆ

= کە مێژووی کوردی شێواندووە بە کوردێکی دڵسۆز دێتە بەرچاو ......
دەبینین ئەو نوسانەی مامۆستا کوردۆ لە کتێبەکەی یاسمیەوە هیناویەتیەوە (کە یاسمی دەیەوێ بە زۆر کورد بە فارس بکات) لە چاپی کوردیدا بەرزێنراوە . بە رای من وا باشتر بو ، کە ئەم کتێبە چۆنە هەر بەو چەشنە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی (وەرگێڕ) .

(٢) ئەم کتێبەی رەشید یاسمی لە ساڵی ١٩٤٣دا ، لە لایەن (ن. کەڵیا کوف)ەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی روسی . مامۆستا ق کوردۆش لە لێکۆڵینەوەکەیدا سودی لەم تەرجومەیە وەرگرتووە (وەرگێڕ) .

پێویستیەکی سیاسی حکومەتی ئێران بووە .

بۆ مەسەلەی رەگەز و مێژووی کورد، لە دەورەکانی هەرە کۆنەوە تا سەدەی ١٦ ز. نوسەر گەلێك بەڵگە و بیر و باوەڕی لە زمان و مێژوو و کولتور و نەژادی کوردەوە لە سەرچاوەکانی رۆژهەڵات و ئەوروپاوە هێناوەتەوە . بۆ مێژووناس و کوردناس ئەم بەشانەی کتێبەکە زۆر بەکەڵك و گرنگن و دەتوانرێ بوترێ ئەوەی لە کتێبەکەی رەشید یەسمیدا باش و سوودبەخش بێت تەنها ئەم بەشانەن .

ناوەرۆکی کتێبەکە بەم جۆرەیە : پاش پێشەکی (ل ١ ـ ٣) و سەرەتایەك لە مێژووی کورد (ل ٣ ـ ١٤) نوسەر کوردستان لە کۆنا نیشان دەدات (ل ١٥ ـ ٤٤) . لە پاشانا دێتە سەر تەماشا کردنی پەیوەندی میللەتەکانی هیند و ئەوروپایی لەگەڵ ئاشووری و عیلامیدا (ل ٤٤ ـ ٦٦) ؛ باسی مێژووی کیمیریان و ساکائیان دەکات (ل ٦٧ ـ ٦٩) ؛ پادشایەتی ماد و فارس (ل ٧٠ ـ ٧٤) ؛ هەندێك بەڵگە دەربارەی وڵاتی پارسوا (ل ٧٤ ـ ٧٧) ؛ بەهێز بوونی پارسوا (ل ٧٧ ـ ٧٨) ؛ بە کورتی باسی مێژووی پادشایەتی کۆرش (٧٨ ـ ٨٣) ؛ دوا پادشای بابل (ل ٨٣ ـ ٨٥) ؛ کیری مەزن (ل ٨٦ ـ ٨٧) .

پاش ئەوەی بە دوور و درێژی و بە گشتی باسی مێژووی کوردستان لە کۆنا و باسی ئەو میللەتانەی لە کوردستان ژیاون دەکا ، ئنجا بە تایبەتی لە مێژووی کورد دواوە . نوسەر دەربارەی مانای وشەی « کورد » (ل ٨٨) و رەگەزی کورد (ل ٨٩ ـ ٩٩) گەلێك بیر و رای زانایان نیشان دەدا . سەبارەت بە نەژادی کورد گەلێك داستان و

ئەفسانەی عەرەبی و فارسی و کوردی دەهێنێتەوە (ل ١٠٠ ـ ١١٨) . لە (ل ١١٩ ـ ١٢١)دا باسی ئایین و بارودۆی کورد ، وە لە(ل ١٣٢ ـ ١٣٨)دا باسی زمانی کوردی و پەیدابوونی دەکات . بەشێکی تایبەتی لە کتێبەکەی بۆ لێکۆڵینەوە و رونکردنەوەی تیۆری جیاواز لە بارەی میللەت و نەتەوەوە تەرخان کراوە (ل ١٣٩ ـ ١٤٥) . دوو فەسڵی کۆتایی دەربارەی مێژووی کوردە ؛ لە باسی مێژووی کورد لە پێش ئیسلامدا گەلێك بەڵگە و نموونەی لە سەرچاوە یۆنانییەکانەوە هێناوەتەوە ؛ بە دوور و درێژی باسەکانی گزنەفۆن دەربارەی خەباتی کورد لە دژی لەشکری یونان نیشان داوە (ل ١٤٦ ـ ١٥٨) ؛ هەروەها لە باسەکانی پۆلیبیا (ل ١٥٩ ـ ١٦٠) و ستراباون (ل ١٦٠ ـ ١٦٥) دواوە . ئەم فەسڵە بە باسێك دەربارەی نەژادی ساسانییەکان (ل ١٦٥ ـ ١٧٤) کۆتایی پێهێنراوە .

دوا فەسڵی ئەم کتێبە دەربارەی مێژووی کوردە پاش ئیسلام (ل ١٧٥ ـ ١٨٢) . لێرەدا بە کورتی لە بنەماڵە و ئەمارەتەکانی کورد : هەمەدان ، مەریوان ، شەدادی ، ئەیوبی .... دواوە . لە پاشا نوسەر دێتە سەر باسی مێژووی خەباتی کورد و ئەمیرەکانی دژی عەرەب (ل ١٨٢ ـ ١٨٨) و ئوغوز (١٨٨ ـ ١٩١) و سەلجوقی (ل ١٩١ ـ ١٩٢) و مەغۆل (ل ١٩٢ ـ ١٩٩) و تەیمور (١٩٩ ـ ٢٠٣) . دوا بەشی ئەم فەسڵە لە بابەت مێژووی کوردەوەیە لە دەوری سەفەویەکاندا (ل ٢٠٣ ـ ٢٠٩) . کتێبەکە بە کۆتاییەك و ناوی ئەو سەرچاوانەی ، کە بۆ نوسینی ئەم کتێبە سودی لێ بینراوە تەواو دەبێ (ل ٢٠٩ ـ ٢٤٦) .

دێینه سەر لێکۆڵینەوە لە بیر و باوەڕەکانی نووسەر :

لە بەشی « سەرەتایەك لە مێژووی کورد »دا نووسەر رەخنە لەو تیۆرییانەی کە رەگەزی کورد بە فارس دادەنێن دەگرێ . بێ هیچ بەڵگەیەك و بێ هیچ بنچینەیەکی زانستی هەوڵی داوە بۆ لەناوبردن و تەفر و توناکردنی ئەو تیۆرییەی کە دەڵێ : کورد میللەتێکی رەسەن و جیاواز و خاوەن کولتور و زمان و مێژووی تایبەتی خۆیەتی ...

نووسەر زۆر بە ئاشکرا دەیەوێ شۆڤێنیێتی فارسی بسەپێنێ بەسەر کورددا . یاسمی نووسیویەتی دەڵێ : پێویستە لە کورد و مێژووی کورد تەنها لە رێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ میللەتی ئێراندا (فارسدا ـ ق. کوردۆ) بکۆڵرێتەوە ، چونکە « کورد بە رەگەز و نەژاد ئێرانین » و « لە نەژاد و زمان و باوەڕی ئاینییاندا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ میللەتە ئێرانیێکانی تردا نەبووە (ل ١٤٤) .

لە رەخنەگرتنی ، لەو زانایانەی ، کە لەسەر مێژووی کورد نووسیویانە رەشید یاسمی دەڵێ : « لەگەڵ ئەوەی کورد ئێرانییە ، کەچی لە زۆر کتێبدا بەرچاوم کەوتووە ، کە وەك ئەدیب بێ هیچ بەڵگەیەك نەژادی کورد بە ئێرانی ناژمێرن ، بەڵکو کورد بە هۆزەکانی تورك و سامی دادەنێن » (ل ١٤٤) .

رەشید یاسمی لە رێگای چەسپاندنی سیاسەتی شۆڤێنیێتی حکومەتی شاوە گەیشتۆتە ئەو رادەیە ، کە ئەو زانایانەی رەگەزی کورد بە ئێرانی (واتە فارس ـ ق کوردۆ) دادەنێن ناو دەنێ دوژمنانی گەلی کورد . نووسەر دەڵێ : ئەوان (ئەو زانایانە ـ وەرگێڕ)

لە ڕێگای مەبەستێکەوە « کورد لەو شوێنەی ڕەگ و ڕیشەی تیدا دروست بووە جیـــا دەکەنەوە و واش دەدەنە قەڵەم ، کە کورد لە عەرەبەوە یا لە خالدی و میللەتانی کەوە پەیـــدا بوون » (ل ٦) . هەروەها دوا میللەت کە ناوی هێنرا (واتە خالدی ـ وەرگێڕ) نوسەر ناوی ناوە « زۆردار » و « چەتەکانی جیهان » یاخود « هۆزەکانی بێلانەی ناو بیابان » (ل ٧) .

زۆر بە شێوەیەکی ساکار وەڵامی ئەو تیۆرییانە دەداتەوە ، کە ڕەگەزی کورد بە ئێراتی دادانێن . ئەو دەڵێ : « کورد یەکێکە لە لقەکانی هەرە کۆنی ئەو میللەتانەی ڕەگەزیان ئێرانییە (فارســـە ـ وەرگێڕ) و ئەوان (کورد ـ وەرگێڕ) لقێکی پڕ بـەری درەختی ئێراتی بوون » (ل ٧) .

لەو فەصـڵەدا کە دەربارەی مێژووی ئەو میللەتانەیە ، کە زۆ لە کوردستان ، لە سالانی ٠٠ ٣ی پ. زاینەوە دەژیان (ل ٢٠ ـ ٤٣) بە دوور و درێژی باسی : لولوبی ، کاسی ، گوتی .... دەکات ، کە لە ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆسدا دەژیان . لێرەدا بە کورتی باسـی مێژووی شەڕ و شۆڕی ئـــەو میللەتانە لەگەڵ بابلی و ئاشورێـکاندا دەکات ، هەروەها هەندێك نموونەی لە بیر و باوەڕی زانایان سەبارەت بە ڕەگەز و زمانیان هێناوەتەوە .

هەندێ لە زانایان نیشانیان داوە کە ئـەو نەتەوانە (لولوبی ، کاسی ، گوتی ـ وەرگێڕ) بە ڕەگەز لە میللەتەکانی هیند و ئەوروپایی نین . چەند مێژووناس و زانای تر هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی ، کە

هەواڵنامەی کتێب

ئەو میللەتانەی ناومان هێنان سەرچاوەی کوردی ئێستان : (لوڕ) لە (لولو)وە ، (کاسکان) لە (کاسی)یەوە ، (کورتی) لە (گوتی)یەوە . بەم جۆرە زانایان هاتونەتە سەر ئەو ئەنجامەی کە کورد لە فارس کۆنترە و هەر لەبەر ئەوەشە ، کورد بە رەگەزێکی ئێرانی ناژمێرن . رەشید یاسمی لە پێناوی ئەوەی نیشانی بدا کە کورد هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ میللەتانی کۆنی نەئێرانیدا نییە زۆر بە توندی دژی ئەو باوەڕە وەستاوە ، کە دەڵێ مێژوی کورد تەنها بە فارسەوە بەستراوە و بەر لە پەیدابونی فارس لە زەوی کوردستانی ئێستا و ئێراندا هیچ کوردێك لە چیاکانی زاگرۆسدا نەبووە .

هەروەها بەم بۆنەیەوە رەشید یاسمی نوسیویەتی دەڵێ : ئەو زانایانە بە هەڵە « کورد بە نەوەی ئەو میللەتانە دەژمێرن کە زۆ ـ واتە لە پێش مادەکاندا ـ لە ناوچەکانی کوردستانی ئێستادا دەژیان ، وەك : گوتی ، لولو ، کاسی ... هتد . ئەو زانایانە هەڵەن کە کورد بە رەگەزی ئێرانی ناژمێرن » (ل ١٢) . « هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ ئەوەی هۆزێکی کوردی ئەمڕۆ بە نەوەی میللەتانی دوێنێ : لولو ، گوتی ، کاسی ، خالدی بداتە قەڵەم » (ل ١٢) نوسەر لە هەمو شوێنێکدا لە زاراوی (ئێرانی) وا تێدەگا کە مانای زاراوەی (فارسی)یە .

رەشید یاسمی وا دەدوێ کە گوایا وشەی کورد بۆ مانای کۆمەڵێکی ئەتنۆگرافی بە هیچ جۆرێك لە ناو ئەو میللەتانەی زۆی کوردستاندا کە ناوبران نابینرێن . بەم بۆنەیەوە نوسیویەتی دەڵێ : « لەو نوسراوە کۆنانەی کە سەبارەت بە کوردستانی کۆن هەن و کە ئێمە بە راستیان دەزانین و باوەڕیان پێدەکەین ، نەمانتوانی ئەو هۆزە

هەواڵنامەی کتێب

کۆردانەی ناوایران بدۆزینەوە تەنها لەسەر بەردێکی سۆمەری وشەی (کاردا) بەرچاو کەوتووە و ئـەمەش ناوی ناوچـەیەکە ، نەك ناوی هۆزێکی تایبـەتی کە بەســترابێ بە کورد و ماد و فارســەوە » (ل ٨٨) .

ئەم دوانەی رەشید یاسمی تا بڵێی چەوت و ناڕاستە . ئەم چەوتییەش بە ئاشــکرایی لەو نموونە و بەڵـگانەی نوسەر لە گەلێك سەرچاوەوە هیناونییەوە دەردەکەوێ . هەروەها لە هەندێ دوکومێنتی جیاوازی میللەتانی کـۆنی رۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاستدا وشەی (کورد) بۆ مانای کـۆمەڵێـکی ئەتنۆگرافی لەو هۆزانەی لە ناوچەکانی زاگرۆس دەژیان بەکار هێنراوە. جگە لەوە رەشید یاسمی خۆی وشەی (کاردو ، کوردی ، کارادا ، کورد)ی هێناوەتەوە ، کە گوایا لە نوسـراوە کۆنەکانی (بابل و ســۆمەر ... هتد)دا ، وەك ناوی میللەتێك ، کە لە چیاکانی زاگرۆس ژیاون باســیان کراوە . بەڵام نوسـەر وەك هەندێ زانا ، ئەو وشــانەی ناومان بردن بە ناوی ئەتنۆگرافی دانانێت ، بەڵـکو بە ناوی جوگرافی ناوچەکانی دادەنێ . بەم بۆنەیەوە دەڵێ : « هەندێ لە زانایان بێ بەڵـگە ئەم ناوانە بە وشـەی (کورد)ەوە دەبەســتن ، بەڵام نە وشـەی (کاردو) ، نە (کارادا) ، نە (کورتی) ، نە (خالدی) هیچ پەیوەندییــەکیان بە وشەی کوردەوە نیـیە » (ل ٩٤) .

رەشید یاسمی وا نیشانی دەدات ، کە لەگەڵ ناوی ئەم ناوچانە : (کاراد) ، (کاردو) ، (کورتی) ، (کورد)دا ، هەروەها ناوی

هۆزێکی (ئێرانی)ش ـ (بە تێگەیشتنی رەشید یاسمی ـ ی فارسـی) هەبوو ، کە ناوی کورد بو .

نوسەر ج بەڵگەیەکی هەیە بۆ ئەوەی بڵێ : لە زودا لە نیوان « ئێرانیەکاندا » ـ واتە فارسەکاندا هۆزێکی فارسی هەبو ، کە ناوی کورد بو ؟

بەڵگەی تەنها ئەوەیە کە نمونەی لە سترابۆنەوە هێناوەتەوە و دەڵێ : « هـۆزەکانی کورد ، وەك ماردام لە ولاتی فارس دەژین و بەو مرۆڤە بەتواناپانەی ولاتی فارس دەڵێن کارداك . مرۆڤانی کارداك لە رێگای جەردەیەتییەوە دەژین . وشەی کارداك مانای مرۆڤی ئازا و بەتوانایە » (ل ١٠٧)

رەشید یاسمی لەسەر ئەساسی ئەو وشە نائاشکرایانەی سترابۆن ، هاتۆتە سەر ئەو رایەی کە کورد لە پارسـەوە (فارسی ئەمڕۆوە) پەیدابووە . رەشید یاسمی نوسیویتی : « پارسوا لانك و مەڵبەندی کوردە » (ل ١٠٧) .... بڵاوبونەوەی کورد بە بزوتنەوەی هۆزەکانی هیند و ئێرانییەوە بەستراوە . لە نیوان ئەو هۆزانەدا هۆزی فارس هەبون . ئەم هۆزانە بە زۆری هێز لە رێگای دەربەندی قەفقاسەوە لە باکورەوە هاتنە ئاسیای بچوك . لە سـەرەتادا لە خۆرئاوای دەریاچەی ورمێدا جێ نشین بون و لە پاشانا بەرەو باشور بۆ ناوچەی پارسـوا ـ ئێستای فارس ـ کەوتنەرێ .... « و هۆزەکانی ئێستای رەگەزی ئێرانیان لێ دروست بو » (ل ٣) . « کورد ـ هۆزێکی ئێرانییە و لە ناوچەیەکدا کە زو ناوی (کورد) بووە جێگای ژیانی

هەواڵنامەی کتێب

بۆ خۆی دۆزییەوە هەروەها دانیشتوانی کۆنی ئەم ناوچەیەی دەکرد و مەحو کردەوە . ئیتر لەو دەمەوە ئەم هۆزە (هۆزە فارسە) (کورد ـ وەرگێڕ) ناوی نوێتی لێنرا ـ واتە بە ناوی ئەو ناوچەیەوە کە داگیریان کرد » (ل ٩٩) . بەم چەشنە ، دەبینین بێ بەڵگە ، رەشید یاسمی دەیەوێ دەریخات کە رەگەزی کورد فارسە .

بە باوەڕی ئێمە کورد لە فارسەوە نەکەوتۆتەوە ، بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونی چەند هۆز و میللەتانی کۆن ، کە لە چیاکانی زاگرۆس جێگیر بووبوون پەیدابووە . گەلێك لە هۆزەکانی کورد ، کە خاوەنی ئایین و باوەڕی جیاوازن ، یاخود جیاوازی لە ئەتنۆگرافیایاندا هەیە . هەروەها مانەوەی گەلێك ناوی هۆزی کۆن لە ناو کۆمەڵی کورددا و هەندێ ناوی جوگرافی ناوچە شاخاوییەکانی ئاسیای بچووك ، کە بوون بە ناوی هەندێ لە هۆزەکانی کورد وای دەردەخەن کە میللەتی کورد لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی هەندێك هۆز و میللەتان ، کە لە ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس دەژیان ، یاخود هاتبوون بۆ ئەم ناوچەیە پەیدابووە . لێرەدا بۆ نموونە چەند ناوێکی ئەو هۆزانە دەخەینە پێش چاو : (کاسکان ـ لە ناوی کۆنی میللەتی کاسییەوە هاتووە ، کە لە چیاکانی زاگرۆس دەژیان) ؛ (لولو ـ لە ناوی میللەتی لولووە هاتووە ، کە لە خوارووی چیاکانی زاگرۆس دەژیان) ؛ (کورت ـ لە ناوی میللەتی کورتەوە هاتووە ، کە لە سەرووی رۆژهەلاتی چیاکانی زاگرۆس دەژیان) ؛ (خالتان ـ لە ناوی میللەتی کۆنی خالدییەوە) ؛ (داسنی ـ لە ناوی میللەتی تاسانییەوە هاتووە ، هەروەها لەگەڵ

ناوی زۆری ناوچەی تاسـانی وێكدەچن) ؛ (تاكاری ـ لە ناوی كۆنی ناوچـەی تیـكوری یەوە هاتووە ، كە ئەم ناوچەیە كەوتۆتە خواروی ئەرمەنسـتان) ؛ (زیلان ـ لە ناوی زۆری زیلونی یەوە هاتووە ، كە كەوتۆتە خواروی ئەرمەنستان) .

بێ گومان ، وێكچوونی ناوی هۆزەكانی كورد لەگەڵ ناوی میللەتانی كۆن و ناوچەكانی كوردستانی زۆردا بە ڕێكەوت نییە ، بەڵكو ئەمە نیشانی مێژووی پێكهاتن و دروست بوونی میللەتی كورد دەدات . ئەم بەڵگانە ، بەر لە هەموو شتێك نیشانی ئەوە دەدەن ، كە لە دروست كردنی میللەتی كورددا ، میللەتانی كۆنی زاگرۆس و ئێران (ماد ، پارفیـان ، فارس) ، سـامی و هۆزەكانی خوارووی قەفقاس و میللەتی ئەرمەن .... هتد گەورەترین هاوبەشییان كردوە . لە كاتی دروست بووندا گرووپی زمانە ئێرانیـیەكان (نەك تەنها فارس) بەسـەر گرووپی زمانەكانی تردا سـەركەوتووە و لە ئەنجامی ئـەم سەركەوتنەدا زمانی كوردی دروست بووە و بە گوێرەی یاسـای موتوربە یەكێكە لە زمانە ئێرانییەكان .

زمانی هەندێك لە هۆزەكانی زۆری زاگرۆس ، كە لە بنچینـەی دروست كردنی میللەتی كورددا هاوبەشییان كردوە ، لە خێزانی زمانە ئێرانیـیەكان بوون . لەم ڕووەوە زمانی كوردی ، وەك یەكێك لـە زمانەكانی ئەسـڵی زاگرۆس خزمایـەتی و پەیوەندی لەگەڵ زمانەكانی میدی و پارفیانی و فارسیدا هەبووە ، بەڵام بە هیچ جۆرێك لە زمانی فارسییەوە دروست نەبووە و نەكەوتۆتەوە ، وەك ڕەشید یاسمی

وا بێ شـەرم دەیەوێ بیسەلمێنێ . بێشك هاوبەشی کردنی ماد و پارفیان و فارس لە دروست بوونی میللەتی کورددا بووە بـە هۆی بەهێز کردنی پەیوەندێ لەگەڵ زمانە ئێرانیـکاندا (میدی ، پارفیانی ، فارسـی) ، بەلام ئەمە بـە هیـچ جۆرێك نابێت بـە بەڵـگە بۆ نیشاندانی ئەوەی ، کە کورد لە فارسەوە پەیدابوبێ و زمانی کوردی لقێك بێت لە زمانی فارسی .

وشـەی کورد ، وەك ناوی میللەتێك ، کە لـە سـنوری چوارچێوەی کوردستاندا ژیاوە ، لە نوسراوەکانی یۆنان و ئەرمەن و سۆمەر .... هتددا بەرچاو دەکەوێ . بە پێی ئـەو سەرچاوانە ، کورد زۆر لە کۆنەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی کوردستانی ئێستادا ژیاوە ـ واتە (لە باشورەوە هـەتا لە دەریاچەی وان و ورمێوە تا چیای زاگرۆس ، لە خۆرهەلاتەوە لە روباری دیجلەوە ؛ لە خۆرئاوەوە لە بۆتانزسۆوە .

لە نوسراوەکانی سۆمەر و ئاشوردا (٢٠٠٠ ـ ١٠٠٠) پ . ز . ناوی هۆزی (کورتیس) یا (کورتی) کە لە خوارەوەی رۆژهەلاتی ناوچـەکانی زاگرۆسـدا ژیاوە بەرچاو دەکەوێ . لە نوسـراوەکانی (نارامسـین)دا ، دەور و بـەری (٢٥٠٠) پ . ز . ناوی هۆزی لولوبی (لولو) ، کورتی ، کە لە ناوچە شاخاوییـکانی زاگرۆس ژیاون دەبینرێ . لولوبی (لولو) لە زانستدا بە ئەسڵی (لوڕ) ناسراوە ؛ هۆزی (کورتی) شـێوەیەکی ناوی (کورتی)یە ، کە لە هەندێ نوسراودا بەرچاو دەکەوێ . بەشێك لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن ،

کە لولوبی (لولو) ، گورتی (گورتی) لە بارەی زمانەوە لە سەرەتادا لە میللەتەکانی قەفقاس بون ، وە بەشێکی تریان زمانی کۆنی ئەم هۆزانە بە زمانێکی هیند و ئەوروپایی دادەنێن .

بەبەڵگەکانی رۆمانی دەوری سالانی ٢٢٠ ـ ١٧١ پ. ز. لەشکری کورتی (کورد) لە جەنگدا دژی رۆم هاوبەشییان کردوە .

بە پێی بەڵگەکانی ئەخیمیند لە نیوان ئەو میللەتانەی دژی دارا جەنگاون ناوی میللەتی (ساگارتی یا ساکارتی یا زیکورتی) ، کە لە نزیك ئەربیلەوە ژیاون بەرچاو دەکەون . هەندێك سەرچاوە نیشانی دەدەن ، کە لە کاتی هێرشی ئەسکەندەری مەکدونیدا (ناوەڕاستی سەدەی ٤ی پ. ز.) بۆ رۆژهەلات ، کاردوخەکان (کوردەکان) بەشێك بون لە لەشکری دارای پادشای فارس . کەزنەفۆن کە سەرۆکی لەشکرێکی دە هەزار سەربازی بو (سالی ٤٠١ پ ز.) دەلێ : سوپاکەم بە ولانی کاردوخ (کورد)دا تێپەڕی . دانیشتوانی ئەو ولاتە ئازایەتیەکی زۆر گەورەیان لە شەڕدا نیشاندا . کەزنەفۆن کاتێك دێتە سەر باسی ئەو رێگایانەی خۆی و لەشکرەکەی پیایاندا تێپەڕیون ، نووسیۆیتی دەلێ :لە بابلەوە رێگایەکی شاخاوی بەرەو باکور دەکشێ ، کە بۆ ولاتی کاردوخ دەچێ . ئەم هۆزە لەسەر چیاکان دەژین . کاردوخەکان جەنگاوەرن و سەر بۆ هیچ پادشایەکی فارس شۆڕناکەن[٣] .

---

(٣) کەزنەفۆن ، ئەنەباسیس ، مەکسیمۆڤا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی روسی ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ١٩٥١ ، ل ٩٣ .

هەوالنامەی کتێب

بە پێی وشـــەکانی گزنەفۆن : ناوچە شاخاوییەکەی کاردوخ کەوتبوە خوارۆی روباری (کینتریت)ەوە و ئەم روبارە بوبوو بـــە سنورێك لە نێوان وڵاتی ئەرمەن و کاردوخدا[٤].

زانایانی جوگرافی یۆنانی سەدەکانی سەرەتای زایین (سترابۆن ، پتولەمی ... هتد) دەڵێن : ناوەڕاســـتی کوردستانی ئێستا ناوی کاردوئینە (کاردوینە) بو . لەبەر رەوشنایی نوسراوەکەی ســترابۆن وا دەردەکەوێ ، (کاردۆئینە) ـ ئەو وڵاتە شاخاوییەیە ، کە کەوتۆتە نیوان موش و دیاربەکری ئێستاوە .

لە لای مێژوناسانی ئەرمەنی سەدەکانی ســـەرەتای زایـین و سەدەکانی ناوەڕاست ، ناوی (کوردس ئەشخار) ـ (وڵاتی کورد) و (کوردیك ـ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان) بەرچاو دەکەوێ .

بـەم جۆرە وشەی (کوردس) لە زۆر کۆنا مانای (کورد) بووە ، واتە ـ کۆمەڵێك هۆزی ئەتنۆگرافی بوون ، کە لە ناوەڕاستی کوردستانی ئێـستادا دەژیان[٥].

رەشید یاسمی هەوڵی داوە ئـەو بەڵـگە مێژوییانەی دەربارەی کورد و وڵاتی کورد هەن بشارێتەوە ، جگە لە شاردنەوەی ئـــەم بەڵـگانە هێشتا ویستویەتی نیشانی بدا و بیچەسپێنێ کە وا کورد لە

هەواڵنامەی کتێب

---

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٢ .

(٥) لێرەدا لە وشـەی (کوردستان) مەبەسـتمان (ناوچەکانی چیـای زاگرۆسە) ـ واتە ئەو ناوچانەی کەوتونەتە سنوری تورکیا و ئێران و عێراقەوە ، کە دانیشتوانیان کوردن .

فارسەوە پەیدابوون و کەوتوونەتەوە و وڵاتی فارس لانك و مەڵبەندی پەیدابوونی کوردە .

ئەم هەوڵدانەی نوسەر بە ئاشکرایی لە کاتی لێکۆڵینەوەیدا لەو سەرچاوە عەرەبیانەی کە دەربارەی رەگەزی کورد دەدوێن دەردەکەوێت . لە سەرێکەوە ، بە رایەکی راست زۆر بە توندی رەخنەی گرتووە و دژی باوەڕی هەندێ مێژوونوسی عەرەبی سەدەکانی ناوەڕاست کە رەگەزی کوردیان بە عەرەب داناوە ، راستاوە . کەچی لە سەرێکی کەوە بە تەواوی باوەڕی بەو سەرگوزشتە و داستان و ئەفسانانەی عەرەب هێناوە کە بۆ بەرژەوەندی فارس رەگەزی کورد بە فارس دادەنێن . دەبینین زۆر داستان و سەرگوزشتەی هۆزەکانی کورد و مێژوناسانی عەرەب ، کە رەگەزی کورد بە عەرەب دادەنێن رەشید یاسمی بە دروست کراو و هەڵبەستراویان دەداتە قەڵەم و لە ریزی « چیرۆکە خەیاڵییەکان و مێژونوسە سەر لێشێواوەکان » دایان دەنێ (ل ۱۰۹) . بەڵام ئەفسانەکانی فارس و هەندێ سەرگوزشتەی هۆزەکانی کورد ، کە رەگەزی کورد بە فارس دادەنێن ، نوسەر بە راستیان دادەنێ و بە واقعی تەواویان دەداتە قەڵەم . لەم بارەیەوە نوسیویەتی : « زوربەی ئەم سەرگوزشتە و ئەفسانانە بنچینەیەکی مێژوویی واقعییان هەیە » (ل ۱۱۸) .

رەشید یاسمی ئەو سەرگوزشتە کوردیانە و ئەو لێکۆڵینەوانەی مێژوونوسانی عەرەب ، وەك : مەسعودی ، تەبەری .... هتد ، کە رەگەزی کورد بە عەرەب دادەنێن ، بە سەرچاوەیەکی بێ گەڵك و

بێسوود دەژمێرێ و بەم بۆنەیەوە نوسیویەتی : « لە کاتێکدا کە عەرەب داگیرکەر بوون ، کورد بۆ خۆ دورخستنەوە و رزگار بوون لە جەردەیەتی داگیرکەران ، نەژادی خۆی شاردۆتەوە و لە تاوا واین نیشان داوە کە لقێکن لە عەرەب . هەر ئەمەشە کە بووە بە هۆی سەر لێشێواندنی هەندێ لە مێژوونوسانی عەرەب ، کە رەگەزی کوردیان بە عەرەب داناوە » (ل ١١٠) . لە شوێنێکی تردا رەشید یاسمی دەڵێ : « تەبەری و هەندێ مێژوونوسی تری پێش ئەو نەیان ویستوە ددان بەوەدا بنێن ، کە ئەم هۆزە نەترسە سەری شۆڕ نەکردوە و ژێردەستی قبوڵ نەکردوە و لە دەوری ئەواندا گەلێك ئاژاوەی ناوەتەوە و ئەم هۆزە بە رەگەز ئێرانین » (ل ١١٨) .

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەتنۆگرافی و جوگرافی ، کە زانایان دەربارەی کورد گەیشتونیەتێ ، توسیەر بە نازاست و ناتەواوی دادەنێ . ناتەواوییەکەش بەوە دادەنێ ، کە کۆمەڵێك لە زانایان کورد بە میللەتێك لە میللەتانی قەفقاس دەژمێرن ؛ کۆمەڵی دووەم لە زانایان (سولاك ، رنج ، لوشان) کورد لەگەڵ هۆزەکانی سەروی قەفقاس باس دەکەن ؛ کۆمەڵی سێیەم لە زانایان (ئیڤانۆفسکی ، شانتر ، پیتتارد) کورد بە ئێرانی دەدەنە قەڵەم . بەڵام بە باوەڕی یاسمی کورد هیچ شتێکی تایبەتی خۆی نییە ، کە ببێت بە هۆ بۆ بوون بە میللەتێکی جیاواز و رەسەن .

رەشید یاسمی بە هەموو جۆرێك دژی ئەو باوەڕەیە ، کە کورد بە میللەتێکی قەفقاسی ، یا سەروی ئەوروپا دابنرێ . بەم بۆنەیەوە

دەڵێ : « باوەڕی ریچ و سولاك و لوشان بەوەی کە دەڵێن وێکچوون لە نیوان کورد و هۆزەکانی سەرەوی ئەوروپادا هەیە ، بە هیچ جۆرێك راست نییە و بۆ چەسپاندن و سالماندنی ئەو رایە هیچ کانێك ، ئێمە پاشماوەی ئەوەمان لەم ناوچەیەدا نەدیوە ، کە لە هیچ دەمێکدا هۆزەکانی سەرەوی ئەوروپا لێرەدا جێگیربوبن » (ل ١٠٦) . توسەر رەخنە لەو زانایانە دەگرێت ، کە کورد بە خاوەن رەگەزی سەربەخۆ دادەنێن و دەڵێ : « هەندێ لە زانایان لەوەدا راست نین ، کە کوردیان بە میللەتێکی خاوەن رەگەزێکی سەربەخۆ داناوە و بە میللەتێکی جیاواز و رەسەن ژماردووە . ئەوان (ئەو زانایانە ـ وەرگێڕ) بە شوێن ئەو شتانەدا گەڕاون کە کورد لەگەڵ میللەتە گەورەکاندا جیا دەکەنەوە ، بەڵام ئەوان نەیانتوانیوە شتی جیاواز ، یا تایبەتی (بۆ کورد ـ وەرگێڕ) بدۆزنەوە . بەم جۆرە هەر زانایەك شتێکی رێکەوتی دۆزیوەتەوە کە لەگەڵ واقعدا ناگونجێ و ئەمە ناتەواوییەکەیانە . بەڵام ، گەر ئەوان کورد بە میللەتێکی جیاواز و رەسەن دانەنێن و کورد چۆنە بەو جۆرە بیدەنە قەڵەم ـ واتە داینێن ، کە هۆزی کورد بە رەگەز ئێرانییە (بە تێگەیشتنی رەشید یاسەمی فارسە ـ ق. کوردۆ) ، ئەوسا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان بە تەواوی لەگەڵ واقع و زانیاریدا دەگونجێ » (ل ١٠٦) .

شۆڤێنێتی ئێرانی و زۆر لێکردن و فێڕکردنی رەشید یاسەمی بەو رادەیە و بەو شێوەیەیە کە دەڵێ : گەر کورد بە میللەتێکی جیاواز و رەسەن دانەنێن ، بەڵکو بە هۆزێکی بە رەگەز ئێرانی (فارسی) داینێن ، ئەوسا بە ئاسانی دەتوانرێ لە مەسەلەی مێژووی

هەواڵنامەی کتێب

کورد و کولتور و زمانی بکۆڵرێنەوە . رەشید یاسمی باش دەست بە وشە بێ ماناکانی خۆی دەکات ، کە کورد بە فارس دادەنێ . وشەکانی یاسمی هەر وەك ئەو وشە بێ مانایانەن کە کورد بە ئێرانی دادەنێن و ئەو دژبان دەدوێ . ئاشکرایە ، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە کورد بکات بە فارس . جا لەبەر ئەودیە ئەو هەوڵ دەدات بیچەسپێنێ و بەڵگە بدۆزێتەوە . بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستەش لە مەسەلەی نزیکی زمانی فارسی و کوردی ، یەکێتی ئایین و باوەڕ و کۆمەڵایەتی ، چارەنوسی مێژوویی و هاوکاری لە مێژووی ئێراندا کۆڵیوەتەوە . ئەم باسانە بە لای ئەوەوە گرنگن ، چونکە ئەو ئەم مەسەلانە بە خاسیەتی گەورەی نەتەوە دادەنێت . ئەو دەیەوێ نیشانی بدات ، چۆن لەو خاسیەتانەدا کە ناوبران ، کورد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فارسدا نییە ـ واتە « هەردوکیان نەتەوەی ئێرانیان پێکهێناوە » (ل ١٤٠) .

یەکەم ـ بۆ هەموان ئاشکرایە ، کە هیچ نەتەوەیەکی ئێرانی نییە ، بەڵکو میللەتانی ئێران یاخود نەتەوەکانی ئێران (فارس ، کورد ، ئەفغان ، تاجیك .. هتد) هەن . خۆ دەزانین ، کە نەتەوەی سلاڤی نییە ، بەڵکو نەتەوەکانی سلاڤی یاخود میللەتەکانی سلاڤی (رۆس ، بولگار ، چیك .... هتد) هەن ، کە هەر یەك لەم میللەتانە خاوەنی مێژوو و کولتور و زمانی .... خۆیانن . هەر بەم چەشنەش : هەر یەك لە میللەتەکانی ئێران خاوەنی مێژوو و کولتور و زمانی تایبەتی خۆیانن . ئاشکرایە ، رەشید یاسمی لەبەر بەرژەوەندی شۆڤینێتی فارسی ، هەموو ئەم میللەتانە بە فارس دادەنێ .

هەواڵنامەی کتێب

هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆر جار « نەتەوەی فارس » ، « مێژوی فارس » ، « ئەدەبی فارسی » ، « زمانی فارسی » ... هتد دەکا بە « نەتەوەی ئێران » ، « مێژوی ئێران » ، « ئەدەبی ئێرانی » ، « زمانی ئێرانی » .

رەشید یاسمی زمانی کوردی ، باوەر و ئاینی کورد ، مێژو و کولتوری کورد ، وەك شێوەیەك یاخود لقێك لە زمانی فارسی ، مێژو و کولتوری فارس تەماشا دەکا .

رەشید یاسمی دەربارەی زمانی کوردی نوسیویەتی : « زمان مەرجێکی سەرەکییە بۆ بون بە نەتەوە و ئەمە باشتر لە هەمو شتێك نیشانی یەکێتی کورد و میللەتی ئێران دەدات » (ل ١٢٢) .... « لە بەراوردکردنی وشەکانی فارسی و کوردی ، زۆر ئاسان ئەم یەکێتییە دەردەکەوێ » (ل ١٣٢) . ئەگەر کورد و فارس خاوەنی یەك زمانیش بن ، هێشتا ئەمە نابێت بە بەڵگە ، تا بوترێ کە هەردوکیان (کورد و فارس - وەرگێڕ) یەك نەتەوە پێكدەهێنن . ئەوەندە بەسە ، گەر پەنجە بۆ نەرویج و دانیمارك رابکێشین ، کە خاوەنی یەك زمانن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەك نەتەوە نین .

بۆ نیشاندانی یەکێتی زمانی کوردی و فارسی ، رەشید یاسمی حەڤدە وشەی هێناوەتەوە(٦) ، کە گوایا لە هەردو زمانەکەدا

---

(٦) هێنانەوەی حەڤدە وشەی وێکچو لە زمانی کوردی و فارسیدا ، بە هیچ جۆرێك نابێت بە بەڵگە بۆ ئەوەی بوترێ ، کورد لە فارسەوە پەیدابوە . جا ، خۆ هەزاران وشەش هەن کە لەیەك ناچن ، گەر=

وێکدەچن. توسەر لەو وشانە لە ڕوَی (فۆنێتیك و مۆفۆلۆژی و سینتکسیس ...)ەوە نەکۆڵیوەتەوە و تەنها دەڵێ ئەم وشانە، وەك وشەکانی فارسی وان. بەڵام، گەر ڕەشید یاسمی لەم ڕووەوە بەراستی بکەوتایەتە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی، ئەوە زۆر سەربەخۆیی و جیاوازی زمانی کوردی بۆ ئاشکرا دەبوو. بێشك ئەو ناتوانێ ددان بەم ڕاستیەدا بنێ، چونکە، گەر ڕاستی بڵێ، ئەوسا ئەو مەرامەی هەیەتی بۆی نایەتە دی. جا هەر لەبەر ئەودشە بیر و باوەڕی هەندێ زانا (مان، زالیمان، ئەندیاس، میبیا، لینتس) بەراست دەزانێ، کە دەڵێن: هەرچەندە جیاوازی لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئێرانیدا هەیە؛ بەڵام هەر یەك زمانن و ئەو زمانەش فارسییە. ئەو جیاوازییەی لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا هەیە، شتێکی گرنگ نییە، بەڵکو ڕێکەوتە و هەروەها زمانی کوردی لقێکە لە درەختی زمانی فارسی» (١٣٤).

لێرەدا بە ئاشکرایی دیارە، کە ئەو ئەنجامەی زانایانی ناوبراو - کە زمانی کوردی و فارسی بە یەك زمان دادەنێن - گەیشتوونیەتی شتێکی هەڵە و چەوتە، هەر بەم جۆرەش ڕاست نییە بوترێ، زمانی ڕوسی و پۆڵەندی یەك زمانن. وێکچوونی بەشێك لە وشەکانی هەندێك زمان، وا ناگەیەنێ کە ئەو میللەتانە یەك ڕەگەزن.

هەرچەندە لە زمانی کوردی و فارسیدا گەلێك وشە هەن

= وابێ، دەبێ ئەمەش بێ بە بەڵگە بۆ دووری زمانی کوردی و فارسی. ئەم جۆرە نموونانە بنچینەیەکی زانستییان نییە (وەرگێڕ)

هەواڵنامەی کتێب

وێکدەچن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێ بوترێ ، زمانی کوردی لە زمانی فارسییەوە پەیدا بووە . زمانی کوردی چ لە فۆنێتیک ، چ لە مۆرفۆلۆژی ، چ لە سینتکسیس ، چ لە دروست بوونی وشەدا زمانێکی سەربەخۆیە و ئەم راستیە لە مێژە لە لایەن کوردناسانی سۆڤیێتەوە نیشان دراوە و چەسپێنراوە .

لە تەماشا کردنی جیاوازی لە نیوان زمانی کوردی و فارسیدا ، رەشید یاسمی وای دەداتە قەڵەم ، گوایا ئەمە ئەو جیاوازییەیە کە لە نیوان دیالێکتەکانی زمانی ئێرانی (بە تێگەیشتنی رەشید یاسمی فارسی)دا هەیە . نوسەر زمانی کوردی ناوناوە زمانی گفتوگۆی کورد ، وە زمانی فارسیش بە زمانی ئەدەبی دادەنێ . ئەو وای داوەتە قەڵەم ، کە ئەدەبی فارسی بۆ کورد هێندە خۆشەویست و نزیکە ، کە وا کورد ئارەزوو دەکەن هەر بە زمانی فارسی بخوێنن و بنوسن (ل ١٣٤ ـ ١٥٥) رەشید یاسمی دەڵێ : « تا ئەم ساڵانەی دوایی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا ، جگە لە نوسینی فارسی هیچ نوسینێکی تریان بەکار نەدەهێنا » (ل ١٣٥) . « مێژوونوسان و زانایانی کورد بە زمانی فارسی نوسیویانە » (« شەرەفنامە » و ... هتد) . دەربارەی ئەو شاعیر و نوسەر و مێژوونوسانەی بە زمانی کوردی نوسیویانە[٧] ، رەشید یاسمی بێدەنگ بووە . کەچی لەگەڵ

---

(٧) بڕوانە : ئەدەبیاتی کوردی ؛ ئینسکاۆپیدیای ئەدەبی ؛ وتارەکەی ڤیلچیڤسکی ، ئەدەبی کوردی دەرەوە ، « زمانە ئێرانیەکان » ، ب ٤ ، لینینگراد ١٩٤٥ ؛ گۆڤاری « دەنگی گێتی تازە » ، بەغدا ١٩٤١ ـ ١٩٤٦ ؛ هەروەها وتارەکەی من ، ئەدەبی کوردی دەرەوە دەربارەی=

هەولنامەی کتێب

ئەوەشدا چەند جارێك باســی کتێبە ئاینییـەکانی هۆزەکانی کورد (یەزیدی ، شەبەك .... هتد) دەکات ، کە پاشماوەی ئاینی رۆژهەلاتی کۆنیان پاراستوە . وەك زانایان[8] دەلێن ، ئەم کتێبانە بە کوردی نەنوسراون ، بەلـکو بە فارسی نوسراون .

رەشید یاسمی بەرامبەر بە کوردی ئێستای عێراق ، کە خاوەنی نوسین و زمانی ئەدەبی خۆیانن بێدەنگ بووە و لەگەل ئەوەشدا ، چەند جارێك دەلێت : هەرچەندە زمانی کوردی لە سالی (١٩٢١)ەوە بووە بە زمانی دووەمی رەسمی حکومەتی عێراق . بەلام کوردەکان خوێندنیان هەر لە رێگای کتێبە فارسییەکانەوەیە . رەشـید یاسمی نوسیویێتی : «لەعێراقدا ، لە سـالی (١٩٢١)ەوە لـە قوتابخانە میرێـکان و دەزگا رەسمیەکاندا بە زمانی کوردی کەوتنە نوســین ، بەلام لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا هەر کتێبە فارسییەکان دەخوێنن ، وەك : دیوانی سەعدی و نیزامی .. . هتد» .

بەم بۆنەیەوە هەندێك بەلـگە دەهێنینەوە بیر رەشید یاسمی ، کە بۆ رەگەز پەرستیبە بۆگەنەکەی ئەو ناخۆشە . ئاشکرایە ، زمانی گفتوگـۆی دەولەتی ســەفەوی فارسی نەبو ، بەلـکو ئازرباێجانی

= کوردی سۆڤیت ، کتێبی «مێژو و فیلۆلۆزی ولاتانی رۆژهەلات» ، ١٩٥٢ ، ژ ٣ .

(٨) ئو . فیلچێفسـکی ، مێژوی یەزیدیـکان ، گۆڤاری «ئاتایست» ، ژ ١ ، مۆسکۆ ١٩٣٦ .

بۆ . هەروەها دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی ـ شائیسماعیل بە زمانی ئازربایجانی لە پاش خۆی دیوانێکی گەورەی شیعری بەجێهێشت . بەڵام رەشید یاسمی خۆی لەم بەڵگەیە دەرخستۆتەوە و کەڕکردوە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کە دێتە سەر باسی دەوڵەتی سەفەوی بە دەوڵەتێکی ئێرانی (بە تێگەیشتنی ئەو فارسی) دادەنێ . ئێمە شکمان لەوە نییە کە زمانی فارسی و نوسینی فارسی لە ناو دەربەگەکانی کورددا زۆر بڵاوبۆتەوە . هەروەها دەشزانین ، هەندێ لەو دەرەبەگانە کە رەشید یاسمی بەناوی ئەوانەوە دەدوێت ، ئامادەن واز لە زمانی زگماکی خۆیان بهێنن و میللەتی کورد بکەن بە قوربانی لە رێگای سیاسەتی حکومەتی شادا . بەڵام رەشید یاسمی هیچ مافی ئەوەی نییە بەناوی تێگزایی میللەتی کوردەوە بدوێت .

مێژوی میللەتی کورد بە تێکزایی شایەتە ، کە کورد خاوەنی کولتور و زمانی خۆیەتی . خەباتی میللەتی کورد لە رێگای ئازادی و سەربەخۆییدا زنجیرێکی خوێناوییە ، کە بە هەموو سەدەکانی مێژوی میللەتی کورددا تێپەڕیوە . بەتایبەتی لەم دەمەدا خەباتی میللەتی کورد ئاشکرایە و وا بزانین تەنها بیرخستنەوەی خەباتی میللەتی کورد لە سالانی شەڕی دووەمی جیهاندا ، کە چۆن لە کوردستانی ئێراندا حکومەتێکی ئۆتۆنۆمییان پێکهێنا و چۆن بە زەبری بێبەزەییانەی حکومەتی زۆرداری شا لەناوبرا ، بەڵگەیەکی ئاشکرا و راست و باوەرپێکراوە .

رەشید یاسمی هەتا بە رەوشتی ئاینیش کورد بە لقێکی فارس

هەواڵنامەی کتێب

دادەنێ و بەم بۆنەیەوە نوسیویێتی دەڵێ : « ئایین یەکێکە لە
مەرجەکانی نەتەوە .... » (ل ١١٩) .... « لەسەر بنچینەی پاشماوەی
ئاینێ ، ئێمە دەتوانین ئەوە بچەسپێنین ، کە چۆن هۆزی کورد لقێکی
درەختی ئێرانییە و هەروەها ئەوەش ئاشکرایە ، کە چۆن هەزار ساڵ
لەمەوبەر هەموو ئێران و کوردستان ئاینی ئیسلامیان وەرگرتووە .
لێرەدا یەکێتی تەواویان دەردەکەوێ . جگە لەوە ، بەر لە ئیسلام
ئاینی دانیشتوانی کوردستان لەسەر ئاینی ئێرانی بوو (واتە زەردەشتی ـ
ق. کوردۆ) .

ئاشکرایە ، کە بەڵگە و لێکۆڵینەوەکانی رەشید یاسمی راست
نین و لە راستییەوە زۆر دوورن. دیارە کە بە هیچ جۆرێك ناتوانرێت
ئاین بە بنچینەیەك بۆ یەکێتی نەتەوەیەك بژمێررێت . هەموومان باش
دەزانین کە تورك و عەرەب و فارس و ئەفغان و میللەتانی تر زۆر
لەمێژە ئاینی ئیسلامیان وەرگرتووە ، بەڵام بە هیچ جەشنێك ناتوانرێ
بوتری ئەمانە یەك نەتەوەن . ئەگەر لە رێگای ئایینەوە تەماشای کورد
بکرێ ، کە لە چ نەتەوەیەکە ، ئەوسا بە ئاسانی دەتوانرێ کورد
بکرێ بە عەرەب ، بە تورك ، بە ئەفغان . .. هتد .

هەروەها لە بیر رەشید یاسمی دەخەینەوە ، کە ئەم میللەتانەش
هەر ئیسلامن . رەشید یاسمی دەڵێ : « ئیمڕۆ بە گشتی کورد لەسەر
ئاینی ئیسلامن . زوربەی کورد شافعین و تا لە ئێرانیش زوربەی
هۆزەکانی کورد هەر شافعین ، جگە لە هۆزەکانی ئەردەڵان و هەندێ
لە هۆزەکانی کرماشا و لورستان نەبێ کە جەعفەرین » (ل ١٢٢) .

بەم چەند دێڕەی نوسەردا وا دەردەکەوێ ، تەنها چەند هۆزێکی کورد جەعفەرین ، کە یاسا ئاینیەکانی حکومەتی ئێران لەسەر ئەم رێگایەن و ئێستاش بووە بە ئاینی نەتەوەی فارس . زوربەی هۆزەکانی کورد سونین ـ واتە شافعی ین . بەم چەشنە ، لە رێگای ئایینەوە ئاشکرا بۆ ، کە کورد بە هیچ جۆریك لقێك نییە لە درەختی فارستی .

رەشید یاسمی دەڵێ : پێش ئیسلام باوەڕی ئاینتی کوردستان لە سەرەتایەکی ئێراتی (فارسی ـ ق کوردۆ)یەوە پەیدا بۆ بۆ . ئێمە نازانین کە ئاینی زەردەشتی لەناو دانیشتوانی کۆنی کورددا چۆن بڵاوبوبۆەوە ، بەڵام ئەوەی ئاشکرا بێت ، تەنها ئەوەیە ، کە پەرەستنی ئاگر لای هەندێك لە هۆزەکانی کورد هەبووە . ئەگەر لەمەدا ئەوە بەدی بکرێ کە باووباپیری کورد لەسەر ئاینی زەردەشتی بۆن ، ئەوە هیچ زانایەکی راست ئەوە ناکات بە بەڵگە ، کە یەکێتی ئاین نیشانی یەکێتی میللەت بدات .

هەر بەم جۆرەش دەربارەی بەڵگە ئەتنۆگرافیێکان ، نوسەر دەڵی : لەم رووەشەوە هیچ جیاوازییەك لە نیوان کورد و فارسدا نییە « رەوشتی پرسەکردن و بوك هێنان و هەڵپەرکێ و سوورانە و رەوشتەکانی تری کورد ، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هەمان رەوشتانی ئێرانیێکاندا (فارسەکاندا ـ وەرگێڕ) نییە » .

ئاشکرایە ، ئەم رەوشتانە لای عەرەب و فارس و تورك و کورد یەك جۆرن . هۆی وێکچوونی هەندێك لەم رەوشتانە لای ئەو

میللەتانەی ناومان بردن ، ئەنجامی هاوژینییەکی درێژ و هاوئایینی و پەیوەندیی کولتورییە لە نێوانیاندا . هەروەها ئاشکرایە ، کە هاوئایینی ناتی بە بەڵگە و بە هۆ بۆ ئەوەی بوتری ئـــەم میللەتانە لە یەك رەگەزن .

هیچ بەڵگەیەك لـــەو بەڵگانەی رەشـــید یاسمی دەربارەی نیشاندانی ئەوەی کە رەگەزی کورد فارسە هێناونیـەوە ، بە بەڵگە نازمێررێن و هەروەها بەڵگەکانی لەسەر بنچینەیەکی زانستی نین . رەشـــید یاسمی خۆشـــی باش تێدەگات کە هیچ بەڵگەیەك لەو بەڵگانەی بۆ کورد کردن بە فارس هێناونیەوە لە راستییەوە نزیك نین و باوەڕیان پێ ناکرێت . بەڵام بەلای ئەوەوە ئەمە گرنگ نییە ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ، بە هەر جۆرێك بێت کورد بکات بە نەتەوەی ئێرانی (فارسی – ق. کوردۆ) . لەم بارەیەوە ئەو نوسیویەتی : « با بڵێین هیچ بەڵگەیەك لەو بەڵگانەی هێناومانەتەوە نەیان سەلماندووە و نەیان چەسپاندووە ، کە رەگەزی کورد ئێرانییە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، هـــەر دەبێ کورد بە کۆمەڵی نەتەوەی ئێرانی دابنرێت » (ل ١٤٠) .

رەشید یاسمی دەیەوێت نەك تەنها کوردی ئێران ، بەڵکو هەموو میللەتی کورد بخاتە ژێر دەست کۆمەڵی « نەتەوەی ئێرانەوە » . دیارە رەشید یاسمی بە کەمی دەزانێ کە بەڕێوەبەرانی حکومەتی ئێرانی کۆنەپەرست تەنها ئـەو کوردانە ئەچەوسێننەوە ، کە لە کوردستانی ئێران دەژین . هیوای ئەو ئەوەیـە ، تێکڕایی میللەتی کورد بخەنە

هەواڵنامەی کتێب

ژێر دەستی خۆیان و بە ئارەزوی خۆیان بیانچەوسێننەوە . هەر لەبەر ئەو هۆیەشە سەرنجی بەڕێوەبەرانی حکومەتی ئێرانی کۆنەپەرست رادەکێشێ بۆ داگیر کردنی کوردستانی تورکیا و عێراق ، کە ئەو هەر لە دەوری ئەخەمینیەکانەوە بە زەوی فارسی دادەنێ . وشەکانی (مۆنتسکیۆ و جانیما) دەربارەی داگیر کردن بە شێوەیەکی فراواتر و کراوەتر دەنوسی و دەڵێ : « ئەوەی شتێکی سەیر بێت ئەوەیە ، میللەتێك کە خاوەنی یەك زمانە دابەش دەکەن بەسەر چەند میللەتێکدا . زمان ، باوەڕی ئاینێ ، خو و رەوشت دەتوانن ببن بە هۆ بۆ دانانی سنور . حوکمی سیاسێ و ئەو یاسایانەی بۆ جیاکردنەوەی یەك میللەت دانراون راست نین[(٩)]. ئەگەر میللەتێکی خاوەن یەك زمان بە زۆری زۆرداری دابەش کرابێ ، رۆژێك هەر دێت کە ئەو میللەتە یەك بگرێتەوە و ئەو سنورە دەستکردە بکوژێنێتەوە » (ل ١٣٩) . ئەمەیە نەخشەی کێشراوی بۆرجوازی فارسی رەشید یاسمی .

رەشید یاسمی بەڵگەی ئەو زانایانە ، دەربارەی ئەوەی وتویانە : « کورد لە زوەدا سەربەخۆ بون ، خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و پادشا و حکومەتی ئۆتۆنۆمی خۆیان بون » (ل ٩) بە راست نازانێ و بە لاواز دادەنێ .

رەشید یاسمی لە بارەی لێکۆڵینەوەی مێژوی کوردەوە نوسیویێتی

---

(٩) لێرەدا رەشید یاسمی مەبەستی ئەوەیە ، کە میللەتی فارسیان دابەش کردوە ، چونکە ئەو کورد بە بەشێك لە فارس دادەنێ (وەرگێڕ) .

دەڵێ : « لە واقعی مێژوی کورد پیویستە بکوڵرێتەوە نەك لەو ڕێگایەوە ، کە کورد خاوەنی کام حکومەت بون ، یاخود لە چی ناوچەیەکی کوردستاندا باجیان نەداوە . بەڵکو پیویستە لە مێژوی کورد بکوڵرێتەوە لە ڕێگای نیشاندانی ئەو پەیوەندییانەی هەیانبووە لە ڕەگەزدا لەگەڵ ئێراندا و هاوبەشێ لە مێژوی میللەتی ئێراندا بە گشتی » (ل ٩) .

کاری شۆڤێنێتی فارسـی وای لە ڕەشید یاسمی کردوە ، کە بە چاوێکی سوك و بێ نرخ تەماشای گەلێك لەو سەرچاوە و کتێبانە بکات ، کە بەڵگەن بۆ نیشاندانی ئەوەی کورد خاوەنی مێژوی خۆی و دەولەتانی سەربەخۆی خۆی بووە . ئەم بەڵگانە بە دوڕ و درێژی لە لایەن هەندێ زانای کوردەوە نوسراون ، وەك : شەرەف خانی بەتلیسی ، کە دەربارەی مێژوی کورد لە دەوری داگیرکردنی عەرەبەوە تا کوتایی سەدەی ١٦ ز. دواوە ؛ ئەمین زەکی بەگ ، خاوەنی دو بەرگە لە کتێبی مێژوی کورد لە دەورەکانی کۆنەوە تا سەرەتای سەدەی بیست ؛ حسەین حوزنی موکریانی ، نوسەری مێژوی ئەمارەتەکانی کوردە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ؛ عەبدولعەزیز یامولکی ، باسی مێژوی شۆڕشەکانی کوردی کردوە .... هتد .

ئەو مێژو نوسانەی لەسەرەوە ناومان بردن ، بە دوڕ و درێژی ، لە ڕێگای خستنە پێش چاو و هێنانەوەی گەلێك ڕوداو و بەڵگەوە ڕونیان کردۆتەوە و نیشانیان داوە ، کە نەك جیاوازی و سەربەخۆیی هەبووە لە بونی هەندێك ئەمارەتی کوردیدا ، لە کاتی

جیاوازدا ، بەڵکو گەلێك زانیاریشیان دەربارەی خەباتی میللەتی کورد لە ڕێگای ئازادی و سەربەخۆییدا نوسیوە . کەچی ڕەشید یاسمی بەرامبەر ئەو ڕوداوانە خۆی بێدەنگ کردوە ، بەڵام ئەو ناتوانێ بە بێدەنگی بەلای ئەو بەڵگانەدا تێپەڕێ ، کە لە زانستدا دەربارەی بونی هەندێك لە دەوڵەتانی کوردی ناسراون . هەر لەبەر ئەوەشە ددانی بە بونی چەند دەوڵەتێك و ئەمارەتێکی دەرەبەگایەتی کوردیدا ناوە . بۆیە کاتێك لە مێژوی کورد بەر لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە ، باسی مێژوی هەندێك لە دەوڵەتەکانی کورد دەکات ، وەك : بەرازتی (سالانی ٣٤٠ـ٤٠٦ ك. / ٩٥١ـ١٠١٥ ز.) ؛ شەدادتی (سالانی ٣٤٠ـ٥٩٥ ك. / ٩٥١ـ١١٩٩ ز.) ؛ حەمەدانتی (سالانی ٢٨١ـ٢٩٣ ك / ٨٩٤ـ٩٠٥ ز.) ؛ مەروانتی (سالانی ٣٨٠ـ٤٨٩ ك. / ٩٩٠ـ١٠٩٥ ز.) .... بەڵام ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشید یاسمی بە هیچ جۆرێك ناوی ئەو ئەمارەتە کوردییانە ناهێنێ کە لە پێش سەفەویەکاندا هەبون .

کاتێك ڕەشید یاسمی باسی دەوڵەت و ئەمارەتەکانی کورد دەکات ، چووە مێژوی شێواندوە و باسەکەی وەرچەرخاندوە و بە مێژوی فارسی داناوە . هەروەها ڕوداوە مێژوییەکانی کوردستان ، وەك ڕوداوی مێژویی فارس داوەتە قەڵەم . ئەو هەر وەك یەکێکی سەرکردایەتی فارس مێژوی کوردی وەرگێڕاوە . خەبات و هاوکاری هۆزەکان و هەندێك لە ئەمارەتەکانی کورد لە ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی خۆیاندا دژی داگیرکەرانی یۆنان و عەرەب و مەغۆل و سەلجوقی .. هتد داوەتە قەڵەم بەوەی کورد « هەستیان بە

پەیوەندیی هەمیشەیی کردوە لەگەڵ ئێرانییەکاندا (فارسەکاندا – ق. کوردۆ) و لەبەر ئەوە لە ڕێگای پاراستنی ئێراندا جەنگاون » (ل ٩).

نوسینی مێژوی کورد ، تەنها بۆ ئەو مەبەستەی لە ڕێگایەکی چەوت و دوور لە زانستەوە نیشان بدرێ ، کە کورد و فارس یەك ڕەگەزن و کورد هاوبەشی کردوە لە مێژوی فارسدا سەرناگرێ . ڕەشید یاسمی لە ڕێگای ئەم مەبەستەدا گەلێك ڕوداوی مێژویی ، کە بەڵگەن بۆ نیشاندانی خەباتی کورد لە ڕێگای سەربەخۆیی و ئازادیدا بە ئارەزوی خۆی شێواندونی و هەڵیگێڕاونەتەوە . ئەو دەڵێ : « کورد هاوکارییەکی چالاکی بووە لە پاراستنی هەموو حکومەتەکانی ئێراندا لە سەرکەوتنیدا بەسەر نەیانەوا و یۆناندا ، لە پاراستنی ولات لە کەزنەفۆن ، لە هێرشی عەرەب و لە هەزاران شەڕی کەدا دژی دوژمنان . کورد لە ڕیزەکانی لە شکری پاراستنی ئێراندا بوون ، لە ڕێگای پاراستنی خاکیان ئەجەنگان و لە ڕێگای تاج و تەخت و خاکیان خۆیان دەکرد بە قوربانی » (ل ٩).

بە باسەکەی ڕەشید یاسمیدا وا دەردەکەوێ کە کورد هاوکارییەکی چالاکیان کردوە لە خەباتا لە ڕێگای سەربەخۆیی حکومەتەکانی ئێراندا . نوسەر بەمە گرنگی زۆر دەدات . بێشك ، ئەمە نیشانی ئەوە دەدات ، چۆن چاکەی میللەتی کورد هەیە بەسەر مێژوی ئێرانەوە ، بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە مێژوی کورد تەنها ئەمە نییە . ئایا مێژوی کورد تەنها بریتییە لەوەی ، کە خۆیان کردوە بە قوربانی لە ڕێگای پاراستنی تاج و تەختی ئێراندا ؟

هەوالنامەی کتێب

راستە، بۆ نیشاندانی یەکێتی خەبات لە نێوان کورد و فارسدا دژی داگیرکەران بەڵگە هەن. بێگومان ئەم یەکێتی خەباتە شتێکی راست و پێویستە، بەڵام هۆی ئەمە چی بووە؟ .... رەشید یاسمی دەڵێ، هۆی ئەمە ئەوە بووە، کە میللەتی کورد و فارس خاوەنی «یەك ئامانج و یەك هەست بوون»، خاوەنی یەك رەگەز و یەك باوەڕی ئاینی بوون».

بە رای ئێمە یەکێتی خەباتی کورد و فارس لە هەچ کاتێکی مێژوودا بووبێ، دژی هەر داگیرکەرێك بووبێ، ئەوەیە کە بەرژەوەندی میللەتی کورد و فارسی تیدا بووە لە رێگای پاراستنی خاکیاندا دژی ئەو داگیرکەرەی بۆ هەردوو لا یەك دوژمن بووە، کە ویستوبەتی سەربەخۆییان زەوت بکات .... ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کورد و فارس بە درێژایی مێژوویان پێکەوە دژی دوژمنان جەنگاون؟ ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم میللەتانە بەجیا خەباتیان نەکردبێ و بەجیا دژی دوژمنەکانیان نەجەنگابن؟ ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کورد و فارس هیچ کاتێك لەگەڵ یەکتردا شەڕیان نەکردبێ و بەگژ یەکا نەهاتبن؟

مێژوو نیشانی داوە، کە کورد خەباتیان تەنها دژی یۆنان و عەرەب و مەغۆل و سەلجوقێکان نەکردوە، بەڵکو هەروەها خەباتیان دژی فارس کردوە. خەباتی درێژ و سەختی میللەتی کورد دژی شاکانی فارس بە دوور و درێژی لەو کتێبانەی لەسەرەوە ناومان بردن باس کراوە. هەروەها مێژوو شایەتی دەدات کە سەرۆکە کوردە

هەواڵنامەی کتێب

دەرەبەگەکان و ئەمیرەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە دەرەبەگایەتی ئاسیای بچوك و سەروی میسۆپۆتامیادا دەورێکی گەورەیان بینیوە ، بەڵام ڕەشید یاسمی ئەمەی شاردۆتەوە . ڕاستە ، مەجبور بووە ددان بەوەدا بنێ کە کورد لە مێژوویدا گەلێك جار هەڵمەت و هێرشیان بردۆتە سەر ئێران و شۆڕشیان دژی دەوڵەتی ئێران بەرپا کردوە . « ئەم میللەتە (کورد — ق . کوردۆ) کە لەم ناوچەیەدا دەژی لە ماوەی سەد ساڵدا سزای ڕۆژگار و چارەنوسی مێژووی زۆر بینی . زۆر جار ڕووی داوە ، کە ئێران — واتە لانك و مەڵبەندی دروست بونی کورد — بووە بە مەیدانی جەنگ و کوشتار ، یاخود بووە بە شوێنی ناکۆکی و گێرەشێوێنی ناوخۆ . لەم دەورانەدا پێشرەوەکانی کورد گەنگیان بە ئاینی خۆیان داوە و سەریان بۆ حکومەت شۆڕ نەکردوە و شۆڕشیان بەرپا کردوە . بەڵام ئەوان (کورد) هیچ کاتێك نەیانویستوە و هەوڵی ئەوەیان نەداوە ، کە بە نیازی جیابونەوە دژی میللەتی خۆیان (فارس — ق . کوردۆ) شۆڕش هەڵگیرسێنن » (ل ٧) .

ڕەشید یاسمی ئەو چەند دێڕەی بۆ نمونە هێناوەتەوە — واتە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە کورد « سەریان بۆ حکومەت شۆڕ نەکردوە » و شۆڕشیان دژی ئێران بەرپا کردوە . ڕەشید یاسمی بە شێوەیەکی هەڵگێڕاوە باسی شۆڕشەکانی کورد دەکات ، کە دژی ئێران بەرپایان کردوە و هەروەها نایەوێ ددانی پیادا بنێ کە ئەم خەباتەی میللەتی کورد لە ڕێگای سەربەخۆیی و ئازادیدا شتێکی مێژوویی و مافێکی نەتەوایەتیە .

رەشید یاسمی لە باسی خەباتی میللەتی کورددا دژی دوژمنەکانی لە رێگای ئازادی و سەربەخۆییدا هەڵگێڕانەوەیەکی زۆری کردوە هەندیك لەو وەرچەرخاندن و شێواندنەی رەشید یاسمی دەخەینە پێش‌چاو :

لە « ئەنەباسیس »ی گەزنەفۆندا نوسراوە : لە دەوری ئەخەمینیەکاندا ، کاردوخەکان (کوردەکان) سەریان بۆ شای فارس شۆڕ نەکردوە و لە ژێر حوکمی فارسدا نەبون . کەچی رەشید یاسمی نوسیویەتی : « ئەمە ، ئەوە ناگەیەنێ کە کورد هۆزێکی سەربەخۆ بوبێ . دەوڵەتی ئەخەمینی توانای ئەوەی هەبوە سەر بە میللەتان شۆڕ بکا و بخاتە ژێر حوکمی خۆیەوە . هەر لە سەندەوە تا بۆسفۆر و هەر لە صەیداوە تا حەبەشە لە ژێر حوکمی ئەم دەوڵەتەدا بوە و هیچ کاتێك رێگای ئەوەی نەداوە لە ناوەڕاستی حکومەتەکەیدا هۆزێکی سەربەخۆ ببێت » (ل ١٠٨).

ئەگەر دان بەوەشدا بنێین ، کە لە کاتی دەوڵەتی ئەخەمینیەکاندا کورد لەسەر شێوەیەکی سیاسی سەربەخۆ نەبون و لە ژێر حوکمی پادشاکانی ئەخەمینیدا بون ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو دەمە کورد خاوەنی بنچینەی ئابوری و زمان و ژیانی کوردەواری خۆیان نەبون .

سەبارەت بەو کوردانەی دەربەندی چیاکانیان پاراستوە و دژی لەشکری گەزنەفۆن جەنگاون ، رەشید یاسمی دەڵێ : کوردەکان ئەمەیان بۆ پاراستنی خاکیان ، ماڵاتیان ، خۆیان و سەربەخۆییان لە بێگانە نەکردوە ، بەڵکو ئەوەیە کە « کوردەکان لە رێگای

هەواڵنامەی کتێب

بەجێهێنانی فەرمانی شـــا ئەردەشێردا خۆیان داوە بە کوشت و دەربەندەکانیان پاراستوە » .

دیسان ، نوسەر خەباتی کورد دژی سەلجوقیەکان ، وەك خەبات لە رێگای خاك و میللەتـــدا ناداتە قەڵەم ، بەڵکو دەڵێت ئەمە خەبات بووە « دژی داگیرکەرانی تاجی ئێران » . هەروەها ، رەشید یاسمی خەباتی میللەتی کورد دژی مەغۆل و ســـەلجوق و عەرەب و داگیرکەرانی تر ، وەك خەبات لە رێگای پاراستن و هێشتنەوەی « تاجی ئێراندا » تەماشـــا دەکا . رەشید یاسمی بێ ئەوەی تۆزێ شەرم بکا دەڵێ : « هەر لە دەوری سەفەویەکانەوە لە مێژوی کورددا هیچ شتێکی نوێ نییە »و« ئەوەی کە هەیە تەنها دوبارە کردنەوەی روداوەکانی کۆنە » ..... « مێژوی کورد پاش دەوری ســەفەویەکان بریتییە لە مێژویەکی پەیوەندی هەمیشەیی لەگەڵ ئێراندا ، مێژویان خۆکردنە بە قوربانی لە رێگای پاراستنی ئێرانـــدا و لە پێنـاوی هێشتنەوەی تاج و تەختی ئێراندا » (ل ٢١٩) .

بەم جۆرە لە نمونەکانی ئەم کتێبەی رەشـید یاسمیدا « مێژوی نەژاد و پەیوەستەگی کورد » ، کە رەخنەمان لێ گرتووە ، ئاشکرا دیارە ، کە چۆن مێژونوسـانی قەومی بۆرجوازی فارسی لە ئێراندا بە ئارەزوی خۆیان رەوزەوەی مێژوی کورد وەردەچـەرخێنن و دەشێوێنن . رەشید یاسمی لەم رێگەیەوە پاکانە بۆ ئەو سیاسەتە کۆنەپەرستەی ناوخۆی ئێران دەکات ، کە بەرامبەر بە گەلی کورد لە ئێراندا پەیرەوی دەکرێت . بۆ ئەم مەبەستە ئینکاری میللەتانی تری

خاوەن کولتور و زمانی خۆ دەکات . نوسینی کتێبەکەی لەسەر بنچینەیەکی شۆڤێنێتی فارسی وای لێ کردوە ، کە تەماشای مێژوی کورد ، وەك مێژوی « نۆکەران و پارێزەرانی تاجی ئێران » بکات . ڕەشید یاسمی سیاسەتی داگیرکردنی خاکی بێگانە بڵاودەکاتەوە . پروپاگەندە دژی کورد دەکا ، کە گوایا سەرشۆڕ و نۆکەری حکومەتی شای کۆنەپەرست بون .

* * * * * *

هەواڵنامەی کتێب

رەخنە لە بیر و باوەڕی هەڵە
لە بارەی زمانی کوردییەوە

ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٥٥دا لە گۆڤاری «کورتەی دەنگوباسی ئامۆزگای ڕۆژهەڵاتناسی»دا بڵاوکراوەتەوە ، ب ١٢ ، ل ٤٣ ــ ٦٢ . هەرچەندە بەسەر بڵاوکردنەوەیدا ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە ، بەڵام تاکو ئێستا یەکێکە لەو وتارە گرنگانەی لە بارەی زمانی کوردییەوە نوسراوە (وەرگێڕ) .

بۆ نیشاندان و خستنە بەرچاو و ئاشکراکردنی ئەو بیر و باوەڕە هەڵە و نادراست و دوور لە زانستییانەی ن. یا مارر و هەروەها بۆ شیکردنەوەی بیر و رای چەوت و وشکی شاگردان و لایەنگیرانی ن. یا. مارر ، کە لە بارەی زانستی زمانەوە نوسیبویان ، زمانناسانی سۆڤێت و بەتایبەتی زانایانی ئامۆزگای زمانەوانی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت دەورێکی گەورەیان بینیوە و گەلێک کاری تیۆرییان بڵاوکردۆتەوە و ئەو تۆوە پڕ زیانەی چاندبویان هەڵیان گێڕایەوە .

پێویستە ، ئەوە لە بیر نەکەین کە دوور کەوتنەوە لە هەڵەکانی

ن. یا. مارر و لە ناوبردنی ئەو باوەڕە کاڵ و کرچانە ، نەک تەنها کارێکی مەزنە دژی ئەو تیۆرییە زمانەوانیانەی ن. یا. مارر ، کە لەسەر بناغەیەکی چەوت و چەوێڵ و دوور لە زانست هەڵچنرابوون ، بەڵکو خەباتە دژی ئەو کەسانەش کە بە باشی تێنەگەیشتبوون و پشتگیری ئەو بیر و باوەڕە چەوتەی ن. یا. مارریان دەکرد. لەم ڕووەوە لە ناو ڕۆژهەڵاتناسەکانیشدا هەبوون ، کە لە ناشارەزایی خۆیانەوە گەلێک هەڵەیان کردوە لە ڕێگای پێشکەوتنی ئەم زانستەدا و بۆ تەماشا کردنەوەی ئەو هەڵوێستە نزاستانەی نەک تەنها دەربارەی زمانەکانی ڕۆژهەڵات ، بەڵکو هەروەها دەربارەی فۆلکلۆر و ئەدەب و مێژووی میللەتەکانی ڕۆژهەڵات هەن پێویست بە خەباتێکی سەخت هەیە . هەروەها ئەوەش دەهێنینەوە یاد ، کە تاکو ئێستا نوسراوێکی وەهەمان لە بارەی کوردناسییەوە نییە ، کە لە بەر ڕۆشنایی بیر و باوەڕێکی مارکسی نوسرابێت . بۆیەکا لەم بارەیەوە بە پێویستی دەزانین ، بە وردی لەسەر بیر و باوەڕێکی مارکسی ڕەخنە لە کوردناسان بگرین .

بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن ، کوردناسی لە وەزعێکی ژێردەستیدا بوو . زمانی کوردی دەخوێنرا و لێی دەکۆڵرایەوە ، نەک وەک زمانێکی تایبەتی ، نەک وەک زمانی نەتەوەیەک ، بەڵکو وەک کەرەستەی یاریدەدەر بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی فارسی کۆن . لەباتی ئەوەی کوردناسی لەو ژێر دەستییە ئازادبکرێ و شێوەیەکی سەربەخۆ وەربگرێ ، کەچی هەندێ لە کوردناسان دەستیانکرد بەوەی ، کە کوردناسی بە ڕێگایەکی چەوتا بەرن .

هەواڵنامەی کتێب

له سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، له نێوان رۆژهەڵاتناسانی رووسدا ، لەسەر چۆنیێتی پەیدابوون و مێژووی زاراوەی «چەلەبی» ، که له زمانی کوردی و عەرەبی و تورکیدا بۆ مانای : بەشەرم ، بەناموس ، گۆرانیبێژ ، قاچاغ ، چەتە ، قۆشمە ..... هتد بەکار دەهێنرێ ، باوەڕی جیاواز هەبوو . دەربارەی ئەم زاراوەیە گەلێك وتار بڵاوکراوەتەوە و له نێوانیاندا وتاری ن. یا. مارر له ژێر ناوی « دیسان دەربارەی وشەی چەلەبی » و «بایەخی کولتوری میللەتی کورد له مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا » [١] بەرچاو دەکەوێ.

راستە ، نووسەر لەم وتارەدا گەلێك نموونەی جوانی سەبارەت بە دەوری کورد له مێژووی کولتوری میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوەتەوە و نیشانی داوە ، کە چۆن کورد لە سەدەکانی ١٠ ـ ١٣دا دەورێکی گەورەی بینیوە لە پێکهێنانی ئاسیای بچووك و له سازکردنی کولتورێکی بەنرخ له مێژووی میللەتانی پشت قەفقاسدا . بەڵام ئەوەی جێگەی رەخنە و سەرسوڕمانە ، ئەوەیە کە ن. یا. مارر تەماشای مێژووی میللەتی کورد دەکا و لێی دەکۆڵێتەوە نەك وەك لە مێژووی میللەتێکی جیاواز و سەربەخۆ ، بەڵکو وەك مێژووی یافیتی (جۆرجی ، خالدی ، ئەرمەنی) .

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لە مانای وشەی « چەلەبی » و هەروەها

---

(١) ن. یا. مارر ، دیسان دەربارەی وشەی چەلەبی ، « دەستنووسەکانی بەشی رۆژهەڵاتناسی کۆمەڵی ئارخیۆلۆژی » ، پیترسبورگ ١٩١٢ ، ب ٢٠ ، ل ٩٩ ـ ١٥١ .

وشەی « کورد » — کە یەکێکە لە نەتەوە ئێرانیێکان و کە زمانەکەشی هەر لە بەشی زمانە ئێرانیێکانە ، ن. یا مارر هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە هەڵە و چەوت و چەوێڵەی کە ئەســڵی کورد و زمانی کوردیی بە یافیتی دابنێ و بڵێ : « وێکچوونێکی زۆر ئاشکرا لە نیوان رەگی (کارد ، رەسپ ، کۆرد) و رەگی ناوی گروزین[٢] — (قـەرد ، قۆرد + و) ..... دا دەبینرێ بەلای ئێمەوە سەیر نییە ، ئەگەر لەبەر تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ وشــەی کاردوخ (کورد) و قارتو (گروزین) هەندێ لەیەك دوورکەوتبنەوە و ئێستا هەزاران ساڵە کە لەیەك دوورکەوتونەتەوە . دیارە لە زمانی کوردیدا گۆڕانێکی بنەڕەتی رووی داوە و بە تەواوی لە شێوەی یافیتی لای داوە »[٣] . پاش ئەوە ن. یا. مارر نیشانی دەدا ، کە « هەموو مانا ئاینیێکان و کۆمەلایەتیێکانی وشــەی (چەلەبی) لە زمانی کوردیدا زۆر لە پێش سەرەتای سەدەی چواردەهەمدا پەیدابوون – واتە بەر لەوەی ئەم نەتەوەیە شێوەی ئێرانی وەربگرێ »[٤] .

ئایا دەتوانرێ بوترێ ، زمانی کوردیی کە زمانی نەتەوەیەکی زۆی ئەو هەرێمەیە کەوتە ژێر تاسیری زمانە ئێرانیێکان و شێوەی ئەوانی وەرگرت ؟ ئەمە تەنها خەیاڵێکی خاوە و بۆ سەلماندن و چەسپاندنی ئەو خـەیاڵە خاوە پێویسـتە گەلێك نموونەی مێژوویی و

---

(٢) جۆرجی .

(٣) سەرچاوەی ناوبراو ، ن. یا. مارر ، ل ١٣٩ .

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٠ .

هەواڵنامەی کتێب

زمانی و ئەتنۆگرافی نیشان بدرێ ، بەڵام تاکو ئێستا هیچ نیشان نەدراوە . بێمانایە هەر لەبەر ئەوەی چەند وشەیەکی کوردی لەگەڵ چەند وشەیەکی جۆرجی و ئەرمەنیدا ویەکدەچن بوترێ ، کە زۆ کورد بە زمانەکانی یافیتی دەدوان .

بە رای ن یا. مارر لە سەدەکانی ١٠ — ١٣دا چ کورد ، چ زمانی کوردی کەوتنە تێکەڵاوبوون لەگەڵ چەند زمانێکی تردا . لەم رووەوە نووسیویتی : لەم ماوەیەدا بەشێك لە کورد کەوتە تێکەڵاوبوون لەگەڵ عەرەب ، بەشێکی کە لەگەڵ نەتەوە ئێرانیەکان ، وە بەشی سێیەم لەگەڵ تورکدا . نووسەر لێرەدا بەتایبەتی لەسەر ئەوە زۆر دەڕوا ، کە گوایا دوا دەوری پێشکەوتنی کورد — ئەو دەورەیە ، کە بە تەواوی شێوەی تورکی وەرگرت . لەسەر ئەم باسە ن. یا. مارر دەڵێ : « بەشێك لە کورد لەسەر زبانی زۆی خۆیان و لەسەر ئاینی خۆیان مانەوە . ئەو زاراوە کۆنانەیان وەك نوێ لێکرد و وەریانگێڕایە سەر زمانەکانی ئێرانی و عەرەبی . ئەو بەشەی کە بەشێکی گرنگ بوو لەگەڵ ئیسلام (تورك)دا لە ئاسیای بچووك کەوتنە تێکەڵاوبوون و ئاینی ئیسلامیان وەرگرت و لە زبانی خێڵایەتییەوە بەرەو زبانی دەوڵەت بزوتنەوە .... »(٥) .... « لە وشەی (چەلەبی) - ئێمە مەبەستمان لەو بەشە (کوردە - ق. کوردۆ) گەورەیەیە کە مێژووی نەتەوەی خۆیان دروست کردوە » ، کە وا « لە دەور و بەری سەدەی ١٤دا ، بێوستان ، یەك پارچە یاخود بەشێکی زۆری لەگەڵ تورك - سەلجوقی تێکەڵ بوو و هەردوو وشەی (چەلەب) و (چەلەبی)

---

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٩ .

هێنایە ناو زمانی خۆیەوە »[٦] .

بەم باسەی ن. یا. ماردا وا دەردەکەوێ :

١— دەوری پێش تێکەڵاوبوونی کورد لەگەڵ تورك و زمانی کوردی لەگەڵ زمانی تورکی ـ ئەمە ئەو دەورەیە کە زمانی کوردی وەك یەکێك لە زمانەکانی یافیتی . شێوەی ئێرانی وەردەگرێ .

٢— پاش ئەوەی زمانی کوردی شێوەیەکی ئێرانی وەرگرت ، دەستی کرد بە تێکەڵ بوونێکی تەواو لە گەڵ زمانی تورکی . بەم جورە زمانی کوردی کە شێوەیەکی تورکی وەردەگرێ ، دەگەرێتەوە بو سەدەکانی ١٣ ـ ١٤ .

٣— زمانی کوردی لە کۆمەڵێك لە زمانانی جیاواز پێکهاتووە .

ئەم لێکولینەوە ناراستە چەوتانەی ن. یا. مارر یارمەتی ئەوە دەدەن ، کە لێکوڵینەوە لە نەژادی کورد و لە زمانی کوردی بەرەو و رێگایەکی خراپ بەرن ، وە ببن بە کۆسپ لە رێگای پێشکەوتنی زمانی کوردیدا .

لایەنگیر و بڵاوکەرەوەی ئەم تیۆرییەی ن یا. مارر دەربارەی سروشتی زمانی کوردی و پێشکەوتنی ئو. ل. ڤیلچێڤسکی و ب ف میللیر بوون . ئەمان نەك تەنها پشتگیری ئەم « لێکۆڵینەوە نوێیە بوون دەربارەی زمان » کە دژی زمانە ئێرانیەکانە ، بەڵکو لەگەڵ تێکزایی بیر و باوەڕەکانی ن. یا. ماررداڕ بوون .

---

(٦) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٠ ـ ١٢١ .

ئو ل. فیلچێڤسکی لە هەموو نووسراوە مێژوویی و ئەتنۆگرافی و ئەدەبی و زمانەوانییەکانیدا مەرامی هەرە گەورەی ئەوە بوو کە تەشەنە بە نووسینەکانی ن. یا. مارر بدا و بیان چەسپێنێ و جێگیریان کات. لەم بارەیەوە ئەو نووسیویەتی: «وام نیسازە لە ژێر ناوی «کەرەستەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی شێوەی کۆمەلایەتی لە کوردستان»دا چەند وتارێک بنووسم دەربارەی هەندێک وشە، کە لە کوردیدا ماون و پەیوەندییان لەگەڵ وشەی «چەلەبی» دا هەیە و گرنگییەکی مێژووییان هەیە...»[7]. هەروەها ئو ل. فیلچێڤسکی لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی پێویستە تەنها لە سەر ئەو ڕێگایە بێت کە ن. یا. مارر نیشانی داوە. بەم بۆنەیەوە نووسیویەتی: «پاش پەیدابوونی ئەم نووسینە (نووسینەکەی ن. یا. مارر) پێویستە پێشکەوتنی کوردناسی و لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی لەو ڕێگایەوە بێت کە ن. یا. مارر نیشانی داوە تەنها لەو ڕێگایەوە دەتوانرێ گەلێک کاری ئاڵۆز خاو بکرێتەوە. هەر هەوڵێک بۆ گەڕانەوە سەر ئەو باوەڕانەی کۆن بدرێ ڕێگا لە ڕاستی دەبڕێ، وە هەموو لێکۆڵینەوەیەک لە بنچینەی زانستی بێبەر دەبێ»[8]

ئو ل. فیلچێڤسکی دژی ئەو ڕێگا ڕاستە مێژووییە ڕاوەستاوە، کە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانییەکان و بە تایبەتی بۆ زمانی کوردی بەکار دەهێنرێ. ئەو بانگی کوردناسان دەکات، کە لە لێکۆڵینەوەی

(٧) زمانە ئێرانیەکان، ب ١، ل ١٤ – ١٥.

(٨) بیر و زمان، ب ١، ١٤ – ١٥.

هەواڵنامەی کتێب

زمانی کوردیدا لەسەر ڕێگای ن. یا. مارر بڕۆن ـ واتە لەسەر بناغەی وشە و زاراوەی کۆمەڵایەتی .... ئو. ل. ڤیلچێڤـسکی نوسیویێتی :
« تا ئەو کاتەی ئێمە لە دەوری کورد و زمانی کوردی دەمێنینەوە ... کە ڕەستەی سەرەکی بۆ ئێمە هی دەوری هەرە پێشووە لە فۆلکلۆر و داستانەکاندا .... »[9] .... « بۆ دەورەکانی هەرە پێشو لە پێشکەوتنی زمان ، لێکۆڵینەوە لەسـەر شێوەی بەراوردکردنی زمان بە هیچ جۆرێك ڕاست نییە . بەم جۆرە ، لێرەدا ڕاستی لێکۆڵینـەوەکانی ن. یا مارر دەردەکەوێ ، کە لەســەر بناغەی وێـکچونی مانای وشەیە .... »[10] .

دوا بە دوای ن یا. مارر ، ئو. ل ڤیلچێڤـسکی تەماشای زمانی کوردی دەکات وەك زمانێـکی تێکەڵاو ، کە ڕێـگای پێشکەوتنی لە زمانەکانی یافیتیەوە دەســت پی دەکا و دوایی لە ڕێـگای زمانە ئێرانیـێکان و عەرەبیەوە بەرە و زمانی تورکی دەڕوات . ئەم ڕێـگای پێشکەوتنەی زمانی کوردی و « چونی » یاخود « بونی » لە زمانێکەوە بۆ زمانێـکی تر ، وەك ئو. ل. ڤیلچێڤـسکی باس دەکا گۆڕانێـکی خێرا و پەلەیە لە ژیانی کۆمـەڵایەتی و ئابوری و ســیاسی گەلی کورد و مێژوی پێشکەوتنیدا . بەم شێوەیە ئەوەی ن یا. مارر دەربارەی کورد نوسیویێتی ، ئو ل ڤیلچێڤسکی دوبارەی دەکاتەوە و فراوانتری دەکا و بەم جۆرەی خوارەوە نیشانی دەدا .

---

(٩) زمانە ئێرانیێـکان ، ب ١ ، ل ١٥ .

(١٠) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧ .

١- کورد لە ئەسڵدا خەڵکی زۆری ناوچە شـــاخاوییەکانی ئاسیای بچوکن و زمانی کوردی لەم ناوچەیە دروست بووە ، نەك لە شوێنێکی تری زەوی ئەم جیهانە .

٢- پێشکەوتنی شێوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری هەڵگری ئـەم زمانە و هەروەها ئەنجامی گۆڕانی زبانی کورد لە کولتوریدا ، بۆ بە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی و هۆی دورکەوتنـــەوە لە زمانەکانی یافیتی ، کە هاو زمان بۆ[11] لەگەڵ جورجی و خالدی و ئەرمەنیدا . ئەو (زمانی کوردی ـ وەرگێڕ) لە زمانەکانی هیند و ئەوروپایی نزیك بووەوە و دواکات ، واتە لە دەوری دەرەبەگایەتی کوردستاندا بەرەو زمانی تورکی کەوتەڕێ »[12] .

هەر لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا چەند وشەیەك هەن ، کە لە زمانی تورکییەوە نزیکن ، ئو. ل. فیلچێفسکی دەڵێ ، کە گوایا لە ســەدەی ١٣ دا لە تورکیا زمانی چینی سەرکاری کورد تێکەڵ بە زمانی تورکی بۆ ، بەڵام زمانی چینی زەحمەت کێش هەر لەسەر شێوەی کۆنی دەڕۆیشت کە لە یافیتی و ئێرانی و عەرەبی بۆ .....

« پاش ماوەیەك ، لە ســەرخۆ زمانی چینی زەحمەت کێش لە زمانە سامییەکان نزیك دەبێتەوە . لەپڕ لە زمانە سامییەکان دور دەکەوێتەوە و

---

(١١) واتە زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی جورجی و ئەرمەنی هاو زمان بۆ (وەرگێڕ) !

(١٢) بیر و زمان ، ب ٨ ، ل ٢٢٥ .

وەك زمانی چینی دەرەبەگی سەرکاری ئەو دەورەی لێ دێت »[13] .

ئو. ل. ڤیلچێڤسکی جگــە لە هــەمو ئەو وتە بێمانایانەی توسیوێتی ، کە چی هێشتا دەیەوێ بیچەسپێنێ کە وا « لە مێژە نیشان دراوە ، کە ن. یا. مارر یەکەمین لێکۆڵینەوەی راستی دەربارەی وێکچونی وشە و رستەی کوردی و تورکی پێشکەش کردوە »[14] .

ئاشکرا نییە ، کە ئو. ل. ڤیلچێڤسکی دەربارەی چ وشــە و رستەی کوردی نوسیوێتی . هەروەها ئاشکرا نییە ، کە چ زانایەك لە مێژە نیشـانی ئەو وشە و رستانەی داوە کە وێـکدەچن . خـۆی هیـچ نمونەیەکی لەم بارەیەوە نەهێنــاوەتەوە . ئو. ل. ڤیلچێڤسکی ئەمەی نەکردوە ، چونـکە ئەوە نەبووە و شتی وەها نییە .

ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لە وتاری « کەرەستەی زمانەوانی دەربارەی مێژوی شێوەی کۆمەلایەتی لە کوردستان »و لە وتاری « پێشکەوتنی زمانە زیندوەکانی ئێران »دا[15] زمانە ئێرانیەکانی ناوچەی ئێران بەسەر زمانی ئەدەبی و زمانی گفتوگۆدا دابەش دەکا بەم جـۆرە زمانی فارسی ـ بەزمانی ئەدەبی ، وە زمـانی گـفتوگـۆ ـ بە زمانی فارسی زیندو و دیالێـکتەکانی زمانی کوردی دەداتە قەڵەم .....

نوسیوێتی : زمانی ئەدەبی ـ لەسەرێکەوە زمانی چینی بەڕێوەبەرانە و لە سەریکی کە شەوە یەکێکە لە زمانە هیندو ئەوروپاییەکان . زمانی

---

(13) ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر ، ل ١٩٤ .

(14) بیر و [زمان ، ب ٨ ، ل ٢٢٢ .

(15) زمانە ئێرانیەکان ، ب ١ ، ل ١٣ ــ ٣٠ .

گفتوگۆ ـ زمانێکی زیندوە و پەیوەندییەکی کۆن و بە هێزی لەگەڵ زمانەکانی یافیتیدا هەیە ، یاخود هێشتا لە دەوری یافیتی دان .

لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەکانی ئو. ل. ڤیاچێڤسکیدا وا دەردەکەوێ ، کە کورد میللەتێکی رەسەن نییە و خاوەنی یەك زمان نییە ، بەڵکو لە جیاتی یەك زمان کە هەمو کۆمەڵی کورد تێی بگەن خاوەنی سێ چوار زمانن ، وە چ لە چۆنێتی دروست بوندا و چ لە چۆنێتی پێشکەوتنندا زۆر جیاوازن لە یەکتر . هەر لەبەر ئەم باوەڕدشە دەڵێ : « لە زمانی کوردیی ، راستتر لە زمانە کوردیەکان دەبێ باش بکۆڵرێتەوە ، واتە لە سەر شێوەی زانیارییەکی نوێ . ئەوسا گەلێك دەوری لە بیرکراوی ئادەمیزاد ئاشکرا دەبێ »(١٦) .

نزیکەی لە هەموو نوسینەکانی ئو. ل. ڤیلچێڤسکیدا کە دەربارەی کورد و زمان و ئەدەب و مێژوی کۆمەلایەتی کوردن ، باش دەردەکەوێ کە یەکێکە لە چالاکترین لایەنگیران و پروپاگەندەکارانی تیۆرییە چەوتەکانی ن. یا. مارر دەربارەی رەگەزی کورد و زمانی کوردیی . لە هەمو نوسینەکانیدا تەشەنە بە بیر و باوەڕەکانی ن. یا. مارری مامۆستای دەدات . بە هەمو چەشنێك هەوڵی داوە نیشانی بدات ، کە کورد خاوەنی زمان و هەروەها خاوەنی مێژو و کولتوری خۆیان نین .

ئەم ناراستیانەی لە وتاری « چاپەمەنیە کوردیەکانی دەرەوە ،

(١٦) ئەتنۆگرافیای سۆڤێت ، ز ٥ ـ ٦ ، ل ١٢٣ .

که له سەدەی بیستەمدا له چاپ دراون »[۱۷] دەخاته ڕوو .

لەبەر ئەوەی له نیوان کوردی تورکیا و سوریا و عیراق و ئێران جیاوازی هەیه له نوسین و سەرچاوەی وەرگرتنی هەندێ وشەدا ، ئو. ل فیلچێفسکی زمانی ئەدەبی کوردی دەرەوه دابەش دەکا بەسەر سێ گروپی جیاوازدا . به باوەری ئەو له جۆری پێشکەوتندا جیاوازی زۆره ، وەك هەر لایەك به ڕێگای زمانێکی جیاوازدا (ئنگلیزی ، فەرەنسی ، عەرەبی ، تورکی ...) پێشکەوتووه . بەم بۆنەیەوه ئو. ل. فیلچێفسکی نوسیویێتی : « له بارەی زمانەوه ، ئەو چاپەمەنیه نوێیانەی دەرەوه ، بەلایەنی کەمەوه دەتوانرێ دابەش بکرێن بەسەر سێ گروپدا ، که ئەم گروپانه . چ له شێوەی دروست بون ، چ له بارەی جیاوازی وشه و چ له جیاوازی نوسینەوه زۆر لەیەك جیاوازن »[۱۸] .

به باوەڕی ئەو « ئەو چاپەمەنیانەی به کرمانجی ژۆرو له سوریه و له سالانی یەکەمی پاش شەڕی جیهانی له ئەستەمول دەرچوون سەر به گروپی یەکەمن . هەرچەنده زمانی ئەم ئەدەبیاتانه له زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی سەدەکانی ناوەراست نزیکن ، بەلام له ژێر تاسیرێکی به هێزی زمانی فەرەنسی و تورکی دان . نوسینی لاتینیشیان لەسەر بناغەی ئەو لاتینیه تازەیەی که له تورکیا هەیه ،

---

(۱۷) زمانه ئێرانیێکان ، ب ۱ ، ل ۱٤۷ ـ ۱۸۱ .

(۱۸) هەمان سەرچاوه ، ل ۱۰۰ ـ ۱۰٦ .

وەرگرتوە »[19] .

« ئەو چاپەمەنیانەی بە دیالێکتی کرمانجی خوارو لە عێراق بڵاوکراونەتەوە » دەخاتە گروپی دووەمەوە . هەروەها دەڵێ : « زمانی ئەم ئەدەبیاتانە زۆر دوورە لە زمانی ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاست (هەرچەندە کەوتبوە ژێر تاسیری) . ئاشکرایە ، کە ئێستا بەیەکجاری لە سنووری ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاست دوورکەوتۆتەوە و کەوتۆتە ژێر باری تەواوی زمانی عەرەبی و ئنگلیزی . نووسینی لاتینی دیالێکتەکانی کوردی خوارو لەسەر بناغەی ئەلف و بێیەکی تایبەتییە ، کە هەندێ لە خوێندەوارانی ئەو ناوچەیە بە هۆی نزیکیان لە ئنگلیزەوە لەسەر شێوەیەکی نزیک لە نووسینی ئنگلیزییەوە دایان ناوە »[20] .

لە کۆتاییدا بۆ گروپی سێیەمی زمانی ئەدەبی کوردی دەڵێ : « ئەو چاپەمەنیانەی بەدیالێکتی موکری و بە هەندی دیالێکتی کوردی عیراق بڵاوکراونەتەوە ، وا دەردەکەوێ کە بۆیەکەم جار نووسینیان پەیدابووە . ئەم زمانانە لە ژیر تاسیری فارسی وعەرەبی و ئنگلیزی دان ، وە نووسینیشیان لەسەر شێوەی نووسینی زمانی عەرەبیە یاخود بە لاتینییەکی لاوازە »[21] .

جگە لەوە ، هێشتا ئو. ل ڤیاچێڤسکی دەڵی : « لەگەڵ هەمو

(١٩) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٥ – ١٥٦ .

(٢٠) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٦ .

(٢١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٦ .

هەواڵنامەی کتێب

ئەو جیاوازییانەی لە ناو ئەم زمانانەدا هەن ، هێشتا هەر گروپێکیان بەسەر چەند دیالێکتێکی بچوکدا دابەش دەبێ ، کە هـەر یەك بە جیاوازی پێش دەکەوی »(٢٢) .

ئاشکرایە ، کە ئـەم تیۆرییەی ئو. ل. ڤیلچێڤسکی (دەربارەی کورد و زمانی کوردی) لەسەر بناغەیەکی زانستی نییە ، لەبەر ئەوە بێ سود و بێ کەڵـکە .

ئەگەر ئەو نوسینانەی ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لەســەر بناغەیەکی زانستی و لەسـەر لێکۆڵینەوەی بەرهەمی شــاعیران و ئەدیبانی ناوچەکانی کوردستان بوایە ئەوسا سـەرکەوتو دەبو ، بەڵام هەڵە و ناتەواوی ئو. ل. ڤیلچێڤسکی ئەوەیە کە ئەو کەرەستە پێویستانەی لە لێکۆڵینەوەکانیـدا بەکار نەهێناوە و بەکار هێنانی بــە پێویست نەزانیوە .

تەنها ئەوە بەسە کە بڵێین ، ئو. ل. ڤیلچێڤسکی هیچ کاتێك لە رێزمانی کوردی و وشەکانی بەتێکڕایی و شێوەی نوسینی ئەدەبیاتی کوردی نەکۆڵیوەتەوە و نەدواوە . بەڵـگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە ، کە لە هەمو نوسراوەکانیـدا کە کورد بــە یافیتی دادەنێ و دەربارەی چوێتی گۆڕانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە .... هتد لەسەر بناغەی هەشتا وشە و دوانزە رسـتەی دو وشەیی و گۆرانیەکی دە دێڕی کوردییە . ئەمە هەمو ئەو کەرەسـتەیەیە کە ئو. ل. ڤیلچێڤسـکی لە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبی کوردیدا بەکاری هێناوە بۆ دانانی ئەو

(٢٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٦ .

هەواڵنامەی کتێب

تیۆرییەی . بڕوا ناکەین ئەو کەرەستە کەمە بۆ سەلماندن چەسپاندنی ئەو بیر و باوەڕە چەوتەی تەواو بێت .

پاش ئەوەی زانایانی سۆڤێت گەلێك کاری تیۆری و ڕەخنەی توندیان دژی بیر و ڕاکانی ن. یا. مارر بڵاوکردەوە و ئەو تۆوە پڕ زیانەی چاندبوی هەڵیان گێڕایەوە ، ئـو. ل. ڤیلچێڤسکی بە هیچ جۆریك نە بە وتار ، نە لە کۆبونەوە زانستێکاندا ، نە لە سەر لاپەڕەی گۆڤارەکان دەربارەی تیۆرییەکەی ن. یا. مارر و ڕەگەزی کورد و زمانی کوردیی بەشداری نەکردوە . تیۆرێکانی کە دژی زانستن لە یەکێتی سۆڤێت زیانێکی گەورەیان لە کاری لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیی دا لەبەر ئەوە ئێمە بە ڕاستی دەزانین داوا لە ئو ل. ڤیلچێڤسکی بکەین کە بە نوسین ڕەخنە لە هەڵوێستە ناڕاستەکانی خۆی بگرێ ، کە سەبارەت بە مێژوو و ئەتنۆگرافیا و زمان و ئەدەبی کوردیی هەیبوە ، وە بڵاوی بکاتەوە .

هەروەها ئی. ئی. تسوکەرمانیش ، کە زانایەکی نەخرابی زمانی کوردییە ، پتر هەوڵی پشتگیر کردن و بڵاوکردەوە و پروپاگەندەکردنی تیۆرێکەی ن. یا. مارر بو ، وەك لەوەی خۆی لە زمانی کوردیی بکۆڵێتەوە .

ئی. ئی. تسورکەرمان نیشانیدا کەیەکێکە لە چالاکترین لایەنگیران و شاگردانی ن. یا. مارر . بۆ ئەمەش بەڵگە ئەوەیە ، کە چەند جارێك بە نوسین پشتگیری خۆی بڵاوکردۆتەوە .

له کۆبونەوە زانستیەکانی (ئامۆژگای زمان و بیر) دا ، له کۆبونەوەکانی بەشی فیلۆلۆژی ئێرانی له ئامۆژگای رۆژهەلاتناسی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیێتدا ، هەروەها له هەندێ شوێنی‌تر ئەو ئەدوا نەك تەنهـا وەك لایەنگیرێکی « لێکۆلینەوەی نوێ له بابەت زمانەوە » ، بەلکو وەك خـۆی خاوەنی تیـۆری بێت و وەك مارکسیەك له زمانەوانیدا ، به تایبەتی له کوردناسیدا .

شکی تیـدا نییه ، که خۆ خەریك کردنی ئی. ئی. تسوکەرمان به بلاوکردنەوە و پروپاگەندە کردن بۆ تیۆرێکەی ن. یا. مارر وای لێکرد ، که نەتوانی و فریا نەکەوی باش زمانی کوردی بخوێنێ و فێربێ . بەلگەی ئەمەش ئەوەیه که له ماوەی ١٠ — ١٥ سالدا دەربارەی زمانی کوردی ، تەنها دو لێکۆلینەوەی بلاوکردۆتەوە : « هەندێ خاسـیەتی گروپی دووەمی پێشگر و پاشگر له زمانی کوردیدا »[٢٣] ، وە « رێزمانی زمانی کوردی »[٢٤] .

له لێکۆلینەوەی زمانی کوردیدا ئی. ئی. تسوکەرمان هەردەم دەیویست دەریخا و نیشانی بدا ، که یەکەم کوردناسـه توانیویێتی له رێزمانی کوردیدا هەندێ شتی ناشاشکرا بدۆزێتەوە . به تایبەتی له وتاری « هەندێ خاسیەتی گروپی دووەمی پێشگر و پاشگر له زمانی کوردیدا » ، که شتی وەها له زمانی کوردیدا نییه و ئەو به هەله ئیزافه و هەندێ شێوەی کرداری کردوە به گروپی دووەمی پێشگر و

---

(٢٣) زمان و بیر ، ب ١١ ، ١٩٤٨ ، ل ٣٦٤ — ٣٧٥ .

(٢٤) زمانه ئێرانیەکان ، ب ١١ ، ١٩٥٠ ، ل ٧٨ — ١٤٤ .

پاشگر ، وە وای نیشان داوە کە شتێکی تازەی دۆزیوەتەوە بەڵام ئەم باسە « ئیزافە و هەندێ شێوەی کردار » لە مێژە ئاشکرایە و لە سەریان نوسیوە و لێی کۆڵیونەتەوە[٢٥] ، وە ئەم بەشە بە تەواوی لە ڕێزمانی کوردیدا لەسەر شێوەیەکی زانستی کۆتایی پێ هاتووە .
ئی. ئی. ئەوکەرمان بە هیچ جۆرێك پەنجە بۆ ئەو وتارانەی پێش خۆی بڵاوکراونەتەوە ، ڕاناکێشێ . لە وتارەکەیدا کەوتۆتە لێکۆڵینەوە لە ئیزافە ، لە پاشا دێتە سەر ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی . لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکانی هەر ئەو لێکۆڵینەوە و ئەنجامانانەن کە لە ساڵی ١٩٢٣دا هەر دوو نوسەری ناوبراو (ئی. ئی ئەوکەرمان و ق. کوردۆ) گەیشتبونێ. دووەم نوسراوی ئی. ئی. ئەوکەرمان « ڕێزمانی زمانی کوردی »یە. هەرچەندە لەم کتێبەدا تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی باش و ڕێكوپێك باسی ڕێزمانی زمانی کوردی کردوە ، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکی نوێ و نەزانراوی تێدا نیە .

ئی. ئی. ئەوکەرمان هەردەم دەیەوێ بێهاوتایی خۆی لە زانینی زمانی کوردیدا نیشان بدات . ئەمە لەو ڕەخنانەدا دەردەکەوێت ، کە ئاڕاستەی کردووە بۆ ئەوانەی زوو لە زمانی کوردی کۆڵیونەتەوە . ئەو نوسیوێتی : « ئەوانەی زوو لە ڕێزمانی کوردی کۆڵیونەتەوە و نیشانیان داوە کە (لە کرداردا دروست بوونی سست) هەیە . س. یەگیزارۆڤ بە شکەوە نیشانی « شێوەیەکی تایبەتی کرداری رابوردوی » داوە ، ف. یوستی و ئا سۆسین زۆر ناڕاست دروست

(٢٥) ئی. ئی ئەوکەرمان و ق. کوردۆ ، ئیزافە لە زمانی کوردیدا ، « شۆڕش و نوسین » ، ژ ١ ، مۆسکو ١٩٢٣ .....

هەواڵنامەی کتێب

بۆنی سست لەگەڵ هەندێ شێوەی کردار نیشان دەدەن . لە پاڵ ئەمەشدا ، لە وانەی زۆ لە زمانی کوردی کۆڵیونەتەوە کەس نییە هەستی کردبێ کە دروست بونێکی تایبەتی هەیە ، نەك تەنها بۆ جێناو[٢٦] ، بەڵکو هەروەها بۆ ناویش »[٢٧] .

بە پێویستی سەر شانی دەزانم ، رۆنی بکەمەوە ، کە ئەم وشانەی ئی. ئی. تسوکەرمان لە راستیەوە دوورن . بۆ رۆن کردنەوەی ئەمە تەنها وردبونەوەیەك لە رێزمانی کوردی جاردین[٢٨] هەمو راستی یەك دەردەخا .

هەروەها نازانم بۆچی ئی ئی. تسوکەرمان بەرامبەر بەکتێبی رێزمانی زمانی کوردی[١٩] ، کە من نوسیومە خۆی کەرکردوە . لەو کتێبەدا بەتەواوی و رێك و پێکی لە شێوەی جێناو و ناو و ... هتد کۆڵیومەتەوە . بەڵام ئی ئی تسوکەرماز وای دەداتە قەڵەم کە هێشتا هیچ کەس لەم باسە نەکۆڵیوەتەوە .

دێینە سەر تەماشا کردنی نوسینەکانی ب ف. میللیر دەربارەی کوردناسی .

ب ف. میللیر زانایەکی گەورەیە ، دەربارەی زمانە زیندوەکانی

هەواڵنامەی کتێب

---

(٢٦) رانو ، ضمیر .

(٢٧) زمانە ئێرانیەکان ، ب ٢ ، ل ٨٠ .

R. F. Jardine, Bahdinan Kurmanji , Baghdad 1922 (٢٨)

(٢٩) ق. کوردۆ ، رێزمانی زمانی کوردی ، یەریڤان ١٩٤٨ ، ل ٨٧ – ٨٩ ، ١١٠ – ١١٨

ئێران خاوەنی گەلێك نوسراوە : « نوسراوەکانی تالیش » ، « دیالێکتی زمانی شاری شوستیر » ، « تات و شوێنیان و دیالێکتەکانی زمانیان » ، « نوسراوەکانی تات » .... هتد .

لەم نوسراوانەدا لە رێزمانی ئـەو زمانانە باش کۆڵیـوەتەوە . ئەوەی لەم نوسراوانەدا گرنگ بێت ئەوەیە ، کە لێکولێنەوەکانی زۆر دۆرن لە تیۆرییەکەی ن. یا. ماررەوە (واتە لە وەی کە ن. یا. مارر ئەسڵی ئەم نەتەوە ئێرانیانەی بە یافیتی داناوە) ، بەڵام ب. ف. میللیر ئەم نوسراوانەی لەپێش ساڵی ١٩٣٠دا بڵاوکردۆتەوە . لـە ســـاڵی ١٩٣٠یەوە دەبێت بە پشتگیری تیۆری « لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان » . ئەویش هەر وەک ئو. ل ڤیلچێڤسکی ئەو رێگا چـــەوتە دەگرێ و نوسینەکانی لە سـەر بناغەی تیۆرییەکەی ن. یا. مارر دادەرێژێت .

ئەو نوسراوانەی لەسەر بناغەی تیۆرییە چـــەوتە ، دۆر لـە زانستییەکەی ن. یا. مارر نوسیویێتی ئەمانەن : « لێکۆڵینەوە لە دەقست (دۆســـەد)ی فارسی »[30] ، « ئامرازی کـۆ (ئـــان) لە زمانە ئێرانیەکاندا »[31] ، « پاشـگری (i) لە زمانی تالیشـــیدا »[32] ، « کارەکانی زانایانی رۆس دەربارەی زمانە ئێرانیەکان »[33] ، « هەندێ

---

(٣٠) کـۆکراوەکانی یافیتی ، ب ٧ ، ١٩٣٢ .

(٣١) ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن یا. مارر ، ١٩٣٥ .

(٣٢) بیر و زمان ، ب ١١ ، ١٩٤٨ .

(٣٣) نامەی زانایانی زانکۆی مۆسکۆ ، ژ ١٠٧ ، ب ٣ ، ١٩٤٦ .

چەڵەمەی فۆنێتیکی زمانی کوردی »[34] و وتارێك دەربارەی « زمانی کوردی » ، کە لە ئینسکلۆپیدیای سۆڤێتیدا چاپکراوە [35] .

ئایا دەتوانرێ بوترێ ئەم بیر و باوەڕەی ب. ف میللیر لەو نوسراوانەدا تەنها نیشانی ئەوە دەدەن ، کە بیر و باوەڕێکی وەقتی بو ، بۆ ئەو سەردەمەی مۆدەی تیۆرێکەی ن. یا مارر بو ؟ من لەو باوەڕەدام کە بۆ سالماندنی ئەمە هیچ بەڵگەیەك نییە . لەم نوسراوانەدا وەنەبی تەنها دەربارەی زمانە ئێرانیێکان چاومان بە چەند هەڵەیەکی بچوك بکەوێ ، بەڵکو چاومان بەوەش دەکەوی کە بەتەواوی بیر و باوەڕی ب. ف میللیر لە ماوەی ۲۰ ساڵدا (واتە لە ۱۹۳ تا ۱۹۵۰) لە سەر بناغەی تیۆری یافیتی بو ، کە ناویان لێ نابو « لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان » . ئەو بە هەمو توانایەوە هەوڵی دەدا ئەم تیۆرییە بەسەر زمانە ئێرانیێکاندا بەگشتی ، وە بەسەر زمانی کوردیدا بە تایبەتی بچەسپێنێ .

ب. ف. میللیر لە نوسینەکانیدا داوای لە ئێرانناسان دەکرد ، کە لێکۆڵینەوە لە لێکسیکۆلۆژی لە ڕێگای « لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان »ەوە بێت ، وە سور بو لەسەر ئەوەی کە تەنها لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ لە زمانی کوردی و زمانە ئێرانیێکانی تر بکۆڵرێتەوە .

---

(۳٤) زمانە ئیرانیەکان ، ب ۲ ، ۱۹۵۰ .

(۳٥) ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی ، ۱۹۳۱ ؛ « ئینسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤێت » ، ۱۹۳۸ .

ئـەو تیوریەی ن. یا. مارر، کە کورد بە یافیتی دادەنێ بۆ یەکەم جار لـە لایەن ب. ف. میللیرەوە لـە وتاری «زمانی کوردی»دا[٣٦]. لایەنگیری کرا و تەشەنەی پێ درا. لەم وتارەدا نوسیویێتی: «ئەو زمانناسانەی لە زمانە ئێرانیەکان و دیالێکتەکانیان دەکۆڵنەوە بە تەواوی گرنگی نادەن بەو پاشماوانەی کە لەم زمانانەدا ماون، پێش ئەوەی ببن بە ئێرانی. بە تایبەتی هەندێك پاشماوەی فۆنێتیك و مۆرفۆلۆژی، کە وا لە زمانی کوردیدا ماون، نەك تەنها وەك هەندێ لە زمان و دیالێکتەکانی زمانە ئێرانیەکان، بەڵکو وەك زمانەکانی قەفقاسیشن»[٣٧].

ب. ف. میللیر هەمان باوەڕی لە وتاری «زمانی کوردی»دا، کە لە ئینسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤێتیدا چاپکراوە، دوبارە کردەوە[٣٨]. لـەم وتارەدا نوسیویێتی: خاسیەتی تێکەڵاوی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی یافیتیدا پتر لە فۆنێتیك و مۆرفۆلۆژیدا دەردەکەوێ.

لە وتاری «دەورەکانی زمانە ئێرانیەکان»[٣٩]دا لە مەسەلەی تێکەڵاوبونی هەندێ لە زمانە ئێرانیەکان دەکۆڵێتەوە و دەڵێ: لە دابەش کردنی زمانە ئێرانیەکاندا «وەنەبێ کەم شتی سەرسام هەبێ

---

(٣٦) ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی، ١٩٣١.

(٣٧) هەمان سەرچاوە.

(٣٨) ئینسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤێتی، ١٩٣٨.

(٣٩) ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر.

دەربارەی هەندێ زمان ، وەك : ئەفغانی ، ئەسیتینی ، كوردی ، دیالێكتی پامیر كە فۆنێتیكیان بە هیچ جۆرێك لەسەر بناغەی زمانە ئێرانیەكان نییە »[٤٠] .

بەم بۆنەیەوە ب . ف . میللیر ویستوێتی بلێ ، كە وا لە فۆنێتیكی ئەو زمانە ئێرانیانەی ناری هێناون تەنها لەسەر بناغەی زمانە یافیتیەكان دەتوانرێ بكۆلرێتەوە . هەروەها لە پاش ن. یا. مارر ئەویش لەو باوەڕەدا بو ، كە گشت زمانەكانی جیهان بە دەوری پێشكەوتنی یافیتیدا تێپەڕیون .

ب. ف . میللیر زمانناسانی زمانە ئێرانیەكانی بە خەتابار دادەنا ، چونكە لە لێكۆلینەوەی هەر زمانێك لە زمانە ئێرانیەكان بەپێی دەورەكانی پێشكەوتنی زمانە ئێرانیەكان نەدەڕۆیشتن ، بەڵكو بەپێی بەرامبەر كردنێكی مێژویی لە ڕێزمانی زمانە ئێرانیەكان ، وە زمانەكانی تری هیند و ئەوروپایی دەكۆلینەوە . ئەو نوسیوێتی : « مەسەلەی دەورەكانی پێشكەوتنی زمانە ئێرانیەكان لەسەر بناغەیەكی هیند و ئەوروپایی بە هیچ جۆریك لەگەڵ راستیدا ڕێك ناكەوی »[٤١] .

ب. ف . میللیر لە لێكۆلینەوەی زماندا ، دژی بەرامبەركردنی مێژویی وەستابو ، وەك ئەم ڕێگایە دوور بێت لە زانست و زۆر ساكاربێ . ئەو نوسیوێتی : « بونی ئەم مەبەستە لە لێكۆلینەوەی

---

(٤٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٩٤ .

(٤١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٩٤ .

ئەو جۆرە باسانەدا شتێکی بێسوودە »[٤٢] ، « لە هەموو شوێنێك شك دەکەین کە لەسەر مەسەلەی مۆرفۆلۆژی ، وە دەربارەی مانا هیچ نووسراوێك هەبێت »[٤٣] . بەم جۆرە پێویستە خوێنەر بێتە سەر ئەو ئەنجامە کە تەنها « لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان » توانی هەموو ئەو چەرمەسەریانەی ، کە لە رێگای زمانناسانی زمانە ئێرانییەکاندا هەیە ، سازکا .

ب ف. میللەر بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەوەی دەدا کە زمانناسەکان لەسەر بناغەی « لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان » وتار بنووسن . لە وتاری « کارەکانی زانایانی رووس دەربارەی زمانە ئێرانییەکان »دا پشتگیری تیۆری ف. ئی. ئەباییف دەکا دەربارەی تێکەڵاوی و دوو سروشتی زمانی ئەسیتینی ، وە نرخێکی زۆر بەو باوەڕە چەوتە دەدات . لەم بارەیەوە ب ف. میللەر نووسیویەتی : « بێگومان ، ئەم جۆرە نووسینانە نرخێکی زۆریان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان و بۆ نیشاندانی تێکەڵاوی یەکێك لە هەرە زمانە کۆنەکانی ئەمڕۆی زمانە زیندووەکانی ئێران. زمانناسان پێویستە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ، بێنە سەر ئەم رێگایە ... »[٤٤]

ب ف. میللەر بە تەواوی سنووری لێکۆڵینەوەی لە تێکەڵاوی زمانە ئێرانییەکان نەکێشاوە . ئەو نیشانی پێویستی لێکۆڵینەوەی

(٤٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٩٤ .

(٤٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٩٥ .

(٤٤) نامەی زانایانی زانکۆی مۆسکۆ ، ب ٣ ، ژ ١٠٧ ، ل ٧٨ ، ١٩٤٦ .

دەورە جیاوازەکانی زمانە ئێرانییەکان دەدا و دەیەوێ کە لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان لەگەڵ چۆنیێتی پێشکەوتنی زماندا پەیوەندی هەبێ لەم بارەیەوە نوسیوێتی: لە تەمەشاکردنی مەسەلەی جیاوازی شێوەی حاڵەتی راستەوخۆ و حاڵەتی تەواندی (oblique casc) لە زمانە زیندوە ئێرانییەکاندا «وێنەیەکی زۆر سەیر لە دابەش کردنی حاڵەتی راستەوخۆ و حاڵەتی تەواندیدا (بۆ هەردوو ناوی تاك و کۆ) دەردەکەوێ، وە نیشانی دەورەکانی جیاوازی دیالێکتە وێکچوەکانی زمان و مەسەلەیەکی زۆر گران دەدات. ئەمە ئێمە دەخاتە بیرێکی قوڵەوە، کە لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان پێویستە لە رێگایەکی گشتییەوە بێت لە پێشکەوتنی زمان»[45].

ئەو لە ناو هەمو زمانە هیندو ئەوروپاییەکاندا لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانییەکانی بە دواکەوتوترین لێکۆڵینەوە دادەنا، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوە لەسەر شێوەی بەرامبەرکردنی مێژوویی لای نەدا. ئەو دەڵێ: «هەتا لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان لەسەر ئەو رێگایەی هەردەم لەسەری رۆیشتوون (واتە بە زمانێکی هیند و ئەوروپایی دانە قەڵەم) لانەدا و نەیەتە سەر رێگایەك کە لەسەر بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوە ئەو زانستە بێ بەرهەم دەبێت»[46].

سەبارەت پاشماوەی یافیتی لە زمانە ئێرانییەکاندا لە وتاری «ئامرازی کۆ (ئان) لە زمانە ئێرانییەکاندا» نوسیوێتی: «شکی

(٤٥) ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر، ل ٣٠٦،

(٤٦) هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٣ ـ ٢٩٤.

هەواڵنامەی کتێب

تیدانییە، کە لە ڕێگای زمانە هیند و ئەوروپاییەکانەوە هیچ ڕۆن کردنەوەیەکیان دەست ناکەوێ »[٤٧] « تەنها لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی نوێ دربارەی زمان دەتوانین بگەینە ئەنجام و خاوکردنەوەی گەلێك شتی ئاڵۆز »[٤٨].

ب ف میللیر زیکەی لە هەمو وتارەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە کە نیشانی بدا لە زمانە ئێرانیەکاندا لە فۆنێتیك و مۆرفۆلۆژیدا پاشماوەی یافیتی هەیە، وە بە باوەڕی ئەو نەتەوە ئێرانیەکان تێکەڵاون و لە یافیتی و ئێرانی دروست بوون.

لە وتاری « تێکەڵاوی زمانە ئێرانیەکان » دا نوسیویێتی دەڵێ: « لە زمانە ئێرانیەکاندا وەنەبێ کەم پاشماوەی یافیتی هەبێ کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوری کۆنیان »[٤٩].

ئەوەی ئەو ناوی دەنێ پاشماوەی یافیتی و لە سەر ڕێگای « لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان » لێی دەکۆڵێتەوە و ئەوەی بۆ نیشاندانی پاشماوەی یافیتی لە زمانە ئێرانیەکاندا وتویە لە ڕاستی مێژووەوە دوورە. لێرەدا دەردەکەوێ کە نوسەر لەو بەڵگانەی مێژو دەربارەی زمانە ئێرانیەکان نیشانی دەدا سودی وەرنەگرتووە، بەڵکو چووە سودی لە مێژوی یافیتی و لە بیر و باوەڕە چەوتەکەی ن. یا. مارر وەرگرتووە. لە هەموی سەیرتر ئەوەیە،

(٤٧) بیرەوەری ئەکادیمی ن یا. مارر، ١٩٣٨، ل ١٩٣.

(٤٨) هەمان سەرچاوە.

(٤٩) ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیت بۆ ئەکادیمی ن، یا. مارر، ل ٢٩٧.

ئەو تیۆرییەی کە ن. یا. مـــارر لە لیڤی ـ بریولیای وەرگرتووە ، ب. ف. میللیریش یەکسەر دەیەوی بەسەر زمانی ئەمڕۆی فارسی و تاجیکی و کوردی و ئەفغانیدا بیچەسپێنێ ، کە ئەمە بە هیـــچ جۆرێک ناشێت .

ب. ف میللـیر دەڵێ ، هۆی جیا نەکردنەوەی چەند حاڵەتێکی (Voice) - (صیغه المعلوم والمجهول) لە هەندێ لە زمـانە ئێرانییەکانی ئەمڕۆدا ئەوەیە ، کە پاشماوەی یافیتییان هەیە و زمـــانی کۆنی خۆیان بیرنەماوە . بۆ نموونەش ١٥ کردار (فعل)ی هێناوەتەوە ... ئەو نووسیویەتی : « لە تێکەڵاوکردنی ئەم (Voice) دا پاشماوەی کۆن باش دەردەکەوێ . . . . . » (٥٠)

هـــەر لەبەر جیانەکردنەوەی چەند حاڵەتێکی Voice لە زمانە ئێرانییەکانی ئێـــستادا ب. ف. میللـیر دەڵێ پاشماوەی یافیتی لـەو زمانانەدا هەیە . ئەمە شتێکی راست نییەو بە بەڵـگەش ناژمێررێت ، کە زمانە ئێرانییەکان لە زوودا یافیتی بوون و ئێـستا تێکەڵاون . بەڵـکو ئەمە ئەنجامی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ و پێشکەوتنێکە لەم زمانانەدا ، کە هەندێ پێشـگر و پاشگر لەسەر زمان کەوتوون ، وە ئەمەش لە بەراوردکردنی رێزمانی زمانە ئێرانییەکاندا دەردەکەوێ .

ب. ف. میللیر لە نووسـینەکانیدا بۆ چاسـپاندنی ئەو باوەڕەی (کە گوایا پاشماوەی یافیتی لــــە زمانە ئێرانییەکاندا هەیـە) زوربەی

---

(٥٠) ب. ف. میللر ، تێکەڵاوی زمانە ئێرانییەکان ‹ ـ « ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر » ، ل ٢٩٩ .

هەواڵنامەی کتێب

بەڵگەکانی ئەوەیە کە دەڵێ ن. یا مارر دەربارەی ئەم مەسەلەیە وای نوسیوە. بەڵام ئەم بەڵگانە لە جێگای خۆیانانین و لە ڕێگایەکی ڕاستی زانستییەوە نیشان نەدراون ، وە لە بەردەم ڕەخنەدا خۆیان ناگرن و دەڕوخێن .

بەم بۆ نەیەوە تەماشایەکی لێکۆڵینەوەکانی ب. ف. میللیر دەکەین .

ن. یا. مارر لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەوەی بۆی ڕوَن نەبوەوە و لێی ئاشکرا نەبو بە یافیتی دایە قەڵەم و ئنجا لە پاشا هاتە سەر لێکۆڵینەوەی مانا لە چوار ڕێگاوە. ب ف میللیرێش هەر بەو شێوەیە کۆڵیوەتەوە .

لەسەر ڕێگای « لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان » . ب. ف. میللیر بۆ پەیدابونی تاك و کۆ نوسیوێتی : لە زمانە ئێرانیێکاندا « هەردەم بەکار هێنانی کۆ بۆ کۆمەڵێکی یەكگرتو لە کاردایە ، کە لەگەڵ بیری کۆندا دەگونجێ . . بەتایبەتی ئەم جۆرە بەکار هێنانە لە زمانی کوردیدا دەبینرێ . لە زمانی کوردیدا هەندێ وشە هەن کە لە یەك کاتدا ، هەر بەو شێوەیە بۆ (کۆ)ش و بۆ (تاك)یش بەکار دەهێنرێن ، وەك : زار ، کوڕ ، پەز ، خانی ، حەیوان ، .... هتد . بۆ نمونە : حەیوانی جۆلی ئەڤن ؛ مەدی خانی یە بلند و مەزن »[51]

گەر بیری کورد قوڵ نییە و کۆنە ، گەر کورد ناتوانن

(٥١) ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا مارر ، ل ٣٠٦ .

هەواڵنامەی کتێب

جیاوازی لەنیوان تاك و كۆدا بكەن ، ئەی بۆچی ب. ف. میللیر ئەو نموونانەی هێناویەتەوە تەنها بۆ كۆ وەری گێڕاوەتە سەر زمانی رۆستی ، ئەی بۆچ هەروەها بو تاك وەری نەگێڕاوە؟.....

لە وتاری «هەندێ چەڵەمەی فۆنێتیكی زمانی كوردی»دا ب. ف. میللیر دەیەوی نیشانی بدات كە فۆنێتیكی زمانی كوردی ، وەك فۆنێتیكی زمانە یافیتیەكانە ئەو وا دەداتە قەڵەم كە هەندێ دەنگ لە زۆردا ناقۆڵا بوون ، بەڵام كە بە دەوری یافیتیدا تێپەرین چاك بوون ، یا وەك ئەو دەڵێ «فراوان بوون» . ئەو نووسیویەتی : «گەر لە دەنگی (ع) و (غ)ی عەرەبیدا وێكچوونێك لە نیوان زمانی كوردی و زمانە سامیەكاندا هەبێت ، ئەوە پەیوەندییەكی پتر لە سێ دەنگی گرنگدا لە نیوان زمانی كوردی و زمانە یافیتیەكاندا هەیە .... »[٥٢] .

دەربارەی چۆنێتی (تلفظ) كردنی (ع) و (غ) لە زمانی كوردیدا نووسیویەتی : «لە رۆی (تلفظ)دوە ئەم دۆ دەنگە خاوەنی خاسیەتی تایبەتی خۆیانن ، كە زۆر دوورن لە زمانە هیند و ئەوروپاییەكان . باشتر وایە رۆن بكرێتەوە كە ئەمە هۆی تێكەڵاوی ئەم زمانەیە (زمانی كوردی – وەرگێڕ) لەگەڵ زمانانی تردا»[٥٣] .

بە گوێرەی باسەكانی ب. ف. میللیر ، وا دەركەوێ كە كورد كۆن یافیتی بوون و لە پاشا بوون بە یەكێك لە زمانە ئێرانیەكان ، وە

(٥٢) زمانە ئێرانیەكان ، ب ٢ ، ل ٦٩ – ٧٠ ، ١٩٥٠ .

(٥٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٢ .

فۆنێتیکی هەندێ گۆڕرا . لە فۆنێتیکیدا تا رادەیەك شێوەی کۆنی تێدا ماوە . هەروەها بە باسەکانیدا وا دەردەکەوێ کە فۆنێتیك گرنگتر بێ لە دروست بوونی رێزمان و تێکزایی وشەکانی زمان .

با بڵێین ئەو ئەنجامە ناڕاستانەی نووسەر راستن ، کە دەڵێ کورد بە رەگەز یافیتی‌یە و دوایی زمانی ئێرانییان وەرگرت ، وە لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو تێکەڵاوییان لەگەڵ میللەتەکانی قەفقاسدا هەبوو ، هەندێ شێوەی فۆنێتیکی یافیتی مایەوە .

گەر ئەمە راست بێت ، ئەی زمانی ئەفغانی و پامیر دەبێ چون بێ ، کە فۆنێتیکیان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ فۆنێتیکی زمانەکانی هیند و ئەوروپاییدا ؟ . زۆر مەحاڵە کە خەیاڵی وەها بکرێ ، بە تایبەتی بۆ زمانی ئەفغانی و پامیر کە ئەم میللەتانە نە بە مێژوو ، نە بە سنوور ، نە بە تێکەڵاوی هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ میللەتەکانی قەفقاسدا نەبووە . ئەی وەڵام چی‌یە بۆ ئەوەی کە فۆنێتیکی ئەم نەتەوە ئێرانیانە (ئەفغان و پامیر — وەرگێڕ) لەگەڵ فۆنێتیکی زمانی کوردیدا ئێجگار زۆر وێکدەچن ، لەگەڵ ئەوەی لە تەنیشت ئەم نەتەوانەوە یافیتی نەژیاون و ناژین تا بتوانن تاسیر بکەنە سەر فۆنێتیکیان .

ئەی بۆچی نەتوانین بە پێچەوانەوە بڵێین ، کە دەنگەکانی زمانی کوردی و ئەفغانی و پامیر لە ناو خۆیاندا پەیدا بوون و لەگەڵ یافیتی‌دا هیچ پەیوەندییەکیان نییە . ئەگەر لە نێوان ئەم زمانانەدا ، کە لە یەك گروپن جیاوازی و وێکچوون لە فۆنێتیك و دروست بوونی رێزمان و وشەکانیاندا هەبێت ، ئەوە بۆ روون کردنەوەی ئەو وێکچوون و جیاوازییە پێویستە لە سەرمان لە ناو

هەواڵنامەی کتێب

ئەم زمانانەدا (واتە لەناو خۆیاندا) بگەڕێین بۆ دۆزینەوەیان ، نەك لەناو زمانانی گروپێکی کەدا .

بەم جۆرە لێکۆڵینەوەکەی ب. ف. میللەر کە لە زمانانی کوردی و ئەفغانی و پامیردا بۆخاسیەتی فۆنێتیکی یافیتی دەگەڕێ لە جێگای خۆیدا نییە و لاوازە .

پێویستە ئەوەش بڵێین ، کە بەشە دیالێکتەکان و دیالێکتەکانی کوردی بۆ ب. ف. میللەر ڕوون نییە .

لە وتاری « زمانی کوردی »[٥٤] دا بۆ بەشـــە دیالێکتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکانی (زەنگەنە و کەلهور و کرمانشا و سنە) کە لە زمانەوانیدا لە ژێر ناوی (کورد)دا ئاشکرا و ناسراون ، کەچی ئەو وەك گروپێکی تایبەتی جیایان دەکاتەوە و ناویان دەنێ « دیالێکتەکانی کوردی — فارسی » . نازانین لەسەر چی بەڵگە و بنچینـــەیەك ئەو ئەمەی کردوە . بەشە دیالێکتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵات کردن بە گروپی « دیالێکتەکانی کوردی — فارسی » باوەڕێکی وەها دروست دەکا کە گوایا جیاکردنەوەی ئەم دوو زمانە (کوردی و فارسی — وەرگێڕ) گرانە . ناونانی ئەم بەشە دیالێکتانەی کوردی بەو شێوەیە ، نەشارەزایی ب. ف. میللەر نیشان دەدات لە جیاکردنەوەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی کوردیدا .

ئەم نەشارەزاییەی ب. ف. میللەر لە وتـــاری « ئامرازی کۆ

---

(٥٤) بڕوانە : ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی ، ١٩٣١ ؛ هەروەها ئینسکلۆپیدیای لەورەی سۆڤیتی ، ١٩٣٥ .

هەواڵنامەی کتێب

(ئان) لە زمانە ئێرانیەکاندا » دەردەکەوێ . لەم وتارەدا بەشە دیالێکتە کوردیەکانی ناوچەکانی (موکری و سلیمانی و جەزیرە وزاخو و بادینانی) ناو ناوە دیالێکتەکان . ئەو نووسیویەتی : « لە زوربەی دیالێکتەکانی کوردی (موکری ، سلیمانی ، جەزیرە ، زاخو ، بادینان و لە زمانی کوردانی سۆڤێت) دا ... ئامرازی (ئـان) زۆر بەکار دەهێنرێ ... » [55] . کەچی ، هەر لە لاپەرەی ئەو دیوی ئەم وتارەدا و هەروەها لە وتاری « تێکەڵاوی زمانە ئێرانیەکاندا » ناوناوە بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی ، لە وتاری « هەندێ چەڵەمەی زمانی کوردی » دا ، سلیمانی ناوناوە « بەشە دیالێکتێکی سەربەخۆی زمانی کوردی ، یاخود بەشە دیالێکتێکی گرووپی خواروی زمانی کوردی » [56] . لە وتاری « کارەکانی زانایانی روس دەربارەی زمانە ئێرانیەکان » دا دەڵێ : « سلیمانی بەشێکە لە دیالێکتی کرمانجی ژوورو » [57] .

زۆر جار لە ناوی ئەو هەرێمانەی کە کوردی تیدایە و لە ناوی جیاوازی ئەو خێڵە کوردانەی کە بە یەك دیالێکت و بە یەك بەشە دیالێکت دەدوێن ناو دەنێ دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاواز . بۆ نموونە ، بەشە دیالێکتی ناوچەکانی دیاربەکر و بادینان ناو دەنێ دیالێکتەکانی بادینان و دیاربەکر . بەشە دیالێکتی ئەم خێڵانە :

---

(55) بیرەوەری ئەکادیمی ن. یا. مارر ، ل ١٩٠ .

(56) زمانە ئێرانیەکان ، ب ٢ ، ل ٦٣ ، ٧٦ .

(57) نامەی زانایانی زانکۆی مۆسکۆ ، ب ٣ ، ژ ١٠٧ ، ل ٧٦ ، ١٩٤٦ .

هەواڵنامەی کتێب

(بروکی ، شەرکی ، جەلالی) کە خاوەنی یەك بەشـە دیالێکتن ، ئەو بەسەر چەند بەشە دیالێکتێکدا دابەشیان دەکات و ناویان دەنێ بەشە دیالێـکتەکانی (موش ، بروکی ، شەرکی ، جەلالی ...)[٥٨] .

ئەم ناتەواویانە ، ئەوە نیشان دەدەن کە ب. ف. میللیر لە جیاکردنەوەی دیالێـکت و بەشە دیالێـکتدا شارەزاییەکی تـەواوی نەبووە ، لەبەر ئەو هۆیەیە کە زۆر جار بە دیالێکت دەڵێ بەشـە دیالێـکت ، وە بە بەشە دیالێـکت دەڵێ دیالێـکت . هەندێ جار یەك دیالێکتی کوردی بەسەر چەند دیالێکتێکدا دابەش دەکات ، وە دوایی هەر ئەو دیالێـکتە بەسەر چەند بەشە دیالێکتێکدا دابەش دەکا . جگە لەوە زۆر جار دیالێـکتێك یا بەشـە دیالێکتێك ، کە هـەر یەکێکن بەسەر دیالێـکت و بەشە دیالێـکتی جیاوازدا دابەش دەکا و نـاوی ناوچەیان لێ دەنێ ، لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچـانە بەیەك دیالێـکت دەدوێن .

هەوالنامەی کتێب

جگە لەوە دەبینین لە چۆنێتی دروسـت بوونی زمانی کوردیدا ب. ف. میللیر بە بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ ئـەو زمانە ئێرانیـانەی کە لەیـەك خێزانی زمانن گرنگی نەداوە . نە لە بارەی وشەکانی زمانەوە بەگشتی ، نە لە فۆنێتیك ... هتد هیچ بەراوردێکی نەکردوە .

بـۆ ئاشکراکردنی بیر و باوەڕە چەوتەکانی ب. ف میللەر لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا ئەو نموونانەی سەرەوە بەسە . پێویستە

---

(٥٨) زمانە ئێرانیەکان ، ب ٢ ، ل ٦٦ .

ئەوەش لە بیرنەکەین کە هەمو ئەو باسانەی سەرەوەی ب. ف. میللیر لە سەر لێکۆڵینەوەی ٢٠٠ وشە و ٢٠ رستەیەکی پچڕ پچڕ بو کە لە هەندێ فەرهەنگ و کتێبی رێزمان وەری گرتووە.

بەم چەشنە ، ب. ف میللیر بە هەمو جۆرێك دەیویست تیۆرێکەی ن. یا. مارر بچەسپێنێ و بێ بەڵگە زمانی کوردی بە زمانێکی تێکەڵاو لە یافیتی وئێرانی دابنێ.

لە لێکدانەوەی باسەکانی ب. ف. میللیردا دەرکەوت چۆن ئەو دەیویست نیشانی بدا کە لە زمانە ئێرانیەکاندا پاشماوەی یافیتی هەیە و کە زمانە ئێرانیەکان تێکەڵاون ... ئەم نیشاندانەی ئەو لە رێگای تیۆرییە دوور لە زانستییە ، دژی مێژوویەکەی ن یا. مارروە بو. لە ساڵی ١٩٥٣ دا ب. ف. میللیر کتێبێکی نوێ لە ژێر ناوی «زمانی تالیشی» دا دەرکرد. بەداخەوە نوسەر نەك بە پێویستی نەزانیوە لەم کتێبەیدا پێ لە هەڵەکانی پێشوی بنێ ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دووبارەی کردەوونەتەوە. چووە رەگەزی تالیشی بە یافیتی داناوە و دوایی بەرەو ئێرانی بردوە.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ دا لە کۆبونەوەیەکدا کە لە نیوان بەشی ئێرانی — قەفقاسی ئامۆژگای زمانەوانی و بەشی ئێرانی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیدا کرا بۆ لێکۆڵینەوە لە دانانی فەرهەنگێکی کوردی — رووسی (دیالێکتی کرمانجی ژوورو) ، ئەو لەبەر رۆشنایی نوسراوەکانی ن. یا. مارر و ئو. ل. ڤیلچێڤسکیدا وتی : نەك هەر پێویست نییە فەرهەنگێکی کرمانجی ژوورو دابنرێ ،

هەواڵنامەی کتێب

بەڵکو ئەم کارە ناتوانرێ بەجێ بهێنرێ ، ئەویش لەبەر ئەوەی کورد دابەش کراون ، خاوەنی یەك جۆر نوسین نین و لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا جیاوازییان هەیە ....

بەڵام دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە گرنگی زمان لە چۆنێتی رێزمان و وشەکانی زماندایە بەگشتی . ئیتر سنورێکی دەستکرد نابێ بە تەگەرە و نابێ بە هۆی جیاوازییەکی گەورە لە زماندا و لە نوسین و لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا . نەبونی یەك جۆر نوسین و یەك سەرچاوە بۆ وەرگرتنی وشەی بێگانە لە زمانی کوردیی (کرمانجیی ژوروو)دا لە سوریا و تورکیا و ئێران و عێراق و یەکێتی سۆڤێت ناتوانن ببن بە هۆ و تەگەرە لە رێگای دانانی فەرهەنگی کوردیی — رۆسیدا . خۆ نوسین و وشەی بێگانە زمان ناگۆڕن و رێزمان و وشەکانی زمان تێكنادەن . وە نەبێ دەوڵەمەندیی زمانی کوردیی بە هۆی وشەی بێگانەوە بێت ، بەڵکو بە هۆی دروست بونی ناوخۆی خۆیەتی ، کە سنوری دەستکرد پەیوەندیی نییە .

ب. ف. میللیر گرنگی نادات بەشتی سەرەکیی وەك : رێزمان و وشەکانی زمان بەگشتی و چۆنێتی ناوخۆی وشەکان ، بەڵکو گرنگی بە هەندێ شتی دوور و لابەلا داوە ، وەك : وشەی بێگانە و تێکەڵاوی .

— — —

لەبەر رۆشنایی ئەم باسەدا ، باش ئاشکرایە کە لەسەر کوردناسان چی پێویستە بکەن و چی رێگایەك بگرن . کوردناسانی سۆڤێت

دەربارەی زمانەوانی چ لە تیۆری و چ لە پراکتیك دەتوانن گەلێك کاری ئاڵۆز خاو بکەنەوە . بەڵام بەر لە هەمو شتێك لەسەر شانمانە ئەو تیۆرییە چەوتانە ، دوَر لە زانستییانەی دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژوَ و ئەتنۆگرافیای کورد هەن بەدرۆ بخەینەوە و لە ناویان بەرین . دوَر کەوتنەوە لە بیر و باوەڕی ناڕاستی ن یا مارر و لایەنگیرانی ، ڕێگا تەخت دەکا بۆ کوردناسانی سۆڤێت هەتا بتوانن بە ڕێگایەکی سەربەخۆی پێشکەوتودا برۆن ، وە شوێنێکی بەرز لەکاری زمانەوانی سۆڤێت و زانستی ڕۆژهەڵاتناسیدا وەربگرن .

لەسەر کوردناسانی سۆڤێت پێویستە گرنگی بدەن بە :

١ — لێکۆڵینەوە لە مێژوَی پێشکەوتنی زمانی کوردی .

٢— لێکۆڵینەوە لە مێژوی پێشکەوتن و دروست بونی نەتەوەی کورد .

بۆ بەجێهێنانی ئەم پێویستیانە دەبێ گرنگی بدرێ بەو یاسایانەی لە ناو زمانی کوردیدا هەن . دەبێ لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی (فۆنێتیك و مۆرفۆلوژی و وشە بەگشتی و سینتەکسیس)دا بێ ، چونکە یاسای ناوخۆی زمان لەم بە شانەدا (فۆنێتیك و مۆرفۆلۆژی و ...) کە پێکەوە بە ستراون دەردەکەوێ .

بەم بۆنەیەوە یەکەم پێویستی سەرشانی کوردناسانی سۆڤێت ئەوەیە : لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان ، لە وشەکانی زمانی کوردی ، نوسینی گەلێك کتێبی تیۆری و پراکتیکی ڕێزمان .

هەندێ پێویستی تر هەیە کە پەیوەندییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو پێویستیانەی لەسەرەوە باسمان کردن لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا ، ئەوەش لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبی کوردی کە مێژوی نزیکەی هەزار ساڵ دەبێت . لە سەدەی ١١ تا ١٨ لە ئەدەبی کوردیدا گەلێك شاعر و نوسەر هەن ، کە بەرهەمەکانیان نەك تەنها بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوی کولتوری میللەتی کورد بەنرخن ، بەڵکو هەروەها بو لێکۆڵینەوەی مێژوی پێشکەوتنی زمانی کوردی بایەخ و نرخی تایبەتییان هەیە .

بەم بۆنەیەوە پێویستە لە سامانی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی بکۆڵرێتەوە ، کە کەرەستەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوی پێشکەوتنی زمانی کوردی مەسەلەی لێکۆڵینەوە لە زمانی گفتوگۆ و لە زمانی ئەدەبی یەکگرتو زۆر پێکەوە بەستراون . ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە رێگا خۆش دەکەن بۆ دروست بونی زمانی ئەدەبی کوردی .

هەروەها لەسەر شانی ئێمەی کوردناسانە کە گەلێك لێکۆڵینەوەی گرنگ و پێویست پێشکەش بکەین ، وەك : لێکۆڵینەوە لە رێزمانی کوردی و بەراوردکردنی هەردو دیالێکتی (کرمانجی ژورو و کرمانجی خوارو) ، دانانی گەلێك فەرهەنگ ، وەك : ١) کوردی - روسی (دیالێکتی کرمانجی ژورو) ، ٢) کوردی - روسی (دیالێکتی کرمانجی خوارو) ، ٣) فەرهەنگی گەورەی کوردی - روسی (هەردو دیالێکت) .

بۆ هێنانەدی ئەم پێویستیانە کوردناسانی سۆڤێت لە رێگای

هەوالنامەی کتێب

ڕەخنەوە سوود لە لە کەرەستەی دەوڵەمەندی کوردناسە بۆرجوازییەکان وەردەگرن .

ڕوون کردنەوەی مێژووی پێشکەوتنی دیالێکتەکانی کوردی ، لێکۆڵینەوە لە جیاوازی و وێکچوونیان لە فۆنێتیک و ڕێزمان و وشە .... پێویستیەکی گرنگی سەرشانی کوردناسانی سۆڤێتە .

بەجێهێنانی ئەم پێویستیانە شتێکی زۆر گرنگە بۆ گەیشتنە ئەنجام دەربارەی ئەو نائاشکراییەی لە مەسەلەی دیالێکتەکانی کوردیدا هەیە ، وە لە پەیوەندییاندا لەگەڵ زمانە ئێرانییەکانی تردا کە لەیەک خێزانی زمانن . ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە نەک تەنها یارمەتی ڕوون کردنەوەی جیاوازی و وێکچوونی دیالێکتەکانی کوردی دەدەن ، بەڵکو یارمەتی ڕوونکردنەوەی یاسای ناوخۆی چۆنیەتی پێشکەوتنی زمانی کوردیش دەدەن بەگشتی ، هەروەها یاریدەدەرن بۆ گەیشتنە ئەنجام دەربارەی چۆنیەتی مێژووی دروست بوونی زمانی نەتەوایەتی کورد . ئاشکرایە ، کە « لە کاتێکدا دەتوانین لە زمان و یاسای پێشکەوتنی تێبگەین ، گەر لێکۆڵینەوەکە لە ڕێگای پەیوەندییەکی هەمیشەییەوە بێت لەگەڵ مێژووی کۆمەڵدا ، لەگەڵ مێژووی گەلدا ، کە ئەو کۆمەڵ و گەلە خاوەن و دروستکەر و هەڵگری ئەو زمانەن کە لێی دەکۆڵرێتەوە »(٥٩) .

* * * *

(٥٩) یوسف ستالین ، مارکسیزم و مەسەلەی زمانەوانی ، ل ٢٢ .

شی کردنەوەی بەڵگەکانی کەزنەفۆن دەربارەی کاردوخەکان(1)

لە نوسراوەکەی «ئاناباسیس»ی کەزنەفۆندا دەربارەی کاردوخەکان ، کە وڵاتەکەیان لە باشورەوە ، هەر لە دەریاچەی وان و ناوچە شاخاویەکانی هەکاریەوە تا باکوری روباری دیجلە لە رۆژئاوادا کشابو کەلێک بەڵگەی بەکەڵک هەیە .

لەسەر ئەو باوەڕەی کە خاکی کوردستانی ئێستا هەر ئەو خاکەیە کە لە کاتی خۆیدا کاردوخەکانی تێدا ژیاون ؛ لە رێگای لێکچونی خو و رەوشت و شێوەی زبانی کورد و کاردوخ ، بە هۆی یەك مانایی وشەی (کاردۆخ ، کوردیك ، کۆرد ، کورد) و پەیوەندی ئەتنۆگرافی لە نێوانیاندا ، زۆر لە زانایان هاتونە سەر ئەو باوەڕەی ،

---

(1) کورتەی ئەم وتارە لە ژێر ناوی (تێبینی لە لێکدانەوەیێکی زانیاریەکانی کەزنەفۆن لە بابەت کاردوخەکانەوە) ، لە لایەن د. مارف خەزنەدارەوە کراوە بە کوردی و لە ژمارەی (1)ی «دەفتەری کوردەواری»دا بلاوکراوەتەوە ، ل ١٢١ ــ ١٢٦ . بێگومان ، د. خەزنەدار کارێکی گەورە و پێویستی بەجێ هێناوە ، بەڵام لەبەر گرنگی ئەم وتارە بە پێویستمان زانی کە مامۆستا ق. کوردۆ چۆن نوسیویەتی هەر بەو شێوەیە بیکەین بە کوردی .

کە وا کاردوخەکان یەکێك بوون لە نەتەوەکانی خێزانی زمانە ئێرانیەکان و هەروەها ئەم نەتەوەی کوردەی کە ئێستا بە یەکێك لە پەلی رۆژئاوای زمانە ئێرانیەکان دەدوێ نەوەی راستەوخۆی کاردوخەکانن ئەم راستیەش بە ئاشکرا رۆنکراوەتەوە و لە لایەن زانا کوردەکان[2] و فارس[3] و ئەوروپاییەکانەوە[4] چەسپێنراوە . هەندێك لە زانایان لەو بڕوایەدان کە گوایە کاردوخەکان لە رووی زمانەوە نەتەوەیەکی ئێرانی نەبوون ، بەڵکو زمانیان زمانێکی ناوچەییە و پەیوەندی بەزمانە ئێرانیەکانەوە نییە . ئەم باوەڕە بۆ یەکەم جار ن یا. مارر بڵاوی کردەوە . ن. یا. مارر لە نوسراوەکەی « دیان دەربارەی وشەی چەلەبی »دا هەوڵی داوە بیچەسپێنێ کە نەژادی کورد یافیتییە و بەو بۆنەیەوە باسی دەورەکانی پێشکەوتنی زمانی کوردی کردوە[5] .

---

(٢) ئەمین زەکی ، خولاصەی تاریخی کورد و کوردستان ، بەغداد ١٩٣٦ (بە زمانی عەرەبی) ؛ هەروەها عەلائەدین سەجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەغداد ١٩٥٢ ، (بە زمانی کوردی) ، ل ٢٣ ـ ٢٦ .

(٣) رەشید یاسمی ، مێژووی نەژاد و پەیوەستەگی کورد ، تاران ، (بە زمانی فارسی) ، ل ١٠٠ ـ ١١٢ ، ١٤٨ ـ ١٥٧ .

(٤) ف. نیکیتین « کورد » ، مۆسکۆ ١٩٦٤ ، ل ٤٦ ـ ٥٢ (بە زمانی روسی) ؛ هەروەها ي. ب. سۆن ، گەشتێکی نهێنی لە میزۆپۆتامیا و کوردستاندا ، لەندەن ١٩٢٢ ، ل ٣٦٩ ـ ٣٧١ (بە زمانی ئینگلیزی) .

(٥) ن. یا. مارر ، دیان دەربارەی وشەی چەلەبی ، « دەستنوسەکانی بەشی رۆژهەلاتناسی کۆمەڵی ئارخیۆلۆژی » بەرگ ٢٠ ، پیترسبورگ ١٩١٢ ، ل ٨٩ ـ ١٥١ .

هەوالنامەی کتێب

دوا بەدوای ن. یا. مارر ، ئو. ل. ڤیلچێڤسکی[6] و ب. ف. میللەر[7] تەشەنەیان بەم تیۆرییە داوە و ویستویانە ئەو باوەڕە بچەسپێنن کە کورد دادەبێ بەوەی کە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی چەند نەتەوەیەکی جیاواز پەیدابوە. ئەم تیۆرییەی ن. یا. مارر کاری کردە سەر (گ. ب. ئاکۆپۆف)یش. لە وتاری « چەند وشەیەك دەربارەی مێژوی زمانی کوردی »[8] کە لە ساڵی ١٩٦٨دا بڵاوی کردەوە ، نوسەر دوپاتی ئەو باوەڕە چەوتە ، ناڕاستە ، هەڵانە دەکاتەوە کە زۆر دەربارەی رەگەزی کورد و زمانی کوردی و پێشکەوتنی هەبون و کە ئەو جۆرە باوەڕانە لە مێژە لە لایەن کوردناسەکانەوە لەناوبراون. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە گ. ب. ئاکۆپۆف شارەزای زمانی کوردی نییە ، چۆنێتی دروستبونی رێزمانی نازانێ ، شارەزای وشەکان و مێژوی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی نییە ، کەچی هەوڵی داوە نیشانی دەورەکانی پێشکەوتنی زمانی کوردی بدات. لە ئەنجامەکانی ئەم وتارەدا نوسیویێتی : « ئەمە هەمو یارمەتیمان دەدات کە بتوانین نەخشەی دەورەکانی زمانی کوردی بکێشین و بەتەواوی ئەو دەورانە ئاشکرا بن : دەوری کۆن — لە یەکەم جاردا ، واتە لە زۆدا زمانی

---

(٦) ئو. ل. ڤیلچێڤسکی ، ن. یا. مارر و کوردناسی ، « زمان و بیر » ، بەرگ ٨ ، لینینگراد ١٩٣٧ ، ل ٢٠١ — ٢٣٣ .

(٧) ب. ف. میللەر ، دەربارەی دەورەکانی زمانە ئێرانییەکان ، « ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر » ، مۆسکۆ ١٩٣٦ ، ل ٩٧ — ١٠٢ .

(٨) رۆژنامەی « ریا تازە » ، ئەیلول ١٩٦٨ ، ژمارە ٧٨ .

کوردی لە پەلی ئێرانی نەبو . دەوری دووەم — لەم دەورەدا زمانی دانیشتوانی کوردستان بو بە زمانێکی ئێرانی . دەوری سێیەم — لەم دەورەدا کورد بو بە کۆمەڵێکی جیاوازی تایبەتی و زمانی کوردی دروست بـو . دوا کاتی دروست بونی زمانی کوردی لە کۆتایی ساڵانی هەزاری پ. زاییندا بو کە لەزانستدا چەسپاوە . دەوری نوێ — ئەو دەورەیە کە لەسەر بناغەی دیالێکتی کرمانجی (واتە کرمانجی ژورو — وەرگێڕ) زمانی نەتەوایەتی کورد دروست بو ، وەك زمانی کۆمەڵێك » . لێرەدا پێویست بە دوان ناکات لە باوەڕی بێ بەڵگە و بێ بنچینەی گ. ب. ئاکۆپۆڤ . ئەوەی نوسیوێتی هەر دوبارەکردنەوەی باوەڕەکانی ئو. ل. ڤیلچێڤسکییە[9] . تەنها لەوە دەدوێین ، کە نوسەر لە دابەشکردنی دەورەکاندا دەڵێ : « لە یەکەم جاردا ـ واتە لە زودا زمانی کوردی لە پەلی ئێرانی نەبو » ، وە لە دەوری دوەمدا ـ لە پێشکەوتنی کورد و زمانی کوردیدا بو بـە زمانێکی ئێرانی . ئـەم ئەنجامەی گ. پ ئاکۆپۆڤ گەیشتوێتی پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ ئەم باوەڕەدا هەیە : « ئـەو کاردوخانەی کەزنەفۆن ناوی هێناون ، لە میللەتەکانی خاوەن زمانە ئێرانیەکان نین و هەروەها ئەوان باو و باپیری ئەم کوردەی ئێستا نین »[10]

---

(٩) بڕوانە : ق کوردۆ ، رەخنە لە بیر و باوەڕی هەڵە بەرامبەر بـە زمانی کوردی ، « کورتەی دەنگوباسی ئەمۆزگای رۆژهەڵاتناسی » ، بەرگ ١٢ ، مۆسکۆ ١٩٥٥ ، ل ٣١ ـ ٦١ .

(١٠) گ. ب. ئاکۆپۆڤ ، رەخنەی مێژوویی لە مەسەلەی نەژادی کورد ، =

هەواڵنامەی کتێب

بەپێی ئەو تیۆرییەی کە زمانی کوردی بە زمانێکی پێکهاتوو لە چەند زمانێـك دادەنێ و بە چەند دەورێکیدا دەبا ، هەروەها بە گوێرەی بیر و باوەڕی ئەو زانایانە کە بەبێ بەڵـگە کورد لە کاردوخ جیادەکەنەوە دێنە ســەر ئەو باوەڕە چەوتەی کە زمانی کوردی بە زمانێکی رەسەن نەژمێرن ، وە رەگەزی کورد دابنێن بەوەی کە لە چەند میللەتێك پێکهاتووە ، کە خاوەنی ئەتنۆگرافیای جیاواز و لەیەك دوورن .

ئو. ل. ڤیلچێڤـسکی لە دوا نووسراویدا « کورد ـ ســەرەتایەك لە مێژووی ئەتنۆگرافی گەلی کورد » (بڵاوەخانەی ئەکادیمیەی زانستی ســۆڤێت ، مۆسکۆ ١٩٦١) وا نیشانی دەدا کە کورد لە نەژاددا هیچ پەیوەندییەکی مێژوویی و زمانی لەگەڵ کاردوخەکاندا نییە . بۆ روونکردنەوەی ئەم باوەڕەی لە باسەکەی گزنەفۆنەوە هەندێ بەڵـگەی هێناوەتەوە دەربارەی گفتوگۆ کردنی یۆنانەکان لەگەڵ کاردوخەکاندا ، بەڵام راستەوخۆ هیچ بەڵـگەیەکی بەدەســتەوە نییە کە یۆنانەکان بە چی زمانێك لەگەڵ کاردوخەکاندا دواون ، هەروەها گزنەفۆن باسی ئەمە ناکات .

لە خوێندنەوەی گزنەفۆندا (گـۆڕینی بۆ رووسـی : ئی. ئی. مەکسیمۆڤا ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ١٩٦١) ئێمە ورد دەبینـەوە لەو شوێنەی کە لە کتێبەکەدا باسی چۆنێتی گفتوگۆی یۆنـانەکان دەکات لەگەڵ لەشکری دوژمندا . لە لاپەڕەکانی ٥٥ ، ٥٧ ، ٥٩ دا گزنەفۆن

= « کورتەی نامەی دوکتۆری » ، پەریڤان ١٩٦٩ ، ل ٣٥ ـ ٣٦ .

که باسی چۆنێتی گفتوگۆ و پەیوەندی دەکات ، یەك وشە چی بە نەیوتوە دەربارەی وەرگێر و دەربارەی ئەوەی کە بەچی زمانێك گفتوگۆیان کردوە . لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ شوێندا بەرچاو دەکەوێ : « کیر (سەرۆکی سوپای دوژمن - وەگێز) لەگەڵ پیکریتی وەرگێردا ... » (ل ٣٢) ، یا خود « سەرۆکە ستراتیجێکان بەرەو پیریان هاتن ، یەکەمیان لە رێگای وەرگێزەوە وشەی (تیسافیون)ی وت ... » (ل ٥١) . لە لاپەڕە ٦٢ دا نوسراوە : « وەرگێڕی یۆنانەکان وتی ... » . ئەم بەڵگانە ئەوە نیشان دەدەن کە یۆنانەکان خاوەنی وەرگێڕی خۆیان بون . ئو . ل فیلچێفسکی باوەڕی بەوە نییە کە یۆنانەکان لەگەڵ کاردوخەکاندا لە رێگای وەرگێڕی خۆیانەوە گفتوگۆیان کردبێ . ئەو نوسیویتی : « پەیوەندی یۆنانەکان لەگەڵ کاردوخەکاندا بە گوێرەی وشەکانی کزنەفۆن - داوای یارمەتییان لە وەرگێڕە سەرەکییەکەی خۆیان نەکرد بەڵکە زمانی فارسی دەزانی » (وتاری « کورد » ، ل ٦٥) .

دێینە سەر نوسراوەکانی کزنەفۆن دەربارەی پەیوەندی یۆنانەکان و کاردوخەکان . کزنەفۆن باسی چەند گفتوگۆیەك دەکا و بەم بۆنەیەوە نوسیویتی : « سەرەکەکان سەرلەنوێ کۆبونەوە و دیلەکانیان کۆکردەوە ، وە دەربارەی چۆنێتی وڵاتەکانیان پرسیاریان لێکردن ، ئایا ئەوان جگە لەم رێگایە رێگایەکی تر نازانن » . لە لاپەڕە ١٠١دا دەڵێ : « لە رێگای گفتوگۆوە توانرا لاشەی کوژراوەکان وەربگیرێنەوە » . بەم نمونانەدا بۆمان ئاشکرا دەبێ کە لە وڵاتی کاردوخدا گفتوگۆ کراوە لەگەڵ هۆزە کاردوخەکاندا ،

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام لە هیچ یەکێك لەو نووسینانەی کەزنەفۆندا دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ کاردۆخەکاندا کە خستومانەتە پێش چاو نابینرێ کە کەزنەفۆن وشەیەك چی بە نووسیبێتی کە گوایا یۆنانەکان « داوای یارمەتی یان لە وەرگێڕە سەرەکییەکەی خۆیان نەکرد » ، وەك ئو. ل. ڤیلچێڤسکی ئەمەی دروست کردوە . هەر دوا بە دوای ئەمە ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لە لاپەڕە ٥٠دا نووسیویێتی : لە کاتی گفتوگۆدا لەگەڵ کاردوخەکاندا ، یۆنانەکان : « سوودیان لە دیلەکان بینیوە کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بوون ، وە تا سوودیان لە دیلە کاردوخەکانیش وەرگرتوە » ، هەر بەم شێوەیەش گ. پ. ئاکۆپۆڤ دووبارەی دەکاتەوە . ئەو نووسیویێتی : « کەزنەفۆن دەڵێ کاتی کە چوونە وڵاتیـانەوە (وڵاتی کاردوخ — وەرگێڕ) ، یۆنانەکان وەرگێڕی خۆیان گۆڕی ، ئەو وەرگێڕەی زۆ یارمەتی دابوون لە گفتوگۆدا لەگەڵ میللەتە ئێرانییەکاندا »[11]. لە نووسراوەکەی کەزنەفۆندا شتی وەها نییە ، وە ئێمە لە کتێبەکەی کەزنەفۆنـدا زۆر گەڕاین ، بەڵام گەڕانەکەمان سوودی نەبوو و هیچ شتێکمان نەدۆزییەوە کە یۆنانەکان « وەرگێڕی خۆیان گۆڕیوە » ، یاخود سوودیان لە « دانیشتوانی ناوچەکە وەرگرتوە » . بەم جۆرە دەرکەوت کە ئەمە هەڵبەستراوە . لە پاشا ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لە لێکدانەوەی بەڵگەکانی کەزنەفۆندا دێتە سەر ئەم ئەنجامە کە دەڵێ : « بەم جۆرە دەرکەوت کە کاردوخەکان بە زمانێکی ناوچەیی دەدوان ، نەك بە زمانێکی ئێرانی » . پاش چەند دێڕێك دەیەوێ باوەڕەکەی خۆی پتەو بکا و بۆ ئەمە کەزنەفۆن دەکات بە بەڵگە و نیشانە :

(١١) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٠ – ٣٦ .

« بە شایەتی ئەو (گزنەفۆن — ق کوردۆ) لەو دەمـەدا کاردوخەکان
بە زمانێـکی ناوچەیتی دەدواز (واتە ئێراتی) . بەداخەوە ئەمەش هەر
ئو . ل. ڤیلچێڤسکی خۆی هەڵی بەستوە و شتی وەهـا لە کتێبەکەی
گزنەفۆندا نییـە و لە راستییەوە دوورە . لە جیاتی ئەوە لە لاپەڕە
۱۰۰ ی کتێبەکەی گزنەفۆندا چاومان بەو بەڵگەیە دەکەوێ کە
شـایەتە بۆ ئەوەی کە یۆنانەکان لە وڵاتی کاردوخەکاندا لە رێـگای
وەرگێڕەوە کاروباری پەیوەندییـان بە رێوە دەبرد . « گزنەفۆن لە
رێـگای وەرگێڕەوە لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆ (کاردوخەکان — ق.
کوردۆ) دەربارەی یەکێتی و وەرگرتنەوەی لاشەی کوژراوەکان » .

ئەنجامی هـــەموو بەڵگەکانی گزنەفۆن دەربارەی پەیوەندی و
گفتوگۆی یۆنانەکان لە باشووری وڵاتی کاردوخەوە ، وە هەروەهاش
لەناو وڵاتی کاردوخدا بەئاشکرا ئەوە روون دەکاتەوە و نیشانی دەدات
کە لە رێگای وەرگێڕەوە گفتوگۆ کراوە و شێوەی گفتوگۆ کردنی
یۆنانەکان لەگەڵ کاردوخەکاندا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شێوەی ئەو
گفتوگۆیەدا نەبووە کە لە باشووری وڵاتی کاردوخدا کراوە .

هەواڵنامەی کتێب

رەنگە پرســیار بکرێ : بەچی زمانێك یۆنانەکان لەگەڵ
کاردوخەکاندا قسەیان کردوە ، ئەگەر ئەوان « داوای یارمەتییان لە
وەرگێڕە سەرەکییەکەی خۆیان نەکردبێ » ؟ . بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە
تەنها ئەوە دەتوانین بڵێین کە یۆنانەکان کەڵکیان لە وەرگێڕی
یۆنانی ـ کاردوخی ، یاخود کاردوخی ـ یۆنانی وەرگرتوە . دیارە
لەناو کاردوخەکاندا پیاوی وا هەبوون کە زمانی یۆنانییان زانیبێ .

ئەگەر ئەمە وەربگیرێ ، پێویستە ئێمە لەسەر لێکۆڵینەوەکەمان بڕۆین و بڵێین ، کە کاردوخەکان لە کاتی خۆیدا میللەتێکی جیاواز و سەربەخۆ و بەهێز بوون . بەر لەوەی لەشکری یۆنانەکان بێتە وڵاتەکەیانەوە پەیوەندی لە نیوانیاندا هەبووە . یونانەکان بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری خۆیان لەگەڵ کاردوخەکاندا خاوەنی وەرگێڕی خۆیان بوون کە لەزمانی کاردوخیەوە شتی بۆ وەگێڕاونەتە سەر زمانی یۆنانی . هەر لەبەر ئەو هۆیەش دیارە کە کاردوخەکانیش خاوەنی وەرگێڕی خۆیان بوون . ئەمە تەنها تێبینییە و بۆ چەسپاندنی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە هەروەها لە کزنەفۆنیشەوە بۆمان ئاشکرابوو کە یۆنانەکان بۆ یەکەم جار بەرێکەوت چاویان بە کاردوخەکان کەوتوە و لەگەڵیان جەنگیون ، ئەویش لەو کاتەدا بوو کە یۆنانەکان بڕیاریان دا بە رێگایەکی تردا بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ، نە یۆنانەکان و نە کاردوخەکانیش هیچ پێویستییان بەوە نەبوە کە وەرگێڕی تایبەتی خۆیان هەبێت ، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە هەندێ شوێندا کزنەفۆن نیشانی داوە کە لەم جەنگانەدا سوودیان لە وەگێڕی یۆنانی — فارسی وەرگرتوە و ئەم راستییەش مێژوو خۆی خستویەتیە پێش چاومان . وەك ئاشکرایە لە سەردەمی هاخامەنشی و ساسانیەکاندا دەوڵەتی یۆنان و ئێران بەهێزترین فەرمانڕەوای جیهان بوون و هەمیشە هاوپەیوەندی یەك بوون و هەندێ جاریش دژی یەکتر جەنگیون . ئاشکرایە بۆ ئەم مەبەستە چۆن یۆنانەکان ، هەروەها عەجەمەکانیش پێویستییان بە وەرگێڕی یۆنانی — فارسی هەبوە . کزنەفۆن باسی ئەمەی کردوە و

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ ئـــەم وەرگێڕانەدا بە وڵاتی کاردوخدا تێپەڕیون . لەبەر رۆشنایی ئەم بەڵگانەدا ئاشکرایە ، کە گفتوگۆی یۆنانەکان لەگەڵ کاردوخەکاندا بە « زمانێکی ناوچـــەیی نەبوە » ، بەڵکو بە زمانی فارسی ، یاخود بە یەکێك لە زمانەکانی تری ئێرانی بوە . بەمەدا رون دەبێتەوە کە کاردوخەکان چۆن بە گەلێك بەڵگەی ئەتنۆگرافی کە لە سەرەوە باسمان کردن ، هەروەها بە زمان یەکێکن لە میللەتانی ئێرانی زمانەکانی کوردستانی کۆن و هـــەروەها باو و باپیری ئەم کوردەی ئێستان . بەداخەوە ئەو زانایانەی کورد بە نەوەی کاردوخ دادەنێن گرنگییەکی زۆریان نەداوە بەوەی نیشانی بدەن کە زمانی کاردوخەکان لە کام خێزانە زمانە .

چەند وشەیەك دەربارەی مانای وشەی « کاردوخ »

هەندێ لە زانایان لەو باوەڕەدان ، کە ئەم وشـــەیە ناوی میللەتێکە و وشەکە لە زمانی ئەرمەنیدا دروست بوە . هەندێکی تر لە زانایان لەو باوەڕەدان ، کە ئەم وشـــەیە لە زمانی دانیشتوانی هەرێمێکی تایبەتیدا دروست بوە و ناوی میللەتی ئەم هەرێمەیە کە خۆیان ئەو ناوەیان لە خۆیان ناوە . ئەمە هەر چۆنێك بوبێت گرنگ نییە ، ئەوەی گرنگ بێت بۆ ئێمە ئەوەیە کە لەســەر بنچینەی بەڵگەکانی کەزنەفۆن ئاشکرابوە کە وشەی « کاردوخ » مانایەکی ئەتنۆگرافی هـەیە . بەم بۆنەیەوە ئو. ل ڤیاچێڤسکی راستە کە نوسیویێتی : وشەی « کاردوخ » تەنها ناوی ئەو هۆزە (کاردوخ ـ ق . کوردۆ) نەبوە لای میللەتانی دراوسێ ، بەڵکو ئەو ناوەش بوە کە

خۆیێن لە خۆیان نابێ (١٠١) . ئادۆنس لە نووسراوەکەی «ئەرمەنستان لە دەوری یوستینەن»دا نووسیویەتی : لە وشەی «کاردوخ»دا پیتی کۆتایی (خ) لە پیتی (ك)ەوە هاتووە کە نیشانەی کۆیە (جمع) لە زمانی ئەرمەنیدا . لەسەر بنچینەی ئەم بیر و باوەڕە مێژوونووسی فارس رەشید یاسمی ، هەروەها گ پ. ئاکۆبۆف و چەند زانایەکی تر دەڵێن : یۆنانەکان ئەم وشەیە (کاردوخ — وەرگێڕ)یان لە دەمی ئەرمەنی بیستووە ، کە گوایا یەکێکی ئەرمەنی وەرگێڕ بووە لە کاتی گفتوگۆی یۆنانەکان لەگەڵ کاردوخەکاندا . لەبەر ئەمە ئەو زانایانەی لەسەرەوە ناومان بردن هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی ، گوایا کاردوخەکان بە زمانێك دواون کە لە زمانی ئەرمەنییەوە نزیك بووە ، لەبەر ئەوەش زمانی کاردوخەکان بە زمانێکی ئێرانی نازمێرن . لێکدانەوەی ئەو زانایانە زۆر چەوت و بێ بەڵگەیە .. جا بۆ دەرخستنی ئەو ناڕاستییە دەڵێین : بەر لە هەموو شتێك دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە پاش ئەوەی یۆنانەکان چوونە وڵاتی کاردوخەوە ئینجا دوای ماوەیەك بۆ یەکەم جار چوونە ئەرمەنستان . کاتێ یۆنانەکان قسەیان لەگەڵ کۆمارخ (سەرۆکی گوندی ئەرمەنستاندا)دا دەکرد ، لێیان پرسی : «ئەمە چ وڵاتێکە ؟ ئەو وەڵامی دایەوەیە : ئەرمەنستانە» (ل ٣٠ — ٤٠) . بەم جۆرە روون بووە کە یۆنانەکان وەرگێڕیان نەبووە بۆ زمانی ئەرمەنی و کە ئەو وەرگێڕەش خۆی ئەرمەنی بووبێت ، هەروەها پێویستیان بەمە نەبووە . وەك بە بەڵگەکانی گەزنەفۆندا دەردەکەوێ ، تەنها لە رێگای وەرگێڕی فارسی - یۆنانییەوە گفتوگۆیان کردووە ، نەك هەر لەگەڵ فارسەکان و

هەواڵنامەی کتێب

کاردوخەکاندا ، بەڵکو لەگەڵ ئەرمەنەکانیشدا . لێرەدا دەرکەوت ئەو باوەڕە کە وای دادەنێ ، گوایا یۆنانەکان لەگەڵ وەرگێڕە ئەرمەنییەکاندا تێپەڕبون بە وڵاتی کاردۆخەکاندا باوەڕێکی راست نییە . دەتوانین بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە بڵێین وشەی « کاردوخ » بەر گوێی یۆنانەکان کەوتوە لە گفتوگۆی ئەرمەنەندا نەك لە وڵاتی کاردوخەکاندا بەڵکو لەناو ئەرمەنستاندا . ئەمە لە راستییەوە نزیکە و بەڵگەش هەیە بۆ ئەوەی ئەم باوەڕەمان بچەسپێنین .

وەك ئاشکرایە ، لەبەر رۆشنایی بەڵگەکانی کزەنەفۆن ئێمە دەزانین ، کە کاردوخەکان زیانیان زۆر لە یۆنانەکان دا ، لەگەڵیاندا جەنگان ، بە هەمو شێوەیەك رێگایان دەگرت و تەگەرەیان دەخستە بەردەم یۆنانەکان کە بەوڵاتەکەیاندا تێنەپەڕن بۆ یۆنانەکان ئاسان نەبوە لەماوەی حەوت رۆژدا کە بۆوچان لە شەڕدا بون لەگەڵ کاردوخەکاندا ، توانیبێتیان هێندە دەنگوباسی گرنگی کاردوخەکان بزانن ، وەك « کاردوخەکان سەربەخۆ دەژیان ، لەگێژاو و هەرادا بون دژی حکومەتەکەیان » و « هەتا بندەستی پادشاکەشیان نەدەکرد » (پادشای فارس) (ل ١٤٨ ـ ١٥٩) . ئەوەی لەراستییەوە نزیکتر بێت ئەوەیە ، کە یۆنانەکان ئەم دەنگوباسەیان لە ئەرمەنستان وەرگرتوە ، بەم وڵاتەدا بەئاسانی تێپەڕبوون ، بێ هیچ تەگەرەیەکی وەها کە شایانی باس بێت . یۆنانەکان لەم زروفە باشەدا کە لە ئەرمەنستان هەیانبوە توانیویانە بەئاسانی و بە دوور و درێژی دەنگوباسی کاردوخەکان لە کۆمارخ (سەرۆکی گوندی ئەرمەنستان) وەربگرن . دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە کزنەفۆن وشەی « کاردۆك » بە

هەواڵنامەی کتێب

فۆنێتیکی ئەرمەنی لە نوسراوەکەیدا کردوێیە بە « کاردۆخ » .

رەشید یاسمی لە رێگای بەڵگەکانی سترابۆنەوە دەڵێ : وشەی « کاردۆخ » و « کاردۆك » مانای هۆزێکی کۆچەری ئازا بووە . ئەو وشەکانی سترابۆن دەهێنێتەوە کە دەڵێ : « فارسەکان لاوەکانیان بە جۆرێك پەروەردە دەکەن ، کە بتوانن بەرگەی سەرما و گەرما و باران بگرن ، فێربان دەکەن شەو لە کێوان لەگەڵ ئاژەڵەکانیادا بێننەوە ، لاوەکانیان بە بەرهەمی درەختی ناو دراستان دژین ، وەك بەڕو . کاردوخەکان لەسەر دزی و جەردەیی دەژین ، وشەی « کاردۆخ » مانای مرۆڤی ئازا و شەڕکەر »ە . دوا بە دوای ئەمە رەشید یاسمی دەڵێ : وشەی « کاروك » ، « کاردۆك » ، « کورد » مانای مرۆڤی ئازای پەروەردە کراوی کۆچەرانە ، وە لەم بارەیەشەوە وشەی « کورد »یان بەکارهێناوە وەك « ئازا ، نەبەرد ، قارەمان ، بەهێز » [12] لەم وشانەدا دەتوانین بێینە سەر ئەو ئەنجامەی کە وشەی « کارداك » ، « کاردۆخ » مانایەکی کۆمەڵایەتی و ئەتنۆگرافییان هەبووە ، وە ئەم وشانە لەسەر بنچینەی زمانە ئێرانیەکان دروست بوون . لێرەدا پێویست بەوە ناکات رۆنی بکەینەوە کە کۆتایی ئەم وشانە (ئاك و ۆك) پەیدابوون لە پاشگری (ەکە ـ eke) کە لە زمانە ئێرانیەکاندا زۆر بەکار دەهێنرێن ، وەك پاشگرێك بۆ مانایەکی ناسراو ، کە دەلکێندرێت نەك تەنها بە ناوەوە ، بەڵکو بە ئاوەڵناویشەوە . بۆ نمونە دەبینین ، وشەی « مەردەکە » کە

---

(١٢) سەرچەوەی ناوبراو ، رەشید یاسمی ، ل ١٠٧ .

وشەیەکی فارسی کۆنە و شێوەکەی کە « مەریکە » ، هەردوکیان مانای « مرۆڤ ، پیاو » دەدەن . لە زمانی کوردیدا ئەم پاشگرە ، ئەو شێوانە : (ەك ، ۆك ، وك ، یك)[13] وەردەگرێ . بۆ نموونە (سەرەك و سەرۆك) لە وشەی (سەر)ەوە ؛ (چیرۆك) ، (ناوك) ، (بەریك) ... هتد .

وشەی « کاردۆخ » بەو شێوەیەی گزنەفۆن نووسیویەتی دیارە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ شێوەی « کاردۆك »دا هەیە ، کە وا هەر بەم شێوەیەش تۆمارکراوە لە نووسراوەکانی مێژووناسانی ئەرمەن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا . بەڵام ئەگەر ئەو باوەڕە بەراست دابنێین کە دەڵێ : « کاردۆخ »ی گزنەفۆن لە رەگ (کاردۆ) پێکهاتوە ، وەك ناوی میللەتێك ، لەگەڵ (ك) کە نیشانەی کۆیە (جمع) لە زمانی ئەرمەنیدا . ئەوسا ناتوانرێ بگوترێ کە وا « کاردۆك ، کاردۆخ » بە ئەتنۆگرافیا و زمان بەشێك نین لە خێزانی زمانە ئێرانییەکانی دانیشتوانی کۆنی کوردستان . ئەگەر وشەی « کاردۆخ » لە زمانی ئەرمەنیشەوە کەوتبێتەوە ، ئەوە دوا ئەنجام تەنها ئەوەیە کە دەبێ « کاردۆك » — بە زمانی ئەرمەنی ، وە « کاردۆخ » — بە زمانی فارسی یەك گەوتبن وەك ناوێ کە بە میللەتێکیان گوتبێ و وەك ناوی میللەتێ کە خۆی بەخۆی گوتبێ .

بەم جۆرە لە رێگای بەڵگەکانی گزنەفۆنەوە دەربارەی

---

(۱۳) ق. کوردۆ ، مانا و فرمانی پاشگری ـ ك ـ (ەکە) لە زمانی کوردیدا ، « لێکۆڵینەوە لە مێژووی کولتووری میللەتانی رۆژهەلات » ، بۆ بیرەوەری ئەکادیمی ئی. ئا. ئۆربیلی ، ۱۹٦۰ .

گفتوگۆی یۆنانەکان لەگەڵ کاردوخـەکاندا ، هەروەها لە رێـگای لێـکدانەوەی مانا و دروست بوونی وشەی « کاردۆك و کاردۆخ »دا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە بڵێین ـ کاردوخەکان لە خێزانی زمانە ئێرانیێـکانن .

بەڵـگەی گرنگی باوەڕپێکراو و چەسپێنەری مێژوویی و زمانی دەربارەی پەیوەندیی کاردوخەکانی کۆن و کوردەکانی ئێسـتا ، ئەو پیشکەوتن و ئەنجامەیە کە کوردناســەکانمان و زمانناسـەکانمان گەیشتوینەتێ . لە لێکۆڵینـــەوەی زمانی کوردیی و دیالێـکتەکانیدا گـەلێك بەڵـگەی رێزمانی « گراماتیکی » و وشـــەکانی زمانیـان دۆزیوەتەوە ، کە لەو رێگایەوە توانیویانە ئەو راستییە بچەسپێنن و بەتەواوی نیشانی بدەن . ئەو بەڵگانە پەیوەندیی راستەوخۆی زمانی کوردیی ئێستا لەگەڵ زمانە ئێرانیێـکانی کۆن نیشان دەدەن .

* * * *

هەولێرنامەی کتێب

چەند تێبینییەك لەسەر
کتێبەکەی ڤیلچێڤسکی

لە ساڵی ١٩٦١ دا ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی «کورد . سەرەتایەك لە مێژوی ئەتنۆگرافیای گەلی کورد» دا بڵاوکردەوە . ئەم کتێبە ١٦٣ لاپەڕەیە و پێکهاتووە لە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٤) و هەشت فەسڵ (ل ٥ ـ ١١٦) و هەندێك سەرنج (ل ١١٠ ـ ١٦٢) . لە فەسلی یەکەمدا (ل ٥ ـ ٢٥) باسی ڕێباز و چۆنێتی ڕێگای لێکوڵینەوە دەکات لە ئەتنۆگرافیای میللەتان . لێرەدا رای خۆی دەدات ، کە لێکۆڵینەوە لە نەژاد و دروست بونی میللەت پێویستە لە سەر چی بنچینەیەك بێت . نوسەر دژی ئەو ڕێگا راستە وەستاوە ، کە لە مێژە لە سەر شێوەیەکی زانستی سەربارەت بە لێکۆڵینەوە لە ئەتنۆگرافیای میللەتاندا چەسپاوە . ئەو نوسیوێتی : «کەرەستەی ئەنترۆپۆلۆژی (علم الانسان) و ئەتنۆگرافی و جوگرافی . . . ، کەرەستەیەك نییە کە بۆ ڕوَن کردنەوەی مێژوَی دروست بونی میللەتان بتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ» (ل ١٢) . بۆ مێژوَناس و ئەتنۆگراف و زمانناس ئەم باوەڕەی نوسەر شتێکی سەیرە . گەر ئەم کەرەستانە بۆ ڕوَن کردنەوەی

هەواڵنامەی کتێب

نەژاد و دروست بوونی میللەتیك بۆ سوودن و پشتیان بۆ نابەستریّ ، ئەوە ئەمانەوێ لە نووسەر بپرسین : گەر وایە ، ئەی بۆچی ئامۆژگای ئەنترۆپۆلۆژی و ئەتنۆگرافی لە ئادیمیەی زانستی سۆڤێت هەیە و بوونی چی سوودیکی هەیە ؟ پێویست بە روون کردنەوە ناکات . خۆ ئاشکرایە ، کرگی ئەم ئامۆژگایە ئەوەیە کە زاناکانی بە لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافیای میللەتانەوە خەریکن . لێکۆڵینەوەیان لەسەر بنچینەی کەرەستەیەکە کە لە زانستی ئەنترۆپۆلۆژی و ئەتنوگرافی و زمانەوانیدا دەستی دەخەن . مەبەستی نووسەر دەربارەی لێکۆڵینەوەی لە میللەتی کورد ، وەك خوی نووسیویّتی ئەوەیە : « بەپێویستی دەزانم کە سەرلەنوێ بڵێم ، مەبەست ئەوە نییە و گرنگیش نییە هەوڵ بدەین بۆ روون‌کردنەوەی نەژادی (کوردی وەرگیّر) لە کام میللەتی کۆنەوە هاتووە ، یاخود حوری و ولولوبی و کاشی و حیثی و ماد ... هتد سەرچاویان چی میللەتێك بووە ، کە تەنها ناویان بۆ ئێمە ئاشکرایە ... بەڵکو مەبەستمان روون‌کردنەوەی هەندێك باری کولتور و کۆمەڵایەتی و نەریتی زمانە ، کە وا خزمایەتی کورد لە گەڵ میللەتانی دراوسێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشان دەدات . لەم رێگایەوە دەتوانین وێکچوونی جۆرجی و ئەرمەنی ، لێکچوونی فارس و ئازربایجانی .... هتد روون بکەینەوە » .

لەم چەند دێڕەی نووسەردا ئاشکرا دیارە :

هەرچەندە نووسەر لە بەشی یەکەمی ئەم چەند دێڕەدا دەڵێ : مەبەستی ئەو گەڕان نییە بە دوای نەژادی کورددا ، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا ئەو لە مەبەستەکەی خۆی لادەدات . دەبینین لە کتێبەکەیدا بە شێوەیەکی دوور و درێژ بیر و باوەڕی هەموو زانایان لەگەڵ بەڵگەکانیانی هێناوەتەوە دەربارەی ئەتنۆگرافیا و زمانی لولوبی و کاسی و گوتی و حیثی و حوری و ئورتو و ماد و کورت و کاردوخ و .... هتد ، هەروەها هەوڵی داوە پەیوەندییان لەگەڵ کورددا نیشان بدات . واتە هەر ئەو ڕێگایەی گرتووە کە هەندێ زانای کوردی دەرەوە گرتویانە ، وەك : ئەمین زەکی ، عەلائەدین سەجادی ، ڕەشید یاسمی و هەندێکی تر . بە شێوەیەکی گشتی ، هەموو ئەم زانایانە مێژووی میللەتەکەیان نووسیوە بە دەست پێکردنێك لە مێژووی میللەتانی کۆن (گوتی ، کورت ، کاسی ، کاردوخ ، ماد ... هتد) ، کە لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا دەژیان . ڕاستە بیر و باوەڕیان جیاوازە سەبارەت بەوەی ئەم میللەتانە باو و باپیری کوردن یان نا . هەندێکیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم میللەتانە باو و باپیری کوردن . هەندێکی کەیان باوەڕیان بە شێوەیەکی کەیە . جیاوازی بیر و باوەڕیشیان بە شێوەیەکی گشتی کار تێ کردنی ئەو جیاوازییەیە کە هەیە لە نێوان زاناکانی ڕۆژئاوادا . بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ و ئەوەی بێ جیاوازی بێ ئەوەیە کە هیچ یەکێك لەو زانا کوردانەی ناومان بردن ، دەستیان نەکردوە بە نووسینەکانیان دەربارەی مێژووی کورد و ڕەگەز و کولتووری بێ نیشاندان و ڕوون کردنەوەی ئەو ڕووداو و بەڵگە مێژوویانەی ئاشکران و لەم زانستەدا جێگیر بوون دەربارەی ئەو میللەتانەی کۆن . بەم جۆرە ئاشکرایە ، ناتوانرێ و لە توانادا نییە دەست بکرێ بە نووسینی مێژووی

هەواڵنامەی کتێب

ئەتنوگرافیای کورد بۆ ئەمە (ڕووداو و بەڵگە مێژووییانە ـ وەرگێڕ) .
لێرەدا ئو. ل. ڤیلچێڤسکی ڕاست نییە ، کە دەڵێ « بەلای ئێمەوە مەبەست نییە و گرنگ نییە ، ئەم میللەتانەی کۆن سەرچاوەی دروست کردنی چی میللەتێکی ئەمڕۆن .

ئەوەی بەلای ئێمەوە بە هیچ جۆرێك ڕاست نەبێ و ئەوەی لەگەڵ باوەڕی ئێمەدا نەگونجێ بەشی دووەمی مەبەستەکەی نوسەرە ، کە دەڵێت : بەلای منەوە مەبەست « ڕوَن کردنەوەی هەندێك باری کولتور و کۆمەلایەتی و نەریتی زمانە ، کە وا خزمایەتی کورد لەگەڵ میللەتانی دراوسێی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا نیشان دەدات » . بەر لە هەموو شتێك لە نوسەر دەپرسین : تێ ناگەین نوسەر دەربارەی چ باری کولتور و کۆمەلایەتی و نەریتی زمانەوە دەدوێت ؟ . خۆ لە کتێبەکەیدا هیچ فەسڵێك یاخود هیچ بەشێك نییە دەربارەی ئەم باسە . تەنها هەندێ جار نەبێ لە باسەکانیدا کە بە شێوەیەکی ساکار و بە پەلە بە دەوری کویلایەتیدا تێدەپەڕێ . پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین کە مەبەستی نوسەر ئەوە نییە نیشانی جیاوازی کورد بدات لەگەڵ میللەتانی دراوسێدا ، بەڵکو دەیەوێت تەنها وێکچونیان نیشان بدات . بەم جۆرە دەبینین بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی ئەتنۆگرافیای میللەتی کورد تەنها چمکێکی زانستەکەی گرتووە . لە جیاتی گەڕان بە دوای بەڵگە و ڕوداوی واقعی مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژی و ئەتنۆگرافی و زمانەوانی و .... دا ، کە لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ ڕەوشت و نەریت و زمان و کولتوری

میللەتی کورد نیشان بدرێ ؛ لە جیاتی چۆنێتی شێوەی کۆمەڵایەتی و چۆنێتی دروست بونی لای میللەتی کورد ؛ لە جیاتی یەکالا کردنەوەی چۆنێتی زبان و رەوشتی ناوخۆی کوردەواری ؛ لە جیاتی لێکۆڵینەوە لە پێشکەوتن و دروست بونی میللەتی کورد ، ئو. ل. ڤیلچێفسکی خۆی بە رون کردنەوەی مەسەلەی شێوەی کۆمەڵایەتی و مێژوی میللەتانی کۆنی رۆژئاوای ئێران و ئاسیای بچوك و پشت قەفقاسەوە خەریك کردوە . لەم رێگایەوە ویستویەتی ئەو شتەی کورد کە لە دراوسێکانی دەچێ نیشانی بدات . بێگومان گرتنی رێگایەکی وا چەوت و یەك لا لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی ئەتنۆگرافیای هەچ میللەتێك بێت ، نوسەر توشی گەلێك هەڵە دەکات و ئەو لێکۆڵینەوەیە نرخێکی زانستی نابێت و بێسود دەمێنێتەوە .

فەسڵی دوەم (ل ٢٥ — ٣٥) دەربارەی دەوری پێکهاتنی زمان و ئەتنۆگرافیا و کولتوری میللەتانە . ئەم فەسڵە بەزە لە نمونە کە هێنراونەتەوە لە نوسراوەکانی ن. ب. پیاتروڤسکیەوە (ل ٢٥ ـ ٢٩) دەربارەی هۆزە کۆچەرەکان و چۆنێتی دروست بونیان ، دەربارەی پێشکەوتنی بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەکارە هێنانی زەوی لە ناوەڕاستی هەزارەی دوەمی پێش زایندا ، لە ناوچە شاخاوێکانی ئاسیای بچوك و رۆژئاوای ئێران . لە پاشا لە (ل ٢٥ — ٢٩) دا باوەڕی گەلێك زانا نیشان دەدا سەباردت بە ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتەکانی کۆن (گوتی ، کاسی .... هتد) و دەربارەی ئەوەی لە چ خێزانێکی زمانن . لە (ل ٣٢ — ٣٥) دا دەڵی : لە کۆتایی هەزارەی دوەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایندا لە ناوچە شاخاوێکانی هەرە کۆنی

ژیاندا دەوری تەشەنەکردن و بڵاوبونەوەی هۆزە هیند و ئەوروپاییەکان دەست پێ دەکات . هەر لەو دەمەشدا دەوری تەشەنەکردن و بڵاوبونەوەی هۆزەکانی سامی و ئارامی ، بە تایبەتی بەشی سەروی میزۆپۆتامیا دەست پێ دەکات ، کە لێرەدا (سەروی میسۆپۆتامیا — وەرگێڕ) لەگەڵ دانیشتوانی زۆی ئەم هەرێمەدا تێکەڵ بون . بەم بۆنەیەوە ئەو دەدوی لەوەی ، کە گوایا کورد لە ئەسڵدا لە عەرەبەوە هاتون . بۆ بەڵگەش هەندێ بەسەرهات و رۆداوی کوردی هێناوەتەوە دەربارەی پەیوەندی و نزیکی زمانی کوردی و عەرەبی ، دەربارەی نزیکی لە چۆنێتی دروست بونی کۆمەڵایەتی هۆزەکانی کورد و عەرەب و .... هتد . بە باوەڕی ئەو ، ئەوە دەری دەخا ، کە رەگێکی قوڵ و درێژ هەیە لە نیوان پەیوەندی ئەتنۆگرافی عەرەب و کورددا (ل ٣٤) .

بەکورتی لەسەر هەندێك لە بەڵگەکانی نوسەر دەدوێین .

بەر لە هەمو شتێك چەند وشەیەك دەرباری ئەوەی کە دەڵێ ئەسڵی بەسەرهات و رۆداوی کوردی لە عەرەبیەوەیە . راستە ئەم جۆرە بەسەرهات و رۆداوانە لە ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیە ، وەك : لە پێشەکی نوسراوەکەی شەرەف خانی بتلیسیدا « مێژوی کورد » و لە نوسراوەکەی مەلای بایەزیدیدا « خو و رەوشتی کورد » و لە هەندێك بەرهەمی فۆلکلوری کوردیدا ، کە هەندێ جار قارەمانانی داستانێکی کوردی عەرەبن ، یاخود سەرۆکی هۆزیکی کورد بە قارەمانێتی ناوی دەرکردوە لە ئەسڵدا لە هۆزێکی عەرەب بووە . بەم بۆنەیەوە ئو. ل. ڤیلچێڤسکی دەڵێ ، هەمو کوردان

هەواڵنامەی کتێب

ئەسڵی خۆیان بە عەرەب دادەنێن . ئەو نووسیویێتی : « نەك تەنها کوردان ئەسڵی خۆیان بە عەرەب دادەنێن ، بەڵکو پاڵەوانانی داستانە کوردییەکان بەشی زۆریان ئەسڵیان عەرەب بووە . خزمایەتی هەیە لە نێوان هۆزەکانی عەرەبدا ، کە قارەمانیەتیان ئاشکرایە نەك تەنها لە ناوچە شاخاوییە کوردییەکاندا ، بەڵکو لە ناوچە دەشتاوییە عەرەبییەکانیشدا » (ل ٣٤) ئاشکرایە ، گەر هەندێك لە پاڵەوانانی داستانە کوردییەکان ، یاخود هەندێ پێشەوا و سەرۆکی هۆزەکان لە داستانەکاندا ، یاخود هەندێك نووسەری کورد بە عەرەب بدرێتە قەڵەم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کورد لە عەرەبەوە پەیدابووبێ . هۆی هەرە گەورەی ئەمە ئەوەیە : لەو سەدانەی عەرەب دەورێکی گرنگی دەبینی لە کۆمەڵایەتی و ئایین و سیاسەتدا (لە نێوان هەندێ لەو میللەتانەی ئایینی ئیسلامیان وەرگرتبوو) زۆر باو بوو کە بە شانازییەوە خەڵك ئەسڵی خۆی بە عەرەب دابنێ . جا رەوشنایی ئەم وەزعەش لە بەسەرهات و داستانەکاندا تیشکی داوەتەوە . لەسەرێکی کەوە خۆ بە عەرەب دانان بەو مەبەستە بووە کە ئەسڵی خویان و قەومیان بشارنەوە . ویستویانە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵی سەرکەوتوو دابنێن . ئەمەش رێگایەك بووە بۆ خۆ دوور خستنەوە و خۆ پاراستن لە گەلێك ناخۆشی و کوێرەوری و بێبەختی .

دووەم بەڵگەی نووسەر بۆ پەیوەندی ئەتنۆگرافیای کورد و عەرەب ئەوەیە کە نووسیویێتی : « ئەو پەیوەندییەی هەیە لە نێوان زمانی کوردی و زمانە سامییەکاندا ، گەلێك نزیکتر و بە هێزترە وەك لەو پەیوەندییەی هەیە لە نێوان زمانە ئێرانییەکاندا » (ل ٣٤) .

هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا ئەمەوێ لە نوسەر بپرسم : دەربارەی چ پەیوەندییەکی زمانی دەدوێ لە نیوان زمانی کوردی و زمانە سامیەکاندا ؟ . خۆ نوسەر ئەمەی نیشان نەداوە، وە هیچ کوردناسێك ئەمەی بۆ دەرنەکەوتووە، کە ئەو پەیوەندییە نزیك و بە هێزە چییە ....

لێرەشدا هەر لەسەر شێوە و چۆنێتی دروست بوون و پێکهاتنی هۆزەکانی کورد هەندێ لێکچوونی دۆزیوەتەوە کە لە میللەتانی دراوسێ دەکەن و بەم جۆرە دەیانکات بە خزم . لەم بارەیەوە نوسیویەتی : «ئەو شێوەیەی لە چۆنێتی دروست بون و پێکهاتنی هۆزە کوردەکاندا هەیە هەر ئەو شێوانەن کە لە میللەتانی کۆن و میللەتە ئێرانیەکان و سامیەکان و تورکەکاندا هەن» (ل ١١٦) .

دەتوانین بڵێین ، کە نوسەر دەربارەی جیاوازی کورد لە گەڵ میللەتانی دراوسێیدا ، دەربارەی رەوشت و ژیان و خاسیەتی زمان و کولتوری مێژوی میللەتی کورد هیچی نەنوسیوە . بە باوەڕی ئەو کورد هیچ شتێکی تایبەتی خۆی نییە . ئەوەی کە هەیەتی وەك ئەوانەی دراوسێکانیەتی . تەنها لەیەك شوێندا باسی شێوەیەکی رەوشتی کوردەواری دەکات ، ئەویش لەو شوێنەدایە کە باسی مانەوەی دەوری ئافرەت لە خێزاندا دەکات لە ناو کورددا . بەم بۆنەیەوە نوسیویەتی : ئەوەی کورد لە زوربەی میللەتانی ئاسیای بچوك و ئێرانی دراوسێی جیا دەکاتەوە ، ئەوەیە کە ئافرەتی کورد ئازادە و دەوری بەرزە لە کۆمەڵدا (ل ٤٠) . لە کتێبەکەی ئو. ل. ڤیلچێفسکیدا جگە لەمە هیچی ترمان بەرچاو ناکەوێ . خۆ کاتێك نوسەر باسی هەندێ لە

رەوشت و کولتوری کورد دەکات مەبەستی ئەوە نییـــە کە نیشانی بدات چی کورد لە دراوسێـکانی جیا دەکاتەوە ، بەڵـکو هەر بەو مەبەستەی بەزۆر کورد بکات بە خزمی میللەتەکانی دراوســێی . لەبەر ئەمە نوسەر هەوڵ دەدات پەیوەندی زمـان و ئەتنوگرافی و کولتوری کورد لەگەڵ میللەتانی زوو و ئێستادا نیشـــان بدات . بە زۆری گرنگی داوە بە پەیوەندی لە نێوان کورد و عەرەبدا (ل ٢٤ ـ ٢٥) ، لە نێوان کورد و ئارامی ، کورد و سامی (ل ٢٢ ـ ٣٥) ، کورد و یافیتی (ل ٦٩ ـ ٧٢) ، کورد و ماد (ل ٧٢) ، کورد و کاردوخ (٦٩ ـ ٧٢) ، کورد و تورك (ل ٧٢) .... هتد .

بەڵـگەی سێیەمی بۆ پەیوەندی کورد و میللەتـە سامیێکان ئەوەیە ، کە دەڵێ نزیـکی لە چۆنێتی دروست بونی کـۆمەڵایەتی لە نێوان هۆزەکانی کورد و عەرەبدا هـەیە . ئـەو ئەمـە وا روون دەکاتەوە : « زاراوەکانی دروست بونی کـۆمەڵایەتی هۆزەکانی کورد نەك تەنها لە شێوەکانی زمانە ئێرانیێکان نزیکن ، بەڵـکو هەروەهـا نزیکیشن لە زمانە سامیێـکان (ل ٣٤) . بەڵـگەی چوارەمی ئەوەیە ، کە دەڵێ هێستر و ئەسپی کوردی ئەسڵیان عەرەبییە . بەم بۆنەیەوە نوسیویێتی : « هێـتری کوردی زوو لە ناوچە گـەرمە چۆڵەکانی نیمچە دورگەکانی عـەرەبی بوە و دوایی هێنراوە بۆ ناوچە شاخاوێـکانی ئاسیای بچوك » (ل ٣٥) . هەر ئەوەش دەڵێ ســەبارەت هێنانی ئەسپی عەرەبی بۆ نـــاوچە شـــاخاوێـکانی ئاســـیای بچـوك (ل ٤١ ـ ٤٢ ، ١٠١) .

نوسەر چەند نمونەیەکی هێناوەتەوە کە بە باوەڕی ئەو ، ئـەو

نمونانە نیشانی پەیوەندی ئەتنوگرافی کورد دەدەن نەك تەنها لەگەڵ هۆزە سامییەکان ، بەڵکو هەروەها لەگەڵ دانیشتوانی زۆی ئاسیای بچوك و میسۆپۆتامیا و پشت قەفقاسیشدا . یەکێك لە نمونەکانی ئەوەیە کە دەڵێ : فۆنێتیکی زمانی کوردی « بە تەواوی وەك فۆنێتیکی زمانە ئێرانییەکانی کە وەهایە ، بەڵام شکی تیدا نییە کە هەروەها وەك فۆنێتیکی زمانی ئەرمەنی و زمانی عەرەبیشە » ... « لەبەر ئەوەی ئەم وێکچونە هەمو لقەکانی زمان دەگرێتەوە بە تێکڕایی ، بۆیە ناتوانرێ وەك کارێکی بنچینەیی رۆن بکرێتەوە » (ل ١٦) .

نوسەر هەتا لە ناو کوردی یەزیدی و کوردی موسڵماندا نمونە دەدۆزێتەوە ، کە بە باوەڕی ئەو ئەو نمونانە نیشانی پەیوەندی ئەتنوگرافی دەدەن لە نیوان کورد و میللەتانی دراوسێدا . ئەو نوسیویتی : « لە سنوری کۆمەڵی کوردانی موسوڵماندا هێندە رەوشتی ئاینی پێش ئیسلامی ، وەك (مانەوی و زەردەشتی) نییە ، وەك هێندە باوەڕی کۆنی ئاینی زۆی رۆژهەلاتی هەیە ، کە پەرستنی رۆژ و مانگ و هێزی سروشتە ... هتد » (١٤) . لەم بارەیەوە درێژە بە باسەکەی دەدا و دەڵێ : لە کتێبە ئاینییەکانی یەزیدیدا ئەوە هەیە کە (نەبوخەزنەسر و بیلزیبوب) دەکەن بە پادشای خۆیان . بەم بۆنەیەوە نوسەر دێتە سەر ئەو باوەڕەی ، کە ئەمە بەڵگەیەکی گرنگتر و راستترە (بۆ نیشاندانی پەیوەندی کورد و ئەو میللەتانەی لە کاتی خۆیدا لەو ناوچەیە دەژیان) ، وەك لەو بەڵگە جوگرافی و ئەتنوگرافی لاوازە بێ مانایانەی هەن (ل ١٥) . بەر

هەوالنامەی کتێب

لە هەمو شتێك دەڵێین ، کە لەو باوەڕەداین شتی وا نییە لای یەزیدیەکان . ئەو نمونەیەی ئو. ل. ڤیاچێفسکی نیشانی داوە ، کە گوایا لە کتێبە ئاینیەکانی یەزیدیەوە هێناویەتیەوە ڕاست نییە . وەك ئێمە ئاگامان لێیە ، لای پیاوە ئاینیەکانی یەزیدیەکانیش شتی وەها نییە و نەبووە . هەروەها پێویستە ئەرە لە بیر نەکەین ، کە کتێبە ئاینیەکانی یەزیدی لە سەدەکانی (١٠ ـ ١١) ی زاینیدا نوسراون ، بەڵام ئەو پادشایانەی ناویان هێنراوە پادشای بابلی بون لە پێش زاینەوە . لەبەر ئەوە سەیرە کە نوسەر دەڵێ : یەزیدیەکان لە کاتی پادشایەتی ئەو پادشایانەدا ئەمەیان نوسیوە . ئەگەر ئەوەی ئو. ل. ڤیلچێفسکی دەیڵێت ڕاست بێت ، ئەوە بە باوەڕی ئێمە ئەوەی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیك بێت ئەوەیە ، کە دانەرانی کتێبە ئاینیەکانی یەزیدی ئەمەیان دروستکردوە و خستویانەتە ناوەوە بەو مەرامەی نیشانی بدەن کە یەزیدیەکان میللەتێکی جیاواز و ئازادیخوا و بە هێزن ، کە وا لە زوَدا خاوەنی ئەم پادشایانەی خۆیان بون ...

نوسەر لە فەسڵی سێیەمدا (ل ٥٦ ـ ٦١) ڕای تورایێف و ن. أ. کیسیلیکۆڤ و ئی. م. دیاکونۆڤ نیشان دەدات دەربارەی کۆمەڵی کۆیلەکان و دەوری بەکار هێنانی ئەسپ لە ژیانی ئابوری میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا . لێرەدا چەند نمونەیەکی هێناوەتەوە کە دەوری ئەسپ نیشان دەدەن لە ژیانی کورددا (ل ٤١ ـ ٤٢) . پاش ئەوە نوسەر دێتە سەر باسی مێژوَی دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان ، کە وا لە زوَدا لە ناوچەکانی ئێستای کوردستاندا هەبو . پاش باسێکی دوَر و

درێژ لە چۆنێتی دروست بوونی دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان هاتۆتە سەر ئەم ئەنجامانە.» لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیەی (مەسەلەی دروست بوونی دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست ـ ق کوردۆ) ئەتنوگرافیای کورد ـ کە یەکێکن لە زمانە ئێرانێکانی ئێستای ناوچە شاخاوێکان، کە ئاسیای بچوك و رۆژئاوای ئێران پێکەوە دەبەستێ ـ ناتوانرێ بکرێ بە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی نیشان بدرێ، کە کورد لە رەگەزی ئەو هۆزە ئێرانیانەن» (١٨). ئەمەش ئاشکرایە، کە «هۆزە کوچەرییە شاخاوێکانی ئەم هەرێمە پەیدابوون زۆر لە پێش ئەوەی هۆزە کوچەرییە ئێرانێکان بێن بۆ ئەم هەرێمە لە دروست بوونی ئەم هۆزە شاخاوییە کوچەرانەدا تاسیری لایەك هەیە لە کاروباری ناوماڵ و دروست بوونی کۆمەڵ و رەوشت و کولتور و هەتا لەزمانیشدا» (ل ٤٨). لە پاشا نوسەر لە کتێبەکەی ئی. م. دیاکۆنۆفەوە «مێژوی ماد» چەند بەڵگەیەك دەربارەی مادەکان دەهێنێتەوە (ل ٤٨ ـ ٥١).

سەرنج و ئەنجامەکانی نوسەر بۆ فەسلی سێیەمی کتێبەکەی دەری دەخا، کە: «لە ناوەڕاستی سالانی هەزاری پێش زایندا، لە دەمی لە ناوچوونی زوربەی دەوڵەتانی بەتەمەنی خاوەن کۆیلەکانی رۆژهەلاتی کۆن — ئورتو، ئاسوری، بابل ... لە جێگای رووخاوی ئەواندا دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکانی نوێ — ماد — سازبوو. پاش ئەو ئەخەمینی فارسی لە ئەنجامی هاتنی هۆزە ئێرانێکان بۆ ناوچەکانی ئاسیای بچوك و رۆژئاوای ئێران کە تەنها تازە دەستی پێکردبوو، وە هێشتا لە توانایدا نەبوو کە گۆڕانێکی بە هێز رووبدا لە سنووری

ئەتنۆگرافیا و شێوەی زمانی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان » ....
« هەر لەو دەمەشدا بو کە بەتەواوی شێوەی زمانە سامییەکان جێگیر بو لە ناو گەلێك لەو دانیشتوانەی لە ناوچە شاخاوییەکاندا بە کشتوکاڵەوە خەریك بون . هەروەها لەم ناوچەیەدا گەلێك هۆزی کۆچەری لە کۆنەوە دەژیان ، بەڵام ئەمان نەکەوتنە ژێر تاسیرەوە ، وە زمان و دیالێکتی خۆیان پاراست و هێشتەوە » (ل ٥١) . بەداخەوە ، نوسەر بۆ چەسپاندنی ئەم ئەنجامەی کەیشتویەتێ هیچ بەڵگەیەکی زمانی و دیالێکتی نییە .

هەروەها لە فەسڵی چوارەمیشدا (ل ٥٢ — ٦٦) هەر باوەڕی ئی. م. دیاکۆنۆف دەهێنێتەوە دەربارەی چونی لەشکری ئاسوری بۆ (زاموا) لە ساڵانی ١٠٠٠ — ٩٠٠ ی پێش زایینیدا ، وە دەربارەی دانیشتوانی (مانا) (ل ٥٢ — ٥٩) . نوسەر لێرەدا بەڵگەکانی هیرادۆت و کەزنەفۆن نیشان دەدات دەربارەی کاردوخی کۆن (ل ٦٠ — ٦٦) . لە لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی کەزنەفون دەربارەی کاردوخ ، ئو. ل. ڤیلچێفسکی دەڵێ : کوردی ئێستا هیچ پەیوەندییەکی مێژویی و زمانییان نییە لەگەڵ کاردوخ . بە باوەڕی ئەو کاردوخەکان « بە زمانێکی ناوچەیی نەئێرانی دەدوان » (لە خوارەوە رونی دەکەینەوە) .

نوسەر لە فەسڵی پێنجەمدا (ل ٦٧ — ٧٨) رای د. م. میخایلیس و أ. ل. شلیتیسر و چەند زانایەکی ئەوروپایی ، رای هەندێك زانای روس : کۆلنیك و پ. ئی. لێرخی نیشان داوە ، کە

دەڵێن — کورد بە ڕەگەز خالدییە و بە زمان ئێرانییە لە پاشا نوسەر تیۆری ن. یا. مارر و ف. ف. مینۆرسکی دەهێنێتەوە سەبارەت نەژاد و زمانی کوردی. لە لێکۆڵینەوەی ئەو تیۆرییەی کە ڕەگەزی کورد و زمانی کوردی بە یافیتی دادەنێ، ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لە ڕاستیدا باوەڕە کۆنەکانی بەرامبەر بە زمانی کوردی دووپات دەکاتەوە. جگە لەوە درێژەی پێ دەدا و تەشەنەی پێ دەکا و دەیەوێ بیچەسپێنێ کە زمانی کوردی لە یافیتیەوە دەستی پێکردوە و گۆڕاوە و پێش کەوتووە لە ڕێگای بونیدا بە زمانێکی ئێرانی و لە دواییدا بە زمانێکی عەرەبی و دوا دەوری بە زمانێکی تورکی. لە پاشا دێتە سەر نیشاندانی تیۆرێکەی ف. ف. مینۆرسکی دەربارەی ئەوەی، کە ڕەگەزی کوردی ئێستا لە مادەوە هاتووە و دەربارەی پەیوەندی ئەتنۆگرافی کورد لەگەڵ میللەتانی کۆندا؛ دەربارەی ئەو ناوەی بە مێژوو و بە فۆنێتیک پەیوەندی هەیە لەگەڵ هۆزی « بوتی » کوردی، کە وا لە ناوچەی « بوهتان » جێگیر بوبون. ف. ف. مینۆرسکی لەو باوەڕەدایە، کە ماد و میللەتانی کۆنی ئێران سەرچاوەی کوردی ئەمڕۆن و دەتوانرێ بوترێ زمانی کوردی لە مادەکانەوەیە. ئو. ل. ڤیلچێڤسکی دژی ئەم باوەڕە دەوەستێ و دەڵێ: نە بە چۆنێتی دروست بونی کۆمەڵ، نە بە زمان کورد لە نەوەی مادەکان نین ....

« هەوڵدانی ف. ف. مینۆرسکی بۆ ئەوەی مەسەلەی ئەتنۆگرافیای کورد بکا بە مەسەلەی مادەکان .... بێ هێزە » (ل ، ٨). هەمان باوەڕی لە لاپەرە ٨٤دا بەم جۆرە دەربڕیوە : « چەند جارێك باوەڕێکی وەها هاتۆتە کایەوە کە زمانی کوردی بە میدی دەداتە

قەڵەم ، ئەم باوەڕە لەگەڵ راستیدا ناگونجێ » .... ئەویش لەبەر ئەوەی لە زانستدا دەربارەی زمانی مادەکان هیچ شتێك ئاشکرا نییە ئو. ل. ڤیلچێڤسکی دژی ئەو باوڕە وەستاوە کە دەڵێ پەیوەندی ئەتنۆگرافی و زمانی هەیە لە نیوان کورد و مادددا . هەروەها ئەو دەڵێ لە زانستدا هیچ شتێك ئاشکرا نییە دەربارەی زمانی مادەکان ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نوسیویتی : « لە نیوان فارسەکان و مادەکاندا جیاوازییەکی وەها نییە لە ئەتنۆگرافیا و کولتور و زماندا » (ل ٨٢) لە ئو. ل. ڤیلچێڤسکی دەپرسین : گەر لە زانستدا دەربارەی زمانی مادەکان هیچ شتێك ئاشکرا نییە ، ئەی چۆن نوسەر دەنوسێ کە لە نیوان فارسەکان و مادەکاندا جیاوازییەکی وەها نییە لە ئەتنۆگرافیا و کولتور و زماندا ؟ نوسەر چی بەڵگە و بنچینەیەکی هەیە بۆ چەسپاندنی ئەم باوەڕەی ؟ ئەی بۆچی ئەو باوەڕەی زمانی کوردی بە میدی دادەنێ لەگەڵ راستیدا ناگونجێ ؟ ئایا نوسەر خۆی خۆی بەدرۆ ناخاتەوە ؟ .

هەرچەندە ئەم هەڵبەز و دابەزەی کردوە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی ئەم فەسڵەدا باوەڕەکەی ڤ. ف. مینۆرسکی دەربارەی پەیوەندی کورد و ماد وەرگرتووە ، بەلام هەندێ ناتەواوی هەر لێ دەردەهێنێ . ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لەم بارەیەوە نوسیویتی : « لێکۆڵینەوەکەی ڤ. ف. مینۆرسکی راستیەکی تەواو دەردەخا لەمەسەلەی نەژادی میللەتی کورددا کە باسی هۆزە ئێرانییەکان دەکات ، کە وا هاتون بۆ ئاسیای بچوك ، بەلام بە باشی باسی ناکات ئەوە لە چ کاتێکدا و بە چ چەشنێك دەستی پێکردوە و چۆن کەوتنەوەی

هەواڵنامەی کتێب

کورد ڕوی داوە » (ل ٧٨) .

لە فەسڵی شەشەمدا (ل ٨ ـ ٩٧) هەوڵی داوە نیشانی بدات کە چ کاتێك و پەیدابونی کورد چۆن بوە لێرەدا تەماشای بزوتنەوەی هێزە کۆچەرەکان دەکات . لە کاتێکدا باسی لێکچونی چۆنیەتی پێکهاتنی دەوڵەتی مـاد و ئەخەمینی دەکات و لە چۆنیەتی پێکهاتنی هێزی جەنگی و هۆزایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتیان دەکۆڵێتەوە ، نوسیویەتی : « تا رادەیەك خاوەنی لە شکرێکی بە هێزی یەکگرتو بون » (ل ٨٤) . درێژە بە باسەکەی دەدا و دەڵێ : هاتنی هۆزە ئێرانیەکان بۆ ئاسیای چوك لە زەمانی هەرە کۆنەوە دەستی پێکرد ـ واتە لە نێوان سەدەکانی ٧ ـ ٦ ی پێش زاینەوە . نزیکەی لە ماوەی هەزار ساڵی تەواودا ئەم ناوچەیە (میسۆپۆتامیا ـ ق. کوردۆ) ، کە زۆر لە ژێر تاسیری ئەتنۆگرافیا و کولتوری جیهانیکی سامیدا بو کەوتە ژێر تاسیری جیهانێکی ئێرانییەوە... پەیدا بونی هۆزە ئێرانیەکان دەستی پێکرد ، کە گرنگترین دەوریان بینیوە لە دروست بونی میللەتی کورددا ، لەبەر ئەمەشە زمانی کوردی بە زمانێکی ئێرانی دادەنرێ . هەروەها هۆزە ئێرانیەکان لە کولتوری کورددا دەورێکی گرنگیان بینیوە . لێرەدا نوسەر دەڵێ ، کە هۆزە ئێرانیەکان دەوری هەرە گرنگیان بینیوە لە دروست بونی میللەتی کورددا . بەڵام تێ ناگەین نوسەر مەبەستی لە کێیە ، کە دەڵێ « هۆزە ئێرانیەکان » . گەر ئەو دژی ئەوەیە کە پەیوەندی لە نیوان کورد و ماددا هەیە ، وەك لە سەرەوە بینیمان ، ئەوە دەردەکەوێ

هەواڵنامەی کتێب

که مەبەستی لە زاراوەی « هۆزە ئێرانییەکان » تەنها هۆزە فارسەکانە . گەر ئەمە وابێ ، پێویستە بڵێین ئەم تیۆرییەی ئو. ل. ڤیلچێڤسکی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ تیۆری مێژوو نووسە بۆرجوازییە فارسەکاندا ، کە نەژادی کورد بە فارس دەدەنێن . نووسەر کە دەڵێ : « هۆزە ئێرانییەکان گرنگترین دەوریان بینیوە لە دروست بوونی کورددا » و هەروەها جگە لە هۆزە ئێرانییەکان هەندێ هۆز و میللەتی کەش هاوبەشییان کرد لە دروست بوونی میللەتی کورددا . بەڵام تێ ناگەین ئەو هۆز و میللەتانە کامانە بوون ، کە وا هاوبەشییان کردووە لە دروست بوونی میللەتی کورددا ؟ نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا وا نیشانی دەدا کە ئەوانە هۆزە سامییەکان و میللەتانی ئەسڵی ئەم ناوچەیە و کاردوخەکان بوون . وە بە باوەڕی ئەو کاردوخەکان - دانیشتوانی کۆنی کوردستان - لە حێزانی زمانە ئێرانییەکان نەبوون .

لە فەسڵی حەوتەمدا (ل ٨١ - ١٠٥) باسی ئەو دەمە دەکا کە هۆزە ئێرانییەکان کەوتنە کۆچ کردن بۆ ناوچە شاخاوییە بڵندەکان . ئەم فەسڵەش هەر وەك فەسڵەکانی پێشوو پڕکراوەتەوە بە هێنانەوەی نموونە لە نووسینەکانی ن. ف. پوگولێڤسکییەوە ، کە هەندێ بەڵگە دەدات دەربارەی چوونی خێڵە ئێرانییەکان بۆ سەرەوی میسۆپۆتامیا (ناوچەکانی کەرکوك و ئەربیل و سلیمانی) لە سەدەی چوارەمی پێش زاییندا . لەم فەسڵەدا ئو. ل. ڤیلچێڤسکی شەرحی ناوی هەندێ هۆزی کورد دەکات (گەوهەر ، بەرزان ، جاف ، هەمەوەند ...) . باسی خاسیەتی چۆنێتی دروست بوونی کۆمەڵایەتییان دەکا و دەڵێ : ئەو هۆزانە ، بە تایبەتی هۆزی هەمەوەند چ بە زمان ، چ بە

هەواڵنامەی کتێب

کولتور و شـێوەی ژیانی کۆمەلاّیەتییان پێکهاتون لە کولتورێکی تێکەلاّوی کوردتی ـ عەرەبتی سەرۆی میسۆپۆتامیا (ل ۹۸ ـ ۱۰۱).
لە پاشا نوسەر دێتە سەر تەماشاکردنی نزیکایەتی لە چۆنێتی پێکهاتنی کۆمەلاّیەتی لە نیوان هۆزەکانی کورد و تورکدا. باوەڕی ن. یا. مارر دەکا بـە نمونە و دەلێ : « لە پاش دەوری مەغۆل، لـە یەکێتی هۆزەکانی کورد دروست بونێك پێکهات. ئەو یەکیتیە ـ پێکهاتنێکی جەنگی بو، کە چ بە شـێوە و چ بـە زاراوەکانیدا نزیك بو لە پێکهاتنی هۆزەکانی تورك » (ل ۱۰۳). دوا بە دوای ئەمە نوسەر ناوەرۆکی نوسینەکەی ن. یا. مارر دەخاتە پێش چاو کە لە وتاری « دیسان دەربارەی وشـەی چەلەبی »دا بـلاّوکراوەتەوە. لێرەدا دەلێ : لە رێگای هەوڵ و تەقەلاّی ن. یا. ماررەوە توانراوە کە مێژوی کولتور و دەوری کورد لە مێژوی میللەتانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا لە پێشخسـتنی دەرەبەگایەتی و ئەتنۆگرافیای ئەمڕۆی تورکەکانی ئاسیای بچوکدا یەکلابکرێ » (ل ۱۰٤ ـ ۱۰٥).
فەسـلی هەشتەم (ل ۱۰٦ — ۱۱٦) ئەنجامی لێـکۆلینەوەکەی نوسەرە دەربارەی مەسەلەی ئەتنۆگرافیای میللەتی کورد. لەم فەسلەدا بەکورتی باسی هۆی گـۆڕانی دەولەتەکانی ماد و ئەخـەمەنی و پارفیان و ساسان دەکات ؛ دەربارەی خەباتی پارفیان و ساسان دەدوێ « کە بووە بە هۆی گۆڕینی شـێوەی دانیشتوانی ناوچە شاخاوێـکانی سەرۆی میسۆپۆتامیا ». دوایی دێتە سەر رون کردنەوەی مانای کـۆمەلاّیەتی و ئەتنۆگرافی ئەم وشانە : کورد، کۆرد، کارد، کاردوخ، کورد و دەلێ کە لە نیوان ئەم وشـانەدا هیـچ جۆرە

پەیوەندییەکی مێژوویی و ئەتنۆگرافی نییە و وشەی (کورد) وەك ناوی ئەتنۆگرافی میللەتێك لە دەوری دەوڵەتی ساسانییەکاندا پەیدا بوو. نووسەر سوورە لەسەر ئەو باوەڕەی کە گوایا کورد، وەك میللەتێك خاوەن زمانێکی جیاواز دروست بووە لە کۆتایی لەناوچوونی دەوڵەتی ساسانییەکاندا و لە سەرەتای پەیدا بوونی عەرەب لە ناوچە شاخاوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (ل ١١٤).

ئەنجام و سەرنجەکانی نووسەر وای دەردەخەن کە: «لە جەرگەی کوردستانی ئێستادا لەسەرخۆ و لەسەر بنچینەی خێڵاتی کۆچەری جیاواز، کە لە ژێر تاسیری ئێراندا بوون میللەتی کورد دروست بوو. ئەم سازبوونە لە نیوان سەدەکانی ٦ — ٢ پ. زاییندا روویداوە - واتە لە دەوری فەرمانڕەوایی پارفیان و ساسانییەکاندا، کە لەو دەمەدا خێڵە ئێرانییەکان لە دروستکردنی هێزی جەنگی خێڵایەتیدا دەورێکی گرنگیان لە ژیانی سیاسی ئاسیای بچووکدا بینیوە» (ل ١١٦). ئایا ئەم ئەنجامانەی نووسەر شتێکی نوێیە و جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی دەربارەی رەگەز و دروست بوونی میللەتی کورد نیشانی دابوو؟ بەداخەوە ئەمانە نوێ نین، بەڵکو هەر ئەو شتانەن کە زوو لە وتاری «کورد»دا نووسیبوی و ئێستا دووبارەی دەکاتەوە. لە وتاری «کورد»دا لەم بارەیەوە نووسیویتی: «لە دروست بوونی میللەتی کورددا خێڵەکانی جیاوازی زووی زاگرۆس (کاردوخ، کورت، کاسی، لولوبی، داسنی) و ئێرانی (ماد، پارفیان، فارس) هاوبەشییان کردوە. لە دەوری هەرە کۆنی مێژوودا لە دروست بوونی کورددا، عەرەب و ئاسوری و ئەرمەنیش دەوریان هەبووە. وا

دیارە لە دەمی ساسانیێکاندا بە تەواوی دەوری دروست بوونی میللەتی کورد کوتایی هات و بو بە زمانێك لە زمانەکانی رۆژئاوای ئێران ، کە نزیکە لە زمانی فارسییەوە » (ل ٢٤٤) .

لەو باوەڕەداین و بۆ هەموان ئاشکرایە ، کە وێکچوون و جیاوازی لە نیوان ئەو ئەنجامانەدا نین کە ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لە وتاری « کورد » دا و لە کتێبەکەی ساڵی ١٩٦١ ی دا دەربارەی ئەتنۆگرافیای میللەتی کورد گەیشتویەتی وا دەزانین کە هیچ جیاوازییەك نییە ، گەر ئەو جیاوازییە بە جیاوازی نەژمێرین کە دەوری دروست بوونی میللەتی کورد دەخاتە کاتێکی دورتر ، واتە لە دەمی لەناوچوونی حکومەتی ساسانیێکان و دەست پێ کردنی پەیدابوونی عەرەب لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا (سەدەی حەوتەم) .

بەم جۆرە دەبینین ـ لە رێگای هێنانەوەی نموونەی ئاشکرا لە زانستدا دەربارەی کۆمەلی خاوەن کۆلەکان ؛ لە رێگەی نیشاندانێکی زۆر لە بیر و باوەڕی هەندێك لە زانایان دەربارەی دروست بوونی کومەڵ و سیاسەتی میللەتان و هۆزانی جیاوازی زۆ ، کە لە ناوجەرگەی کوردستانی ئێستادا جێگیر بو بوون ؛ لە رێگای بەراورد کردنی هەندێ بەلگەی مێژوویی و کۆمەلایەتی و کولتوری ؛ هەروەها لە رێگای بیر و باوەڕێکی شێواو و نەگونجاو و بێ هیچ بەلگەیەکی زانستی و لە سەر بنچینەی تیۆرییەکی چەوت و ناڕاست ویستویەتی پەیوەندی کورد لە گەل میللەتانی دراوسێدا نیشان بدات . ئەو باوەڕەی زانایان هەیانە دەربارەی ئەوەی کە هیچ بەلگەیەك نییە بۆ نیشاندانی پەیوەندی ئەتنۆگرافی و زمانی لە نیوان

کوردی ئێستا و خێڵە سامێکان و عەرەبەکان و یافیتی و تورکەکاندا توسەر بە راستی نازانی و هەوڵ دەدا بە هەچی چەشنێك بێت لە ناو کورددا شتێك هەر بدۆزێتەوە ، کە لەو رێگایەوە کورد بکا بە خزم لەگەڵ ئەو میللەتانەی ناومان بردن . ئو ل ڤیلچێڤسکی دژی باوەڕی راست و چەسپاوی ئەو زانایانە وەستاوە ، کە کوردی ئێستا بە نەوەی ماد و کاردوخ دادەنێن توسەر بۆ ئەو دژ راوەستاندنەی هیچ رۆنکردنەوە و بەڵگەیەکی نییە . لە سەرەوە بینیمان کە چەند ناتەواوی و کاڵ و کرچی و لاوازی هەیە لەو باوەڕیــــدا کە دژی تیۆریکەی ف . ف. مینۆرسکی وەستاوە بۆ نیشاندان و رۆنکردنەوەی زۆری کەم و کورتی بەسەرکەر تەماشای لێکۆڵینەوەکەی بکەین لە بەڵگەکانی کەزنەفون دەربارەی کاردوخەکان ، کە چۆن بە ئاشکرایی توسەر لەو لێکوڵینەوە ئاسانەدا ئەو هەمو هەڵەیەی کردوە .

* * * * * *

هەواڵنامەی کتێب

سەرنجێك لە نوسراوەكەی ئاكۆپۆڤ

رەخنەی مێژوویی لە مەسەلەی نەژادی كورددا

كاتێك لە نامەی دوكتۆری ك. ب. ئاكۆپۆڤ (١) كۆڵرایەوە ، لە بەشی كوردی ئامۆزگای رۆژهەڵاتناسی لە لینینگراد . مامۆستا ق. كوردۆ بەم وتارە بیر و رای خۆی دەربڕی (وەرگێڕ) .

ساڵی پار ، لە بەشی مێژوو ، لە ژێر چاودێری ن. ف. پیگولیۆڤسكایا لەم نوسراوە كۆڵینەوە . لەم لێكۆڵینەوەیەدا گەلێك لە زانایانی ئامۆزگەكەمان : ن. ف. پیگولیۆڤسكایا ، ف. أ. لیڤشیتس ، س. أ. كلیاشتۆرنی ، ق. كوردۆ هاوبەشییان كرد . ددانیان بەوەدا نا كە نوسراوەكەی ك. ب ئاكۆپۆڤ لە رووی زانیارییەوە ئێجگار لاوازە ، گەلێك ناتەواوی و هەڵە و چەوتی تێدایە . داوایان لە نوسەر كرد سەرلەنوێ لە بنەڕەتەوە ، بە شێوەیەكی تر بینوسێ و هەمو كەم و كوڕییەكانی پڕبكاتەوە و چەوتیەكانی راست بكاتەوە .

پاش ماوەیەك ، بۆ جاری دووەم كارەكەی ك.ب. ئاكۆپۆڤ

---

(١) كوردناسێكی سۆڤیێتیە لە یەریڤان (وەرگێڕ) .

هەواڵنامەی کتێب

ئێررا بۆ ئامۆژگای ئێمە . ئەم جارە بەڕێوەبەرانی ئامۆژگاکەمان داوایان لەبەشی کوردیی کرد لەم نووسراوە بکۆڵنەوە و بەپێی سەنگی خۆی نرخی بۆ دابنێین .

ئەم نووسراوە پتر لە ٥٠٠ لاپەڕەی چاپ کراوە . مەبەستی نووسەر لە لێکۆڵینەوەیەدا ، وەك خۆی دەڵێ ئەوەیە : لەسەر رێگایەکی زانستی مێژوویییەوە رەخنە دەگرین و دەکۆڵینەوە لەو باوەڕانەی هەن دەربارەی نەژادی کورد .

بەم جۆرە مەبەستی نووسەر ئاشکرایە : لێکۆڵینەوە و رەخنەیە لەو تیۆرییە جیاوازانەی دەربارەی نەژادی کورد هەن .

نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا گرنگی داوە بە زانیاریی مێژووی دوور لە بەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست و بەتیۆری بۆرجوازی وهیند و ئەوروپایی و یافیتی وسامی و شۆڤێنێتی ئێرانی و تورکی دەربارەی نەژاد و زمان و کولتووری میللەتی کورد .

ك . ب . ئاکۆپۆف بۆ ئەم نووسراوەی گەلێك سەرچاوەی هەمە چەشنەی بەکارهێناوە ، کە بە زمانەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا نووسراون . لە ناو ئەم سەرچاوانەدا زۆر نووسراوی گرنگ هەیە ، بەڵام بەداخەوە پەیوەندییان لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی نووسەردا نییە . جگە لەو نووسراوە گرنگانە هەندێ نووسراوی لاوازی دوور لە زانیاریی بەکار هێناوە ، کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندییان نە لەگەڵ باسەکەی ئەودا و نە لەگەڵ زانستی مێژوودا نییە . ئەو سەرچاوانەش ئەو نووسراوانەن کە بێ هیچ بەڵگە و چەسپاندنێك دەربارەی نەژادی کورد دەدوێن ،

ھەوالنامەی کتێب

یاخود باسی پەیوەندیی کورد و میللەتانی دراوسێیان دەکەن . زوربەی ئەو سەرچاوانە نوسراوی زانایان و مێژونوسان نین ، بەڵکو شتێکن کە بە رێکەوت نوسراون لە لایەن هەندێك کەسەوە وەك : عارف ، بەزاز ، کۆرسێل ... هتد .

نوسەر دەڵێ : گرنگیی ئەم نوسراوەی من لە وەدایە ، کە لەم باسەدا پتر لە هەموو ئەو نوسراوانەی هەن دەربارەی کوردناسی شتم دۆزیوەتەوە و دەرخستوە و رونکردوتەوە « لەو شوێنانەدا ، کە لەو باوەڕەدام کەس نەیتوانیوە هەستی پێ بکا و بیدۆزێتەوە ، وەك لە نوسراوەکانی (فیردەوسی و رافیی و ف. سکۆت و ئۆلدریج و شەگانیان) دا ؛ لە یاداشتی گەڕۆکەکاندا ؛ لە راپۆرتی فەرمانگە سیاسی و جەنگیێکاندا » (نامەی دوکتۆری ، ل ١٢) .

ئەم وشانەی نوسەر تەنها قسەی زلن . ئەگینا ئێمە لەو باوەڕەداین ، کە وا سەرچاوەی ئەدەبی و یاداشتی گەڕۆکەکان و راپۆرتی فەرمانگاکان ناتوانن ببنە کەرەستەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوی نەژادی میللەتی کورد ، کە پشتیان پێ ببەسترێ .

بەشێکی زۆر لە نوسراوەکەی گ ب. ئاکۆپۆف لێکۆڵینەوەیە دەربارەی مێژوی ئەتنۆگرافیای میللەتی کورد و دۆزینەوەی شوینەوارە (اثار) لە کوردستاندا . بۆ ئەم باسە لە نوسراوەکەدا ئەم بەشانە هەن .

مێژوی کوردناسی لە لایەن روسەوە (نامەی دوکتۆری ، ل ٣٤٩ — ٢٦٨) ؛ لێکۆڵینەوە لە کورد لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە (نامەی دوکتۆری ، ل ٩٧ — ١٢١) ؛ مێژوی لێکۆڵینەوەی

شوێنەوارێ لە کوردستاندا (نامەی دوکتۆری ، ل ٣٠٤ – ٣١٥) ؛ مێژووی لێکۆڵینەوە لە کورد لە لایەن زانایانی مێژوو و ئەتنۆگرافی ئەرمەنەوە (نامەی دوکتۆری ، ل ٢٥٢ – ٢٧٥) ؛ هەروەها لە تیۆریەکەی ن یا مارریش کۆڵیوەتەوە (نامەی دوکتۆری ، ل ٤١١ – ٤١٧) . ئەم بەشانە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان نییە لەگەڵ باسەکەی نوسەردا . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی ساکار ، بێ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی باسیان دەکات . لە لێکۆڵینەوەی ئەم بەشانەدا هیچ شتێکی دەرنەخستوە و بەڵکو هەر ئەوە دەچێ ، کە ناوی هەندێ سەرچاوەی هێنابێ .

هەروەها ئەم بەشانەی خوارەوەش پەیوەندییان لەگەڵ ناو و باسی نوسراوەکەدا نییە : مێژووی شێواندنی شۆڤێنیێتی تورکێ (ل ٤٢٦ – ٤٥٣) . نوسەر لەم بەشەدا باسی مێژووی پەیدابونی شۆڤێنیێتی تورکێ دەکات . کۆڵیوەتەوە لە تیۆری جیاوازێ مێژوونوسانی تورك ، لە و بارەیەرە کە حیتی ، میتانی ، سۆمەری بە « باو و باپیری راستەوخۆی ئەمڕۆی تورکە شارستانێکان – باو و باپیری نەتەوەی تۆرانی مەزن » دادەنێن ... هتد . هەر بەو شێوەیەش گەلێك لاپەڕە و سەر ئەنجام ، کە پەیوەندێ راستەوخۆ و نزیکیان نییە لەگەڵ باسەکەی نوسەر و لەگەڵ بەشەکانی نوسراوەکەدا . بە تایبەتێ لێکۆڵینەوە بۆ شەرمانەکەی دەربارەی دروست بونی میللەتێ کورد (ل ٥٣٠ – ٥٥٠) .

گەلێك لاپەڕەی نوسیوە لەسەر لێکدانەوەی هەندێ ئەفسانەی جیاوازێ کوردێ و عەرەبێ و فارسێ دەربارەی نەژادی کورد .

هەواڵنامەی کتێب

نوسەر بە دوور و درێژی ، بە شێوەی جیاواز ناوەرۆکی ئەو ئەفسانانەی نوسیوە ، کە لە رەشید یاسمی و شەرەف خانی بتلیسی و عەلائەدین سەجادەی‌یەوە وەری گرتوە . گ. ب. ئاکۆپۆف وایستویەتی لە رێگای ئەم ئەفسانانەوە راستی خۆی دەربخات . نوسیویێتی : « هیچ یەکێك لەم سەرگوزشتە و داستانانەی سەدەکانی ناوەڕاست بە خۆرایی هەڵبەبەستراون . رەگیان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆن . لێرەدا لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە و سەرگوزشتە و داستان بۆ روون کردنەوەی رەگەزی کورد دەوری خۆی دەبینێ » .

لەگەڵ ئەم جۆرە باوەڕانەدا رێك ناکەوین . راستە سەرگوزشتە هەن ، کە رووداو و بەڵگەی مێژوویین ، بەڵام سەرگوزشتەش هەن کە هەڵبەستراون و رێکخراون بەگوێرەی پێویستی چەرخ . ئەو جۆرە سەرگوزشتە و داستانانە ناتوانن ببن بە بەڵگەی مێژوویی بۆ لێکۆڵینەوەی باسێکی زانستی . نوسەر جیاوازی لە نیوان ئەفسانە و سەرگوزشتە و داستانی راست و ناڕاستدا نابینێت . هەر لەبەر ئەوەشە گەلێك لاپەڕەی پڕکردوتەوە بەو ئەفسانانەی کە دەڵێن کورد لە شەیتانەوە پەیدابون .

ئەوەی پەیوەندی هەیە بە باسەکەوە ، بەشی رەخنەیە کە دەکۆڵێتەوە لە تیۆری جیاواز : سامی ، عەرەبی ، تورکی ، یافیتی دەربارەی نەژادی کورد . لەم رووەوە ئەمانەوێ بڵێین .

وەك ئاشکرایە ، تیۆری زانایانی رۆژهەڵات و ئەورووپا ، کە رەگەزی کوردیان بە عەرەب دانابو لە مێژە لە لایەن کوردناسانەوە

هەواڵنامەی کتێب

لەناو براوە. سەبارەت بەم باسە گەلێك كتێب و وتار هەن، كەچی گ. ب. ئاكۆپۆڤ لە ئەفسانە و داستان دەكۆڵێتەوە و كەچی لەو كتێب و وتارانەی هەن بێدەنگ تێدەپەڕێ.

ئەو تیۆرییەی، كە ڕەگەزی كورد بە فارس دادەنێ ئەویش بە ڕەخنەی كوردناسەكانمان سەرەولێژ كراوە، بەتایبەتی لە وتارەكەی مندا « شێواندنی مێژوی كورد لە زانستی مێژوی بۆرجوازی فارسدا » ، كە لە كتێبی ـ نامەی زانایانی زانكۆی لێنینگرادا، لە سالی ١٩٥٤دا بڵاوكراوەتەوە. لەم وتارەدا ڕەخنە لە كتێبەكەی ڕەشید یاسمی « مێژوی نەژاد و پەی وەستەگی كورد » گیراوە. گ. ب. ئاكۆپۆڤ گرنگی زۆری داوە بە ڕەخنەگرتن لە ڕەشید یاسمی و مێژوونوسانی تری فارس دەربارەی نەژادی كورد. ڕەخنەی گ. ب. ئاكۆپۆڤ بۆ نوسەرانی فارس، كە مێژوی نەژادی كوردیان شێواندوە و وەرچەرخاندوە هیچ شتێكی تازە نییە، بەڵكو هەر دوپات كردنەوەی ئەوەیە كە كوردناسانی ئێمە بڵاویان كردۆتەوە، بەتایبەتی بۆ ڕەخنەی ڕەشید یاسمی.

ئەوەی لە جێگای خۆیدا بێت ئەو بەشەیە، كە ڕەخنەی گرتوە لە مێژوناسانی تورك كە مێژوی نەژاد و زمانی كوردییان شێواندوە. پێش گ. ب. ئاكۆپۆڤ كەس لەم باسە نەدواوە. لەم بەشەدا كارێكی بەكەڵكی خاوكردۆتەوە.

ئەوەی كەم و كورتی بێت لە بەشی ڕەخنەدا، كە گرتویەتی لە مێژوونوسانی عەرەب و تورك و فارس لە سەر ئەوەی مێژوی

نەژادی کوردیان وەرچەرخاندوە ، ئەوەیــە کە گ. ب. ئاکۆپۆڤ ڕەخنە دەگرێت لێیان نەك لەسەر بەڵـگەی زانیاری و هێنانەوەی نموونەی تازەی زانستی ، بەڵـکو ڕەخنەی تەنها لە ڕێگای ئەو نموونە ئاشــکرایەوەیە کە دەسـتەی بەڕێوەبەرانی ئێران و تورکیــا بەم تیۆرییە ویستویانە میللەتی کورد لە ناو خویاندا بتوێننەوە .

گ. ب. ئاکۆپۆڤ وا دەداتە قەڵەم ، گوایا ئەم یەکەم کەسە ، کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوی نەژادی کورد ، نوسراوی نوســەرانی ڕۆژهەڵاتی بەکار هێناوە . بەم بۆنەیەوە نوسیویتی : « شتێکی سەیرە کە لە کوردناسی ئەوروپادا نزیکەی هیچ نوسراوێـکی ئەرمـەنی ، تورکی ، کوردی ، فارسی و عەرەبی بەکار نەهێنراوە » (نامـەی دوکتۆری ، ل ١٣ _ ١٤) .

ئەم وتانەی نوســەر لە راســتیەوە دوورن ، بەڵـکو بە پێچەوانەوە ، زوربەی زانا گەورە ئەوروپاییەکان هەردەم سوودیان لە لێکۆڵینەوە و نوسراوەکانی ڕۆژهەڵاتیـەکان وەرگرتوە ، بە تایبەتی لە نوسراوەکەی شەرەف خانی بتلیسی . گەردستەی لێکۆڵینەوەی هەموو کوردناسانی بەناوبانگی نیوەی یەکەمی سەدەی بیسـتەم نوسراوەکانی ڕۆژهەڵاتیـەکان . بۆ نمونە : ف. ف. مینۆرسکی ، لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی کورد زۆر نوسراوی نوسەرانی عەرەب و تورك و کوردی بەکار هێناوە ؛ ف. نیکیتین لە لێکۆڵینەوەکەیدا _ « کورد » ، گەلێك ســەرچاوەی ڕۆژهەڵاتیـەکانی بەکار هێناوە (ل ١٧ _ ١٨ ، ٢٣ ، ١٧٨ _ ١٨٢ ، ٢٩٢ ، ٣٢٣ _ ٣٢٦ .... هتد) . ئەوەش دەخەینــە

پێش چاو ، کەک ب. ئاکۆپۆف گەلێك بەڵگە و سەرچاوەی ڕۆژهەڵاتییەکانی لە کتێبەکەی ف. نیکیتینەوە وەرگرتووە .

نوسراوەکەی توما بوا نزیکەی هەموی دەربارەی ئەتنۆگرافیا و زمان و ئەدەبی میللەتی کوردە و کەرەستەی نوسینەکەی نوسراوی نوسەرانی عەرەب و کوردە . وتارەکەی ماکەنزی « مێژوی نوسراوە کوردییەکان » بە زۆری لەسەر بنچینەی کەرەستەی زانا کوردەکان نوسیوە . خۆ کوردناسانی سۆڤیەت (ئو. ڤیلچێڤسکی ، ق. کوردۆ ، ئی. تسوکەرمان ، م. ڕودێنکۆ .... هتد) هەردەم ڕێزی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتییەکانیان گرتووە .

پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین ، کە بۆ نوسینی کارێکی زانستی تەنها زانینی زمانی بێگانە مەرج نییە ، بەڵکو مەرج ئەوەیە — نوسەر بتوانێ باش لە نوسەرێکی بێگانە بگات ، وتەکانی نوسەرە بێگانەکە بەڕاستی وەرگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆی و چەوتی و وەرچەرخاندنی تێدا نەکا و باوەڕێکی خۆی دەرنەبڕێ و بیکا بە باوەڕی ئەو .... بەداخەوە ئەم جۆرە چەوتی و وەوچەرخاندنە لەم نوسراوەی ک. ب. ئاکۆپۆفدا ئێجگار زۆرە .

چەند نمونەیەك دەهێنینەوە :

دەربارەی وشەی (کاردوخ) ڕەشید یاسمی نوسیویەتی : « ڕەنگە کەزنەفۆن ناوی ئەم هۆزەی بەر گوێ کەوتبێ لە وتووێژی یەکێکی ئەرمەنەوە . وەك چۆن (ك) — دوا دەنگی وشەی (کاردوخ) لە زمانی ئەرمەنیدا نیشانەی کۆیە (لە کتیبەکەی ڕەشید یاسمیدا ،

هەواڵنامەی کتێب

بەرۆسی ل ١٤٨) . کەچی گ. ب. ئاکۆپۆڤ ئەم چەند وشەیەی رەشید یاسەمی بەم شێوەیە دەربڕیوە : « ئەو (کەزنەفون — ق. کوردۆ) . داوا لە وەرگێڕە ئەرمەنییەکە دەکا .... » (نامەی دوکتۆری ل ٢٨٩) بەم جۆرە گ. ب. ئاکۆپۆڤ بە وەرچەرخاندنی ئەو نموونەیەی لە رەشید یاسەمییەوە هێناویەتیەوە شتێکی تازەی دروست کردوە . بەم وەرچەرخاندنە وا دەردەچێ کە یۆنانەکان وەرگێڕی ئەرمەنییان هەبووە .

لە لاپەرە ١٦ی کتێبەکەی نادۆ مەخودۆڤ « میللەتی کورد » ، کە بە زمانی ئەرمەنی دەرچوە ، باسی زمانی کوردی دەکا و لە وتارەکەی من « شێواندنی مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بۆرجوازی فارسدا » کەڵکی وەرگرتوە و ناوی وتارەکەی منی هێناوە . نادۆ مەخودۆڤ لە وتارەکەی منەوە ، بەم شێوەیە ئەم چەند دێڕەی وەرگرتوە :

« هەرچەندە گەلێك وشە هەن لە زمانی فارسی و کوردیدا وێکدەچن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی زمانێکی جیاواز و سەربەخۆیە و یەکێکە لە پەلی رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان . چ بە فۆنێتیك و مورفۆلۆژی ، چ بە سینتکیس و پەیدابوونی وشە ، زمانی کوردی بەهیچ جۆرێك ناتوانرێ بژمێردرێت بە زمانێك ، کە لە فارسییەوە پەیدا بووبێت . حاڵەتی گراماتیکی وشەکانی زمانی کوردی خۆی لە ناو خۆیدا پەیدا بووە ، بە یارمەتی پێشگر و پاشگر و دووبارە و شێوەی ریزکردنی وشەکان لە رستەدا ... » .

هەواڵنامەی کتێب

«چ بە شێوەی دەنگ ، چ بە ژمارەی دەنگەکان جیاوازی زۆرە لەنێوان فۆنێتیکی زمانی کوردی و فۆنێتیکی زمانەکانی تری رۆژئاوای ئێراندا ، بە تایبەتی لەگەڵ زمانی فارسیدا» .

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا رونە و بە باشی دیارە کە بەهیچ جۆرێك ، وشەیەك چییە نەوتراوە دەربارەی پەیوەندی لە نێوان فۆنێتیکی زمانی کوردی و فۆنێتیکی زمانی ئەرمەنیدا ، یاخود نەوتراوە کە زمانی کوردی لە خێزانی زمانە ئێرانیەکان نییە .

کەچی گ. ب. ئاکۆپۆڤ ئەم چەند دێڕەی کتێبەکەی نادۆ مەخمودۆڤ ، کە لە وتارەکەی منەوە وەری گرتووە بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵگێڕاوەتەوە : «هەرچەندە نادۆ مەخمودۆڤ کوردی بە نەوەی ماد داناوە و زمانی کوردی بە زمانێکی ئێرانی ژماردووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەری خستوە کە فۆنێتیکی کوردی لەگەڵ فۆنێتیکی فارسیدا جیاوازە . هەروەها نیشانی داوە ، کە لێکچوون و خزمایەتی هەیە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئەرمەنیدا و ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی نیشانی بدەین ، کە زمانی کوردی لە ریشەدا زمانێکی ئێرانی نییە» (نامەی دوکتۆری ل ٤٠٤) .

بۆ ئێمە ئاشکرا نییە ، ادۆ مەخمودۆڤ مەبەستی ئەوە بوە بڵێ زمانی کوردی لە خێزانی زمانە ئێرانیەکانە یان نا ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە و باش رونە ، دەربارەی لێکچوون و خزمایەتی لە نێوان فۆنێتیکی زمانی کوردی و ئەرمەنیدا ، یەك وشە چییە نەی وتوە . ئەو چەند دێڕەی سەرەوە ، کە هانیومانەتەوە بە تەواوی

هەواڵنامەی کتێب

ئەم راستیەمان بۆ دەردەخات .

بە باوەڕی گ. ب. ئـاکۆپۆڤ فۆنێتیکی کوردی دوورە لــە فۆنێتیکی زمانە ئێرانیەکان ، وا دادەنێ کە فۆنێتیکی کوردی و ئەرمەنی وێکدەچن ، بە باوەڕی ئەو کورد ئێرانی نییە . جا ئــەم باوەڕانە خۆی کە هەیەتی دەیکا بە باوەڕی نادۆ مەحمودۆف .

لە لاپەڕە ٥٠٦ دا گ. ب ئاکۆپۆڤ نووسیویێتی : وشـەی کورد مانای هۆزی کـۆچەر دەبەخشێ ، کە پێـکهاتوون لە میللەتانی جیاواز . نووسەر وای نیشان داوە کە ئەم باوەڕەی لە لاپەڕە ١٠٧ ی کـتێبەکەی رەشید یاسمیەوە وەرگرتووە . گ ب. ئاکۆپۆڤ نووســیویێتی : « هەر ئەو پۆلە کـۆچەریانەن کە هەندێ جار پێیان دەڵێن کورد و هەندێ جار تورك و هەندی جار قەرەج » . « لەبــەر ئەوەشــە دەگـونجێین لەگەڵ باوەڕی رەشید یاسمیدا ، چونـکە لە وشــەی (کورد) لەسەرچاوەکاندا مەبەستیان لە میللەتیـکی خاوەن ئەتنۆگرافیا نییە ، بەڵـکو مەبەست لە هۆزە جەنـگاوەریە کـۆچەرەکانی ئێرانە » .

لێرەشدا گ. ب ئاکۆپۆڤ ئەو باوەڕی خۆی کە هەیەتی ـ واتە ئەو باوەڕەی وای دادەنـێ گوایا وشەی کورد مانایەکی ئەتنۆگرافی نییە دەیەوێ لە رێـگای نووسەرێـکی کەوە دەربڕێ . ئەو نووسەرەش رەشید یاسمیە ، کە کورد بە فارسی شاخاوی دەداتە قەڵـەم و کـە تـۆوی شۆڤێنیێتی فارسی بڵاودەکاتەوە .

گ. ب. ئاکۆپۆڤ تەنها ئەو شتانەی لە رەشــید یاسمیەوە وەرگرتوە ، کە توانیویێتی سوودی لێببینێ بۆ بیر و باوەڕە چەوتەکەی

هەواڵنامەی کتێب

خۆی . بەتایبەتی بۆ ئەوەی نیشانی بدات ، کە وشەی « کورد » مانای دانیشتوانی کۆچەری ئێران دەبەخشێ . بەڵام گ. ب. ئاکۆپۆڤ بیری نەکردۆتەوە لە شۆڤێنیێتی رەشید یاسمی و بە لای ئەوەوە گرنگ نییە بۆچی بەو جۆرە مانای وشەی « کورد »ی لێک داوەتەوە . ئێمە باش تێدەگەین کەمەبەستی رەشید یاسمی چییە ، بەڵام نازانین مەبەستی گ. ب. ئاکۆپۆڤ چییە کەدەڵێ وشەی « کورد » مانایەکی ئەتنۆگرافی نییە ؟ .

لێکۆڵینەوەی گ. ب. ئاکۆپۆڤ لە زمانی کوردی و پەیدابوونی بەرامبەر هیچ رەخنەیەك خۆی ناگرێت .

نوسەر زۆر باسی وێکچوون و پەیوەندی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی میللەتانی دراوسێدا دەکات سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەی نوسراوی ئەو نوسەرانەن ، کە شارەزای زمانی کوردی نین – واتە ئەو نوسەرانەی لە رێگای نەشارەزاییەتیانەوە لە گەلێك بەڵگە بە هەڵە دواون . گ. ب. ئاکۆپۆڤ ئەم جۆرە سەرچاوانەی بەکار هیناوە بۆ نوسینی : ویکچوونی زمانی کوردی و هیندی (ل ٤٠٩) ، لێکچوونی زمانی کوردی و ئەرمەنی (ل ٤٠٤) ، لێکچوونی زمانی عەرەبی و کوردی (ل ٧٢ – ٧٥) ، وێکچوونی زمانی جۆرجی و کوردی (٣٨٢ – ٤٠٤) ، لێکچوونی زمانی کوردی و تورکی (ل ٤٧٠ – ٤٨٠) .

لەکاتی خۆیدا ب. ف. میللیر و ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی هەندێ شتیان دەربارەی لێکچوونی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی دراوسێدا

بڵاوکردەوە . ئــەم نوسینانەیان لە ســەر بناغەیەکی تیۆری یافیتی دارشــتبو . لە بیر و باوەڕی چەوتی ئــەم زانایانە لە لایەن کوردناسەکانماوە رەخنە گیرابو . جگە لەوە ، پاش ماوەیــەك ئۆ. ل. ڤیلچێڤـکی خۆی ددانی نا بە هەڵەکانیدا و بەم بۆنەیەوە نوسیویێتی : « شکی تیدا نییە ، کە زمانی کوردی زمانێکی ئێرانییە . گەر هەندێ وشەش هەبن بە دروست بونیان ئێرانی نەبن و نیشــانی پەیوەندی بدەن لەگەڵ میللەتانی تردا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم بەڵگانە هیچ نیشانی ئەوە نادەن کە زمانی کوردی زمانێـکی ئێرانی نەبێت . هەروەها ئەمە هیچ لە زمانی کوردی کەم ناکاتەوە » .

هەرچەندە گ ب ئاکۆپۆڤ وا نیشانی دەدا کە رەخنــە دەگرێ لە تیۆری یافیتی ، بەڵام وەك دەبینین دوپاتی ئــەو بیر و باوەڕە کۆنە ، چەوتە ، لەناوبراوە دەکاتەوە کە هەبو دەربارەی میللەتی کورد و زمانەکەی .

گ. ب. ئاکۆپۆڤ دەربارەی زمانی کوردی نوسیویێتی : « زمانی کوردی — زمانێـکی ئێرانییە . شکی تیدا نییە ، لە دروست کردنی ئەم زمانەدا بەشی ئێرانی دەوری هــەرە گەورەی بینیوە . بەڵام لە زمانی کوردیدا گەلێك وشە و شێوەی وشــە هەن کە ئێرانی نین . ئەمەش نیشـانی دەدات کە میللەتانی خاوەنی ئەو وشانەش لە دروست کردنی زمانی کوردیــدا دەوریان بینیوە » (نامەی دوکتۆری ، ل ٤٠٥) .

لە بەشی یەکەمی ئەم چەند دێڕەی سەرەوەدا گ. ب. ئاکۆپۆڤ

دووبارەی ئەو باوەڕە ئاشکرایە (زمانی کورد لە خێزانی زمانە ئێرانییەکانە) دەکاتەوە ، کە لە مێژە چەسپێنراوە . دەربارەی دروست بوونی زمانی کوردی باوەڕەکەی ئۆ. ل ڤیلچێڤسکی دووپات دەکاتەوە : « لە ئەنجامدا ، لەناو جەرگەی کوردستانی ئێستادا ، لەسەرخۆ زمانی کوردی دروست بوو لە گەلێك هۆزی جیاوازی ئاژەڵدار ، کە ئێرانی بوون » . بەڵام لە بەشی دووەمی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەدا قەوانە کۆنەکەی ب. ڤ میللیر و ئــو. ل. ڤیلچێڤسکی لێ‌دەداتەوە ، کە زمانی کوردییان بە یافیتی دابووە قەڵەم .

گ. ب ئاکۆپۆڤ لایەنی تیۆری یافیتی گرتووە سەربارەت بە نەژادی کورد . بەم بۆنەیەوە نووسیویەتی : « زمانی کوردی دروست بوو لە ئەنجامی سەرکەوتنی شێوەی ئێرانی بەسەر شێوەی میللەتەکانی تردا ، کە لە زووەوە لە کوردستاندا بوون . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکانی تری ئەم ناوچەیە ئەو شتە تایبەتیەیان دا بە زمانی کوردی کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ زمانە ئێرانییەکانی تردا » (نامەی دوکتۆری ، ل ٢٩٩) .

بەم شێوەیە ، بە گوێرەی بیر و باوەڕی گ. ب. ئاکۆپۆڤ زمانی زووی کوردستان ئێرانی نەبوو ، بەڵکو لە ئەنجامی پێشکەوتندا شێوەی ئێرانی سەرکەوت . نووسەر هەتا کاتی ئەم سەرکەوتنەی شێوەی ئێرانی بەسەر دانیشتوانی زووی کوردستاندا دیار کردوە و نووسیویەتی : « لە دەوری هاخامەنشی‌دا تا دەوری ساسانییەکان دانیشتوانی کوردستان نە بە ئەتنۆگرافیا ، نە بە ئایین هێشتا شێوەی

هەواڵنامەی کتێب

ئێرانییان لەسەر نەبوو » (نامەی دوکتۆری ، ل ٢٠٦) . پاش چەند دێڕێك ، هەر لە هەمان لاپەڕەدا نووسیویەتی : « لە دەوری عەرەبدا کوردستان لە ژێر دەستی ئێراندا نەبوو . شێوەی ئێراتی وەرگرتن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست » . نووسەر بۆ چەسپاندنی ئەم باوەڕانەی هیچ بەڵگەیەکی راستی مێژوویی و زمانی نییە ..

زمانناسان و کوردناسان تایبەتێتی فۆنێتیك و گراماتیکی زمانی کوردییان روون کردۆتەوە ، کە جیاوازن لەگەڵ زمانی فارسی و زمانەکانەی تری رۆژئاوای ئێراندا . لەسەر بناغەی ئەم جیاوازییە گ. ب. ئاکۆپۆڤ ویستوویەتی نیشانی بدا ، کە زمانی کوردی لە زمانەکانی یافیتی (ئەرمەنی ، جۆرجی ...) دەکات . بۆ ئەم مەبەستە لە لاپەرە ٤٠٢ ی نووسراوەکەیدا ئەم چەند وشەیەی هێناوەتەوە :
« باف » ی کوردی و « مام » ی جۆرجی (باوك — وەرگێڕ) ؛
« دی ، دیا » ی کوردی و « دێدا » ی جۆرجی (دایك — وەرگێڕ) ؛
« ئاسن » ی کوردی و « زنیك » ی ئەرمەنی . لەم نموونانەدا گ. ب. ئاکۆپۆڤ تەماشای یەکێتی زمانی کوردی و ئەرمەنی و جۆرجی دەکات . ئاشکرایە ، ئەم نموونانە و گەلێکی تر لەم چەشنە نموونانە ناتوانن ببن بە بەڵگە بۆ نیشاندانی ئەوەی ، کە زمانی کوردی و ئەرمەنی و جۆرجی خاوەنی یەك سەرچاوە بن .

ناشارەزایی گ. ب. ئاکۆپۆڤ لە زمانی کوردیدا لەو شوێنانەشدا دەردەکەوێ کە هەوڵی داوە مانای هەندێ وشەی کوردی و ناوی هەندێ هۆزی کورد لێك بداتەوە مانای ناوی

هەندێ هۆزی کوردی لێکداوەتەوە لەسەر ئەو بناغەیەی کە لە ناو خەڵکا وتراوە . بۆ نموونە : وای داوەتە قەڵەم ، کە وشەی « هەرکی » پێکهاتووە لە « هەر » و « کی » ؛ وشەی « ئەردەڵان » پێکهاتووە لە « ئەرد » و « ئاڵان » . گ. ب. ئاکۆپۆڤ وای داوەتە قەڵەم کە وشەی « ئەردەڵان » مانای « خاکی عیلام » دەبەخشێ و وشەی « کوردەڵان » مانای « کورد و عیلام » دەبەخشێ . بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی گ. ب. ئاکۆپۆڤ وشەی « کوردەڵان » پێکهاتووە لە دوو میللەتی کۆن : کورد و عیلام . بەم بۆنەیەوە نووسەر دەڵێ : « لە دروست کردنی میللەتی کورددا ، عیلامێکان هاوبەشییان کردووە » . نووسەر لەمەدا هەڵەیە و لە وشەکانی « ئەردەڵان » و « کوردەڵان » دا کەرتی دووەمیان « ئاڵان » نییە ، بەڵکو « لان » ە ، هەروەها ئەو (ە) یەش کە لە نێوان هەردوو کەرتەکاندایە ، پیتی پەیوەندییە . « لان » بە کوردی ، واتە « هێلانە ، مەڵبەند ، جێگا . . . » ، بۆ نموونە : « بەردەڵان ، مارەڵان ، مێزەڵان . . . » . گ. ب. ئاکۆپۆڤ لە بەراوردکردنی وشەدا شارەزایی نییە و کەچی هێرشی بردۆتە سەر ئەو ئەوروپاییانەی رێزمانی کوردییان نووسیوە . ئەو نووسیویەتی : « تەنها لە سۆچێکەوە تەماشای زمانی کوردییان کردووە . تۆزێکی ماوە کە بە هەموو دەنگەکانی فۆنێتیکی زمانی کوردی بڵێین کوردی نییە و بەڵکو ئەوروپاییە » (نامەی دوکتۆری ، ل ٣٤٢ ، ٣٤٦ ـ ٣٤٧) . بۆ زمانناسان ئاشکرایە و روونە کە ئەوروپاییەکان چییان ویستووە . ویستویانە بەراوردی فۆنێتیکی زمانی کوردی لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

زمانەکانی خۆیاندا بکەن .

گەلێك جار گ. ب ئاکۆپۆڤ باسی شتێك دەکات کە بەباشی تێی نەگەیشتوە . با چاویك بخشێنین بە باسەکەیدا دەربارەی : رەگەز و رەگەزناسی ؛ ئاری و ئێرانی ؛ وشەکانی « مار ، مارد ، ماد » ... هتد .

لە لێکۆڵینەوەی جاری یەکەمی ئەم نوسراوەدا ڤ. أ. لیڤشیتس نیشانی دا ، کە گ. ب. ئاکۆپۆڤ تێ نەگەیشتوە مانای رەگەز و رەگەزناسی چییە . هەروەها منیش لایەنگیری ئەو باوەڕەی ڤ أ. لیڤشیتس دەکەم ، چونکە لەگەلێك لاپەڕەی نوسراوەکەدا ئاشکرا دیارە کە نوسەر باسی هەندێ زانیاری رەگەز دەکات ، کە لە زانستدا ئاشکرا نییە . بۆ ئەمە هەندێ زاراوەی بەکار هێناوە ، وەك دواوە دەربارەی : « رەگەزی یافیتی » (ل ٢٦٥ ، ٤١٣ ، ٤١٥) ، « رەگەزی سامی » (ل ٤١٤) ، « رەگەزی ئاری » (ل ٤١٤) ، « رەگەزی ئێرانی » (ل ٦ ٢) ، « رەگەزی عیبری » (٤١٠) ، « رەگەزی هیند و ئەوروپایی » (ل ٤١٤) ، « رەگەزی قەفقاسی » (ل ٣٨٩) .

نوسەر کە رەخنە لە تیۆری جیاواز دەگرێ دەربارەی ئەتنۆگرافیا و نەژادی کورد ، هەوڵیشی داوە خۆی ئەم مەسەلەیە خاو بکاتەوە . ئاشکرایە ، کە کوردناسان بە شێوەی جیاواز و دوور و درێژ . لەمەسەلەی نەژادی کورد دواون ، وەك لە کتێبەکەی ئەمین زەکیدا « خولاصەی تاریخی کورد و کوردستان » ؛ ڤ نیکیتین

«کورد» ؛ رەشید یاسمی «مێژووی نەژاد و پەی وەستەگی کورد» ؛ ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی «کورد».

دەتوانم بڵێم لەم کتێبانەدا بە تەواوی رەخنە گیراوە لە تیۆری جیاواز دەربارەی ئەتنۆگرافیای کورد. هەمو ئەو مەسەلانەی گ. ب. ئاکۆپۆڤ لە نوسراوەکەیدا باسی کردوون، لەو کتێبانەی کە لە سەرەوە ناومان بردن باس کراون. لێرەدا دەمانەوێ بزانین ـ ئەم نوسراوەی گ. ب. ئاکۆپۆڤ چ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ ئەو کتێبانەی ناومان بردن؟.

بەداخەوە، ددانی پێدا دەنێین، کە لە لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلانەدا گ. ب. ئاکۆپۆڤ ئەم زانیارییەی بەرەو پێشەوە نەبردوە. ئەو ئەنجامانەی ئەو گەیشتویەتێ هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ ئەوانەی کە لە پێش ئەودا گەیشتوینەتێ.

بەشی زۆری ئەم نوسراوە بریتییە لە گێڕانەوەی بیر و باوەڕی گەلێك لە زانایان، کە دەربارەی ئەتنۆگرافیای کورد نوسیویانە. بەراوردی بیر و باوەڕی شارەزایان و نەشارەزایان دەکات. لە ڕێگای ئەو باوەڕە چەوتەی هەیەتی و کە کورد بە ئێرانی نازانێ، ئەنجامێکی لاواز و دوور لە زانست.

رەخنەی گرتوە لە ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی، کە لە بیر و باوەڕی یافیتی خۆی وازی هێناوە. لە لاپەڕەکانی ٢٧٢ ـ ٣٨٥دا دەربارەی ئەو تیۆرییە دواوە، کە نەژادی کورد بە کاردوخ دەزمێرێ گ. ب. ئاکۆپۆڤ نوسیوێتی: «بۆ یەکەم جار لە زانستدا ن. یا. مارر

هەواڵنامەی کتێب

لە مەسەلەی پەیوەندیی کورد و کاردوخ کۆڵیوەتەوە » . بەڵام لە لاپەڕە ۱٤۰۱ دا ئەمەمان بەرچاو دەکەوێ : « بیر و باوەڕی چەوت کە هەیە دەربارەی تیۆری یافیتیی لە نەژادی کورددا لەبەر ئەویە ، چونکە هەندێك ناتەواوی هەیە لە تیۆری یافیتیدا » . (چییە نوسەر دەیەوێ تیۆری یافیتیی جیا بکاتەوە لەگەڵ ن. یا. ماردا ؟) .

بیر و باوەڕەکانی گ. ب. ئاکۆپۆڤ دەربارەی پەیوەندیی عەرەب و کورد ، تورك و کورد . هەروەها دەوری عەرەب و تورك لە دروستکردنی میللەتی کورددا لەگەڵ یەك ناگونجێن . گ. ب. ئاکۆپۆڤ دەڵێ : « سۆآیین کە نوسیویێتی — تاسیری ئەدەبی عەرەبیی هەیە لەسەر ئەدەبی کوردیی ، لە بیری چووە چۆن بەرگی کوردیی دەکەنە بەر شێوەی عەرەبیی . راستە تاسیری زمانی عەرەبیی لەسەر زمانی کوردیی هەیە و ئەمە بێ شکە » (نامەی دوکتۆری ، ل ۷۲) . کەچی هەر ئەمەی لە لاپەرە ۷۵ دا بە شێوەیەکی تر وەرچەرخاندوە : « شتێکی سەیر نییە کە فۆتێنیك ، وە بەگشتیی بەراوردکردنی زمانی عەرەبیی و کوردیی هیچ بەڵگەو نیشانەیەك نادەن بۆ دەوری عەرەب لە دروستکردنی میللەتی کورددا » (نامەی دوکتۆری ، ل ۷٦ — ۷۸) . هەروەها لە کوتایی لێکۆڵینەوەکەیدا ، واتە لە ئەنجامدا هەر ئەم باسە بە شێوەیەکی تر وەردەچەرخێنێ و نوسیویێتی : « لە دروست بونی میللەتی کورددا میللەتانی جیاواز هاوبەشییان کردوە و یەکێك لەو میللەتانە عەرەبە » (نامەی دوکتۆری ، ل ٥٥۰ ؛ کورتەی نامەی دوکتۆری ، ل ٥۲) .

هەر بەم شێوەیەش دژی ئەو تیۆرییە وەستاوە ، کە دەڵێ لە دروست بوونی میللەتی کورددا ، تورك هاوبەشتی کردووە (ل ٤٥٤ — ٤٨٠) . کەچی لە شوێنێکی تردا لایەنگیری ئەم تیۆرییە دەکات . لەم بارەیەوە نووسیویێتی : لە دروست بوونی میللەتی کورددا تورك هاوبەشتی کردووە (نامەی دوکتۆری ، ل ٥٥٠ ، کورتەی نامەی دوکتۆری ، ل ٥٢) .

لە باسی ئەفسانە و سەرگوزشتەی میللەتانی رۆژهەڵاتدا گ. ب. ئاکۆپۆڤ نووسیویێتی : « نە لە ئەفسانەکانی ئاویستادا ، نە لە ئەفسانەکانی تەوراتدا باسی کورد نەکراوە . ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە لە کاتی نووسینی ئاویستا و تەوراتدا کورد ، وەك میللەتێك هێشتا دروست نەبووبوو » (نامەی دوکتۆری ، ل ٢١ — ٥٩) ئێمە لەگەڵ ئەو باوەڕە ساکارەی نووسەردا رێك ناکەوین . یەکەم — لەبەر ئەوەی نە ئاوێستا ، نە تەورات ئینسکلۆپیدیای میللەتانی سەرزەمین نەبوون . هیچ یەکێك لەم سەرچاوانە باسی تێکڕای میللەتانی جیهانیان نەکردوە . دووەم — وەك ئاشکرایە ، ئاوێستا لە رۆژهەڵاتی ئێراندا پەیدا بووە ، لەبەر ئەوە سەیر نییە گەر باسی کوردی تێدا نەبێ . وەك ئاشکراشە ، لە ئاویستادا باسی دوژمنایەتی دوو کۆمەڵ هەیە : تۆرانییەکان و ئێرانییەکان لێرەدا باسی تاجیك و ئەفغان و تورك و کازاخ و ئوزبێك نەکراوە . بەم جۆرە ، بەگوێرەی باوەڕی گ. ب. ئاکۆپۆڤ بێت ، ئەوە دەبێ بڵێین ، کە لەو دەمەدا ئەم میللەتانەش هێشتا نەبوون . ئایا دەتوانین وا بڵێین ؟ — نەخێر ، بەڵکو پێویستە

هەواڵنامەی کتێب

ئەوە لە بیر نەکەین کە تۆرانییەکان – مانای گروپێك لە میللەتانی خاوەن زمانی تورکی ، کە خاوەنی لێك چوونن لە مێژوو و ئەتنۆگرافیادا . ئێرانییەکان – واتە گروپێك لە هۆزەکانی خاوەن زمانی ئێرانی ، کە وێکچوونیان هەیە لە مێژوو و ئەتنۆگرافیادا . هەرچەندە یەکێتی هەبووە لە نێوانیاندا ، بەڵام لە شێوەی هۆزی جیاوازدا بوون ، کە لەسەرخۆ وەك میللەتانی سەربەخۆ جیا بوونەوە .

کاتی گ. ب. ئاکۆپۆڤ لە نووسراوەکەیدا دەڵێ : لە دەوری ئاوێستادا کورد نەبووە ، ئەو خۆی دژی خۆی وەستاوە کە لە وتاری « چەند باوەڕێك دەربارەی نەژادی کورد لە ئەفسانەکانی ئێرانی کۆندا » گ. ب. ئاکۆپۆڤ نووسیویەتی : « لە دەوری دابەش بوونی میللەتاندا بەسەر کۆچەرانی ئاژەڵدار و ڕەشماڵنشینی زەوی داردا کورد لە میللەتانی دەوروپشتی جیا بووەوە و بوو بە میللەتێکی سەربەخۆ . ئاوێستا سەرەتای ئەم گۆڕانە دەگەڕێنێتەوە بۆ چاخی شا هۆشەنگ ، لەکاتێکدا کە زوربەی خەڵکی وازییان لە ژیانی کۆچەرێتی هێنا . ئەوان (کوردەکان – ق کوردۆ) لەسەر ژیانی کۆچەرێتی و ئاژەڵدارێتی مانەوە »[۲] .

ئەوچەند دێڕەی سەرەوە ، کە لە وتاری ناوبراودا گ. ب. ئاکۆپۆڤ نووسیویەتی ، بە هیچ جۆرێك ناگونجێ لەگەڵ نامەی

---

(۲) گ. ب. ئاکۆپۆڤ ، چەند باوەڕێك دەربارەی نەژادی کورد لە ئەفسانەکانی ئێراندا ، « کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی » ، بەرگ ۱۱ ، یەریڤان ۱۹٦٤ ، ل ۲۳۱ .

دوکتۆرێکەیدا ، کە نوسیوێتی : کورد جیابوەوە و بو بە میللەتێکی سەربەخۆ لە چاخی پەیدابونی عەرەب لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا . (کورتەی نامەی دوکتۆری ، ل ٦٠) .

لە بیر و باوەڕەکانی گ. ب ئاکۆپۆڤدا دەربارەی نەژادی کورد ، جیاوازی و نەگونجان لەگەڵ یەکتر زۆرە . لە زۆر شوێنی نوسراوەکەیدا ئەمە بەرچاو دەکەوێ .

ئەوەی زۆر بێ بنچینە و زۆر ساکار بێ لە نوسراوەکەی گ. ب. ئاکۆپۆڤدا ، ئەوەیە کە ویستویەتی خۆی مەسەلەی نەژادی کورد ئاشکرا بکات . بەڵام بەداخەوە لەباتی رونکردنەوەی مەسەلەی نەژادی کورد ، هاتووە باسی دروست بونی میللەتی کوردی کردوە لەگەڵ ئەو دەورانەی کە پیایدا تێپەڕبووە .

گ. ب ئاکۆپۆڤ نوسیوێتی : «بونی دانیشتوانی کوردستان بە میللەتێك ، لەژێر سێبەری «کورد»دا ، بو بە هۆی ئەوەی لە سەدەی ٧ دا ناوەکەیان «کورد» بچێتە ریزی «فارس» و «عەرەب»ەوە» (کورتەی نامەی دوکتۆری ، ل ٦٠) . لە نوسراوەکەیدا بەتەواوی لەسەر ئەم باوەڕە سورە کە دەڵێ : دوان لە کورد لە دەوری پەیدابونی عەرەب لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەستی پێکردوە و بەمەدا دەردەکەوێ کە کورد ، وەك میللەتێك دروست بو لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا .

ئەوەی ناتەواوی و بێمانایی لێکۆڵینەوەکەی گ. ب. ئاکۆپۆڤ بێت ، ئەوەیە کە مەسەلەی نەژادی کوردی بۆ رون

نەکراوەتەوە و بەرەو پێشەوەی نەبردووە ، بەڵکو چۆن بووە هەر بەو شێوەیە لە جێگای خۆی ماوەتەوە لەو باوەڕەداین ، کە نووسەر خۆشی هەستی بەمە کردووە . لە لاپەڕەی ٦٠ی کورتەی نامەی دوکتۆرێکەیدا نووسیوێتی : « بوونی کورد بە میللەتێك ڕوویداوە لەدەمی دەرەبەگایەتی کوردستاندا » .

لەبەر ئەوەی ، هەر لە شوێنێکدا بە جۆرێکی جیاواز باسی دەکا کە ناکونجێ لەگەڵ باسی شوێنێکی تریدا . بەو بۆنەیەوە دەمانەوێ لە گ ب ئاکۆپۆف پرسیار کەین : کەی کورد وەك میللەتێك پەیدابوو ؟

لە دەوری پەیدابوونی عەرەب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ؟ لەدەمی دەرەبەگایەتی کوردستاندا ؟ یاخود لە دەوری دابەش بوونی میللەتاندا بەسەر کوچەرانی ئێژەڵدار و ڕەشماڵنشینی زەوی داراندا ؟ .

ئنجا دێینە سەر ئەو ئەنجامانەی نووسەر گەیشتوبەتی لە نووسەراوەکەیدا . لە کۆتایی لێکوڵینەوەکەیدا گ. ب. ئاکۆپۆف نووسیوێتی : « لە دروست بوونی میللەتی کورددا ، جگە لە ڕەگەزی کورد و باو و باپیری کورد ، ڕەگەزی سامی و هیند و ئەوروپایی و تورکی و . . . هتد دەورێکی گەورەیان بینیوە و هاوبەشییان کردوە . بەمەدا دەرکەوتووە کە کورد لە گەلێك ڕەگەزی جیاواز پەیدابووە و ئەمەش لە نووسراوەکانی مێژوناسانی ئەم سەدەیە و مێژوناسانی کورددا چەسپێنراوە . هەروەها ئەم ڕاستیە لە ڕێگای بەڵگەی زمانی و ئەتنۆگرافییەوە باش ئاشکرا بووە . لەبەر ئەوەی

هەواڵنامەی کتێب

میللەتی کورد لە گەلێـك رەگەزی جیاواز پێکهـاتووە ، دیارە کە میللەتێـکی رەسەن نییە ، بەڵکو دروست بووە ... » (کورتەی نامەی دوکتۆری ، ل ٥٢) . ئەمـە ئەنجامی ئەو باسـەیەتی ، کە لە لاپەڕەکانی ٥٣٠ ـ ٥٥٠ ی نـامەی دوکتۆرێکەیدا ، بە شـێوەیەکی بێشەرمانە لێـی کۆڵیوەتەوە .

گ. ب. ئاکۆپۆڤ وای نیشان دەدا ، کە دژی ئەو تیۆرییـە چەوتە ، نازاستە دوور لە زانستییانەیە ، بەلام لە راستییدا وا نییە و لایەگیری ئەو باوەڕانە دەکات ، کە دەڵێ : لـــە پەیدابونی میللەتی کورددا ، میللەتی عەرەب و تورك و فارس .... هتد هاوبەشییان کردوە ، ئەوە رێگا تەخت دەکا بۆ شۆڤێنێتی ئەمڕۆی فارس و تورك ، بۆ سەرۆکەکانیان بۆ تواندنەوەی میللەتی کورد .

گ. ب. ئاکۆپۆڤ کە دەڵێ : « کورد نەوەی میللەتێك نییە » و بەڵکو « لە میللەتانی جیاواز پەیدابووە » ئەوە ئاگری ئەو شۆڤێنییە تورك و فارس و عەرەبانـــە خۆش دەکات ، کە کورد بەنەتەوەیەکی رەسەن و سەربەخۆ و خاوەن مێژوو و کولتـور و زمانی نەتەوایەتی خۆی دانانین .

ئەم تیۆرییەی : « میللەتێك خاوەنی چەند رەگەزێك بێت » ، کە گ. ب. ئاکۆپۆڤ ویستویەتی بەسەر کورددا ساغی کاتەوە دەبێ بە چەکێك بە دەســـتی ئەو قەومییە شـۆڤێنییانەوە ، کە کورد بە میللەتێکی رەسـەن نازمێرن . بەلام بۆ مارکسێـکان و دیموکراتێـکان چەکێکە لە رێگای یەکسانی میللەتانی گەورە و بچوکدا . پارەتی

دەدات بۆ چەسپاندنی زمانی نەتەوایەتی و مێژوو و کولتوری هەر میللەتێك بە جیاواز .

بۆ ئەرمەنی و ئازربایجانی و میللەتانی تری یەکێتی سۆڤێت هیچ مەترسییەك نییە لەم تیۆرییە و هیچ زیانێك نادات لە سەربەخۆییان و جیاوازییان . لەم میللەتانە هیچ زیانێك ناکەوێ گەر خەیاڵ خاوێك بنوسێت ئەم میللەتانە پەیدابوون لە میللەتانی جیاواز ، یاخود لە شەیتان . ئەم میللەتانە سەربەست و ئازاد بوون ، خاوەنی فەرمانڕەوایی سەربەخۆی خۆیانن . بەڵام کورد لە خەباتی ژیان و نەمان دایە ، لە مەترسی لە ناوچون و تواندنەوەدایە ....

پشتگیری ئەو تیۆرییە کە « کورد بە میللەتێکی ڕەسەن دانانی » ئەوە مانای ئەوەیە لایەنگیری ئەو مێژوو نوسانە دەکیرێ ، کە مێژووی کوردیان شێواندووە ، ئەمەش مانای ئەوەیە هانی سیاسەتی تورکیا و ئێران دەدرێ بۆ لە ناوبردنی میللەتی کورد .

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم : نوسراوەکەی گ ب ئاکۆپۆف « ڕەخنەی مێژوویی لە مەسەلەی نەژادی کورددا » ، لە شێوەی نامەی دوکتۆریدا نییە و بۆ وەرگرتنی شەهادەی دوکتۆری ناشێت .

* * * *

ناوەرۆك

پێشەکی ٣

شێواندنی مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بۆرجوازی فارسدا ... ٣٤

رەخنە لە بیر و باوەڕی هەڵە لە بارەی زمانی کوردییەوە ٦٩

شیکردنەوەی بەڵگەکانی گزنەفۆن دەربارەی کاردوخەکان ١٠٦

چەند تێبینییەك لەسەر کتێبەکەی ڤیلچێڤسکی ١٢١

سەرنجێك لە نوسراوەکەی ئاکۆپۆڤ «رەخنەی مێژوویی لە
مەسەلەی نەژادی کورددا» ١٤٢

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

له كتێبخانه نیشـــتمانیدا

ژماره ٤٠٤ي ســـاڵي ١٩٧٤ی دراوه‌تێ